فۆتۆ: حەمە عومەر












فۆتۆ: ئاژانسی Metrograrhy

گوڵان

# ئاڵا

٧

ژمارە (٨٥١) ■ ١٧/١٠/٢٠١١

سیاسی



فەلەکەدین کاکەیی

ئاڵا، هێمای هەر نیشــتمان و هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەکە.

تەنانــەت تیپــی وەرزشــی و یانەکانیش ئــاڵای خۆیان هەیە، لە جیهانی سیاســەتدا ئاڵا ســومبولی ســەروەری و ســەربەخۆییە هەرچەندە وڵاتەکەش ســەربەخۆ نەبێت بەڵام هەڵکردنی ئاڵا بەمانای ئاواتی سەربەخۆیی و سەربەستییە.

لە ســەردانێکدا بــۆ وڵاتی کەنــەدا، لە جێگە گشــتییەکاندا ئاڵای کەنەدامان دەدی و، لە تەنیشــتەوە ئاڵای هەرێمی (کیوبك) ی فەرەنسی زمان.

واتــە، هەرێمەکــە تەنیــا لەبــەر زمانی جیاوازی خەڵکەکەی، فیدرالیزمی داواکردووە، لە کاتێکدا کوردستان نیشــتمانێکی ئێجگار جیاوازە لە دەوروبەری، چونکە دانیشــتووانی کوردستان، زمان و مێژوو و کەلتوور و هونەر و جلوبەرگ و ئەرز و دابونەریتی تەواو جیاوازی خۆی هەیە.

لە عێراقدا میللەتی عەرەب، بە ئایینزاکانیەوە،

## لەعێراقدا میللەتی عەرەب، بە ئایینزاکانیەوە، هێشتا تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و نەتەوەیی گەلی کوردستانی، بە تەواوی قبوڵ نەکردووە

هێشتا تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و نەتەوەیی گەلی کوردســتانی، بە تەواوی قبوڵنەکردووە.

ئەوەتا هەرچەندە دەستووری عێراق دان دەنێ بە کەیانی فیدرالی کوردســتانا بەڵام عێراق وەکو دەوڵەتێك هێشــتا نەبووە بــە فیدرالیزم، بەڵکو دەسەکوتی داخوازی دانیشتوانانی بەسەرو ئەنبار(رەمــادی) و پارێزگاکانــی دیکەش دەکەن، کە بە پێی مافی دەستووری دەیانەوێ هەرێمی فیدرالی خۆیان دابمەزرێنن.

واتە : هێشتا پایە و بناغەی دیموکراتیانەی دەوڵەتی عێراق ســست و لاوازە، بەڵکو لەسەر بنەما و ســتراتیجی دەوڵەتی عێراقی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەڕۆن.

ئەو بنەمایە دەوڵەتی ئینگلیز بەشــێوەیەك دایرشــتووە کە هەرێمی کوردســتان هەر بە عێراقــەوە بلکێــت، ئەگەریــش ئۆتۆنۆمی وەرگرت ئەوە لاواز و بێدەســەڵات و تەســك- ســنوور دەبێ، واتە: کەرکــوك و خانەقین و شنگال و جێگەی هەرە ســتراتیجی دیکەی لە ناوەڕۆکــی هەرێمی کوردســتان دابڕیوە،

## ساڵی ١٩٧٣ ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق دەستی کرد بە قەدەغەکردنی خوێندنی کوردی لە خانەقین و دەزگاو ڕێکخراوە کوردستانیەکانی هەڵوەشاندەوە. بۆیە کرژوکاڵی نێوان حکومەتی سەدام حسێن و شۆڕشی ئەیلول لە شاری خانەقینەوە تەقییەوە

ســاڵی ١٩٧٣ کرژوکاڵی نێــوان حکومەتی ســەدام حسێن و شۆڕشــی ئەیلول لە شاری خانەقینەوە تەقیەوە، ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق لەسەرانسەری کوردســتاندا کێشە و گرفت و تەنگو چەڵەمەی خوڵقاندبوو، بەڵام لە کۆتایی ١٩٧٣ وە، هەموو کرژوکاڵییەکان لە خانەقین دەرکەوتن، ڕژێم دەستی کرد بە قەدەغەکردنی خوێندنــی کــوردی لە خانەقیــن و دەزگا و ڕێکخراوە کوردستانیەکانی هەڵوەشاندەوە.

ئەمڕۆ (٢٠١١) وەکو بڵێی ساڵی ١٩٧٣ یە، کە هەمان(دەوڵەتــی عێراق)ـە لە خانەقینەوە شەڕ و قەیران دەوروژێنێ.

تکایە وردبینەوە لە واژەی (دەوڵەتی عێراق)، چونکە من باسی حکومەت و ڕژێمی سیاسی ئێســتای عێراق ناکەم، کــە گوایە کوردیش بەشداریەتی و پێکهاتەیەکی سەرەکییەتی.

ڕژێمی سیاسی دەگۆڕێت.

حکومەتەکانیش دەگۆڕێن.

واتە: نە سیاستی ڕژێمەکان سەقامگیرن، نــەش بەرنامەی حکومەتــەکان، بەڵام پایەو بنەمایەکی دیکە لەپشــتی ڕژێم و حکومەت هەیــە ئەویش(دەوڵەتە) کە لــە هەر وڵاتێکدا لەسەر ستراتیژی تایبەتی خۆی دادەمەزرێ، چ ئاشکرابێت یا نهێنی.

جا ڕژێمــە سیاســیەکە هەرچــی بێ و حکومەتەکە ســەر بە هەر حــزب و بیرێکی سیاســی بێت، ئەوا هەنــدێ بنەماو خاڵ و ئامانجی گشتی دەوڵەت هەن، کە هەر ڕژێمێك و حکومەتێك بێنە سەرکار، ئەوە هەر پابەندی دەبن و لێی لانادەن.

سیاســەتی ئەمــڕۆی حکومەتی نووری مالکــی بــۆ دابەزاندنی ئاڵای کوردســتان لە خانەقیــن و دەوربەری، تەنیا سیاســەتی حکومەتەکــە نییــە، بەڵکــو جێبەجێکردنی ســتراتیجی دەوڵەتــی عێراقە، کــە هەروەك خۆی مــاوە، هەر چەندە کودەتــا و ڕاپەڕین و گۆڕانکاریــی سیاســی بەســەر عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووە، ئەوە ستراتیژ و ئامانجەکانی دەوڵەتی عێراق نەگۆڕاون.

دەتوانیــن بڵێین کــە وەرگرتنــی مافی فیدرالیزمی کوردستانیش لەچوارچێوەی ئەو ستراتیجیە تێنەپەڕیوە، هەر بۆیەش حکومەتی مالکــی ناوچــەی خانەقین بە بەشــێکی هەرێمی کوردســتان نازانێت و دەیەوێ ئاڵای کوردســتانی تیا دابەزێنرێت، ڕەنگە سبەینێ داوابکات لە کەرکوك و مەخمور و جێگەکانی دیکەش ئاڵای کوردستان هەڵنەدرێت، ئەگەر برێــك وردتری بۆ بچین دەڵێین کە ئەم داوایە جۆرە شــەڕخوازییەکە و، وروژاندنی جەنگ و توندوتیژییــە، دەیانەوێ گەلی کوردســتان بۆ مەیدانی شــەڕ ڕابکێشن، ئەوەش ئاسانە، چونکە گریمان سوپای هێزەکانی عێراق هاتن بەزۆر ئاڵای کوردســتان لــە هەندێ ناحیە و قــەزا دابەزێنن، ئــەوا حکومەتی هەرێم، و گشت گەلی کوردستان، دەکەوێتە دوو ڕێیانی دژوار، هەڵبژاردنی هەر ڕێگایەکی زەحمەت و ســەختە.. واتە: لە حاڵەتی بەزۆر دابەزاندنی ئــاڵای کوردســتان لەهەر ناوچەیــەك وەکو خانەقین، یا گەلی کوردستان تووشی جەنگ دەبێت بۆ بەرگری بە بڵند مانەوەی ئاڵاکەی، یا بێدەنگ دەبێ تا تووشی شەڕ نەبێ، هەردوو ڕێگا ناخۆش و ئاڵۆزن، بێدەنگی لەم حاڵەتەدا نوشوســتیی بزووتنەوە و ئامانجەکانی کوردە، شــەڕیش زەحمەتە، چ لەبەر باری نێودەوڵەتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناقین، یا لەبەر ئەوەی کە شەڕ هەڕەشە لە دەسکەوتەکانی کوردستان دەکات.

ڕژێمی بەعسی ســەدام حوسێن بە هەمان شێوە چ لە خانەقین، یا لە کەرکوك و پرۆژەی ئۆتۆنۆمیدا، شۆڕشی ئەیلول (واتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان)، ڕاکێشایە جەنگێکی خوێناوی و ســەخت، کە بەو بیانووەوە سەدام لەگەڵ شای ئێران ســاڵی ١٩٧٥ ڕێککەوت ئەویش لەسەر پێستی کوردی بەشخوراو.

ئــەز ناڵێم کە حکومەتی ئێســتای عێراق هەمان تواناو هەلومەرجی ڕژێمی ســەدامی هەیە، بەڵام لــە جەوهەردا بەهەمان ڕێچکەدا دەڕوا بۆ وروژاندنی کۆســپ و شــەڕ و زیان لە پێش بزووتنەوەی کوردســتاندا، کە هەرێمی

## سیاسەتی ئەمڕۆی حکومەتی نووری مالکی بۆ دابەزاندنی ئاڵای کوردستان لە خانەقین و دەوروبەری، تەنیا سیاسەتی حکومەتەکە نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی ستراتیجی دەوڵەتی عێراقە، کە هەروەك خۆی ماوە

**ئێمە لە کوردستان ئەوەندەمان پێدەکرێت هۆشیارو دیارو چاوکراوە چاودێری ڕووداوە تێکچرژاوەکانی ڕۆژهەڵات بکەین، بە هیچ ڕووداوێك دڵخۆش نەبین، بەڵام هەر ڕووداوێکی گرنگ بە جیدی وەربگرین**

ئەمڕۆ تەنیا ئەنجامی هەموو قوربانییەکانە، دەشتوانین سیاسەتی حکومەتی مالکی دەربارەی ئاڵا لە خانەقین بخەینە چوارچێوەی ستراتیجی گشتی دەوڵەتی عێراق کە ڕێگە گرتنە لە پێشکەوتنی گەلی کوردستان و هەرێمەکەی، ئەو ستراتیجە لەو کێشانەدا دیارە کە ئەو(واتە حکومەتی عێراق) نایەوێ چارەسەری بکات بەڵکو دەستووریش پێشێل دەکات و کورد بەدەمەوە دەگرێت و چاوەڕوانی دەرفەتی لە بارترە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی ئەسڵی دەوڵەتی عێراق کە ١٩٢١ دایانمەزراندوە.

هەموو لایەکیش دەزانن کە حکومەتی ئێستای بەغدا خۆی دەدزێتەوە لە چارەسەری ماددەی ١٤٠ و کێشەی دەرهێنانی نەوت و گازی کوردستان و، بودجە و پێشمەرگە و پەراوێزکردنی نوێنەرانی کورد لە حکومەتی فیدراڵیدا و چەندین کێشەی دیکە، بەڵام پرسیارێکی دیکەش لە ئارادایە کە بۆچی ئا لەم بارودۆخەدا حکومەتی بەغدا بە جەلەولاو سەعدیە، ئەمجا لە خانەقین کێشە بۆ کورد دەنێتەوە؟

ئایا ئەمە هاوکاریی(سێ قۆڵی) نییە دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد؟

چونکە ئا لەم سات و کاتەدا دەوڵەتی تورکیا لە باکوورەوە فشاری هێناوەتە سەر هەرێم و دەوڵەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە.. ئێتر بۆچی کردەوەکانی حکومەتی بەغدا بە(فشار لە باشوورەوە) لە قەڵەم نەدەین.

دیارە هەقمانە وەها بۆی بچین و ئەم بیرکردنەوە لە خۆڕا نەهاتووە، ئەگەر وردبینەوە من ناوی( دەوڵەت)ی تورکیا و ئێرانم هێناوە. کە مەبەستم ئەوە ئەو دەوڵەتانەش لەسەر ستراتیجی کۆنی خۆیان بەرامبەر بە مەسەلەی گشتی کوردستان دەڕۆن، کەواتە سیاسەتەکە نێودەوڵەتییە، خۆ ئاشکرایە هەر لە ڕێککەوتننامەی(سەعد ئاباد)ەوە، ساڵی ١٩٣٧ دەوڵەتەکانی عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا و چەند دەوڵەتی زلهێز ستراتیجی گەمارۆدان و خنکاندنی هەر پێشکەوتنێکی مەسەلە و بزووتنەوەی کوردستانیان داوە.

نابێت هیچ کاتێك ئەو حەقیقەتە لە یاد بکەین، گەرنا دەکەوینەوە هەڵە و قۆرتی دژوارتر.

کوردستان لە ١٩١٨ەوە، بەپێی ڕێککەوتنی(سایکس بیکۆ) بە جۆرێك دابەشکراوە کە هیچ بەشێکی لەو وڵاتەدا ئەوەندە قورسایی و ڕێژەی نەبێ تا بتوانێ کاریگەری یەکلاکەرەوە سەر وڵاتەکە، لە هەر چوار وڵاتەکەدا کورد کەمینەیەو ئابوورییەکی لاوازی هەیە، هەمیشەش بە دەستی دەوڵەتی باڵادەستی ئەو وڵاتانەیە، ئەوەتا ئێستا دەیانەوێ(ئازادیی بەکارهێنانی ئاسمانی کوردستانیش) لێمان وەربگرنەوە بە بیانووی ئەوەی کە ئاسمان مەسەلەیەکی(سەروەریە و دەبێ بەدەستی دەوڵەت بێت.

ساڵی ١٩٧٣ ئەز لە ڕۆژنامەی(ئەلتەئاخی) بووم لە بەغداوە لە نزیکەوە بەدوای کێشەی خوێندنی کوردی لە خانەقیندا دەچووین، کە چۆن ڕژێمی بەعس هەر جارێك شتێکی لێ دەقرتاند تا هەڵیوەشاندەوە، ئەوەش بەو مانایە بوو کە سەدام حوسێن ئامادەیی کردبوو تا قەزای خانەقین نەخرێتە سەر هەرێمی (ئۆتۆنۆمی)، ئەو ستراتیجییەی کە هێشتا بەردەوامە.

بە واتایەکی دیکە، داوای حکومەتی ئێستای بەغدا بۆ دابەزاندنی ئاڵای کوردستان لە خانەقین مانای ئەوە دەدات کە نایەوێ ئەم قەزایە بخرێتە سەر هەرێمی فیدراڵی کوردستان، واتە: نایەوێ ماددەی(١٤٠) جێبەجێ ببێ، دەبا لێی تێبگەین، حکومەتی بەغدا درێژە بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەدات تەنیا بۆ سەرگەرمی و بە هەدەردان.

هەرچەندە مومکینیشەو ئەنجامی بازییە سیاسییەکە پێچەوانەی خواست و ستراتیجی ئەو بگەڕێتەوە، چونکە کێشەی ئەساسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا یەکلانەبووەتەوە، بە ئاسانی ساغ نابێتەوە. ئەوەتا نوری مالکی، بەخۆی، لە لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) مەترسی دەردەبڕێ لەوەی کە ئاڵۆزیی وڵاتانی دەوروبەر ببێتە هۆی(سایکس بیکۆ) یەکێ دیکەو پارچە پارچە بوونی چەندین وڵات بۆ هەرێم و بەشی جیاواز.

**بۆچی ئا لەم بارودۆخەدا حکومەتی بەغدا بە جەلەولاو سەعدیە، ئەمجا لە خانەقین کێشە بۆ کورد دەنێتەوە؟ ئایا ئەمە هاوکاریی(سێ قۆڵی) نییە دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد؟**

دیارە حکومەتی مالکی(بەرەو پێش هەڵدێ) ئەوەتا داوا دەکات سوپای عێراق بچێتە سنوورەکانی کوردستان بۆ لێدان و دەرکردنی هێزی پەکەکەو پژاك، بەرپرسانی هەرێم ئەوەشیان بە فشارێکی دیکەی بەغدا بۆ سەر هەرێم وەرگرتووە هەرچی بێت. ئەوە ڕەوڕەوەی ڕووداو و سیاسەتەکان خێرا بەرەو ئەنجامێکی نادیار دەڕۆن، ئا لەم بارودۆخەشدا حکومەتی ئەمەریکا هەندێ دەزگای دەوڵەتی ئێران تۆمەتبار کردووە بەوە کە ویستویانە باڵیۆزی وڵاتی سعودیە لە واشنتۆن تیرۆر بکەن و باڵیۆزخانەی سعودیە و ئیسرائیل بتەقێننەوە، حکومەتی سعودیە کێشەکەی بە جیدی وەرگرتووە قەیرانی کۆنی نێوان سعودیە و ئێران تازە بووەتەوە، هەروەها ئەمەریکا و هاوپەیمانانی خەریکی بڕیار وەرگرتنی تازەن بۆ گەمارۆدانی ئێران.

**ئەم داوا سیاسییەی دابەزاندنی ئاڵا جۆرە شەڕخوازییەکە و، وروژاندنی جەنگ و توندوتیژییە، دەیانەوێ گەلی کوردستان بۆ مەیدانی شەڕ ڕابکێشن**

سەیریش ئەوەیە، کە یەك دوو هەفتە بەر لە ئێستا، دەوڵەتی ئێران گەفی لە حکومەتی تورکیا کردو داوای کرد سیاسەتی بەرامبەر سووریا بگۆڕێت، چونکە دیارە کە حکومەتی ئوردۆغان دەستی لە ڕژێمی سوریا شوشتووە.

ئایا گەمەیەکی دیکەی گەمارۆدانی ئێران و هاوپەیمانانی دەبینین، کە لە ئەنجامدا حکومەتی بەغداش دەگرێتەوە؟ یا گەمەیەکی نێودەوڵەتی بۆ مەرامی شاراوەی دوورتر؟


ئێمە لە کوردستان ئەوەندەمان پێدەکرێت هۆشیارو دیار و چاوکراوە چاودێری ڕووداوە تێکچرژاوەکانی ڕۆژهەڵات بکەین، بە هیچ ڕووداوێك دڵخۆش نەبین، بەڵام هەر ڕووداوێکی گرنگ بە جیدی وەربگرین، چونکە گشت جموجووڵ و هەڵسوکەوت و گۆڕانکارییەکان، دوور یا نزیك، ئێمەش دەگرنەوە و پەیوەندییان بە ئاڵا و ئامانجە ستراتیجییەکانەوە هەیە.

کەواتە: هەڕەشە زیادن، مەترسیش زۆرن، بەرامبەر بەوەش ئومێد و ئەگەری پێشکەوتنی تازەش کەم نین.



# ڕاگرتنی باڵانس لەنێوان توخمەکانی دیموکراتیدا

# هاریکاریی لەچوارچێوەی یاساو ململانێ لەسەر جیاوازییەکان



((دەبێت لەسەرەتاوە توخمەکانی دیموکراتی پێکەوە هەماهەنگ و هاریکاربن، لەو ڕووەوە هەموو توخمەکان بەپێی یاسا ڕەفتار بکەن، بەڵام دەبێت لەسەر چەند مەسەلەیەکی ڕاستەقینەو چەند جیاوازییەکی ڕاستەقینە ململانێش لەنێوانیاندا هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو باوەڕەیان لا دروست بێت کە ئیختیاری سیاسییان هەیە. بەڕای من جیاوازییەکی گەورە لەنێوان حکومڕانی دیموکراتی و حکومڕانی باشدا نییە، لەبەرئەوەی ئێمە وەک پڕۆسەیەکی تەکنیکی و ئیداری سەیری حکومڕانی باش دەکەین و مەبەستمانە دەزگای بیرۆکراسی سەرکەوتوو بێت. بۆ ئەمەش چەندین فیکرو بۆچوونی جیاواز لەبارەی حکومڕانی باشەوە گریمانەی ئەوە دەکەن، کە دەبێت پڕۆسە سیاسییەکە کاریگەرییەکەی لەدەرەوەی پڕۆسەی حکومڕانێتییەوە هەبێت. لەهەمانکاتدا دەبێت یەکێتیەکی نزیکتر لەنێوان حکومەت و سیاسەتدا هەبێت، لەبەرئەوەی سیاسەت بەبێ حکومەتی کارا پشێوی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، حکومەتیش بە بێ سیاسەت نابەرپرس و نادیموکراتی دەبێت. بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانی منە، سەبارەت بەو وڵاتانەی لە قۆناغی ئینتیقالیدان بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتێکی پێشگەیشتووی وەک دەوڵەتێکی دیموکراسی ئەوەیە، کە



ئەو هۆکارەی وا دەکات دیموکراسی بەهێز بمێنێتەوەو حکومەت بە بەهێزی بمێنێتەوە لە وڵاتە دیموکراسییە پێگەیشتووەکاندا، مەرج نییە هەمان هۆکار دیموکراسی بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی بکرێتە دەستپێک لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، هەربۆیە ئەوەی دیموکراسی و حکومەت بە بەهێزی دەهێڵێتەوە، بریتیە لەئەنجامی پڕۆسە سیاسییەکە نەک هۆکاری ئەو پڕۆسەیە))

مایکل جۆنستۆن

ئالان تۆرین دەڵێت پێناسەی نەوەی نوێ بۆ ئازادی، دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی ئازادی نەوەی کۆنە، بەڵام ئەگەر چەمکی ئازادی لەلای نەوەی کۆن حکومڕانی دیموکراتی بەرهەم هێنابێت، ئەوا چەمکی ئازادی لای نەوەی نوێ دیموکراتی مەحکوم بەرهەم دەهێنێت، لەمەش مەبەستی ئەوەیە سیستمی دیموکراتی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دەکەوێتە ژێر چاودێری تاك و گرووپەکان و سیستمەکە مەحکومە بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی بۆ هەموو ئەو پێداویستی و ڕەخنانەی هەبێت کە لەلایەن تاك و گرووپەکانەوە ئاڕاستەی دەکرێت، لەم حاڵەتەشدا گەل بەکردەیی دەبێتەوە بە خاوەن سەروەریی و تەحەکوم بە سیستمە دیموکراتیەکەوە دەکات، بەواتایەکی دیکە لەبری ئەوەی سیستمە سیاسییەکە خەڵك ئاڕاستە بکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا خەڵك سیستمە دیموکراتیەکە ئاڕاستە دەکات، کەواتە ئەم وەرچەرخانە لە فیکری دیموکراتی و سیاسەتی لیبرالی وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوادا بەرەو ئەوەمان دەبەن جارێکی تر ئەو پرسیارە سەبارەت بە دەستپێکی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو بوروژێنینەوە، بۆچی لە دیموکراتیە تازەکاندا هەموو کات لەنێوان توخمەکانی سیستمی دیموکراتی جۆرە ئاڵۆزییەکان هەیە و ناتوانن بەهاوسەنگی لەناو سیستمەکەدا کاربکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەرەو ئەوەمان دەبات هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەینەوەو لەسەر سێ ئاست پرسەکان لێکتر جیابکەینەوە:

١- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری

٢- پیادەکردنی ئابووری بازاڕ نەك ئابووری سەنترالی یان ئابووری دەوڵەت.

٣- جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی

ئەم جیاکردنەوانە یان ئەم پۆلینکردنە

**کاتێك کۆمەڵگە لەپرۆسەی دیموکراتی پاشکشە دەکات. یان کاتێك دیموکراتی دەبێتە تەنیا کۆمەڵێك دروشم و هیچی دیکە نا. ئەوە بیربۆچوونە جیاوازەکان لەبری ئەوەی ببنە سەرچاوەی دۆزینەوەی بەدیلی سیاسیی بۆ چارەسەری کێشەکان. دەبنە کارەسات بۆ کۆمەڵگە**

کۆمەڵێك توخمی سەرەکی لەخۆیان دەگرن کە هاوسەنگی نێوان ئەو توخمانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی سیستەمە دیموکراتیەکە هاوسەنگی خۆی بپارێزێت، ئەو توخمانەش بریتین لە(پارتە سیاسیەکان، بزنسمان و وەبەرهێنەکان- کەرتی تایبەت-، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ماس میدیا) ئەگەر لەروانگەی جیاوازی نێوان ئەم توخمانەوە سەیری پرۆسەی دیموکراتی بکەین، دەبینین دیموکراسی میتۆدیکی دینامیکەو وێنای ئەو کۆمەڵگەیە پیشاندەدات کە بەردەوام کەموکورتی هەیەو بەردەوامیش لەگۆڕانادایە، هەست دەکەین سیستەمی دیموکراتی گەنجینەیەکە لە بیروبۆچوونی جیاوازو بەردەوام، ئەم بیربۆچوونە جیاوازانە بەرنامەی جیاواز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێشکەش دەکەن و، جیاوازی نێوان بۆچوونەکان دەبنە سەرچاوەی فرەیی بۆچوونی سیاسیی لە کۆمەڵگەدا، وەك رۆبەرت داڵیش دەڵێت بەبێ فرەیی سیاسیی دیموکراتی بوونی نییە، بەڵام وێرای ئەوەی بیربۆچوونەکان لەیەکتریش جیاوازن بەڵام لەچوارچێوەی سەروەری یاسا پێکەوە کار دەکەن، ئەم پێکەوە کارکردنەی جیاوازییەکانیش یەکێك لە نیشانەکانی ئەوەیە کە سیستەمە دیموکراتیەکە تەندروستە

**دەستووری لیبرالی. هەڵبژاردن دەکاتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی حکومەت و سزادانی حکومەت. بەڵام سندوقی هەڵبژاردن. هەڵبژاردن دەکاتە هۆکارێك بۆ خەڵاتکردنی حکومەت یان خەڵاتکردنی حزبە سیاسیەکان بۆ ئەوەی زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە**

و وەك سیستەم کێشەی نییە، حوکمڕانی و بیربۆچوونە جیاوازەکان توندوتیژی و شەڕی ناوخۆیی بەرهەم دەهێنن.

### باڵانسی نێوان توخمەکانی سیستەمی دیموکراتی

حکومەت لەبەرئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە لە سیستەمی حوکمڕانی دیموکراتیدا، خۆی دەبێتە سەنتەری ئەو بازنەیەی کە دەتوانێت هاوسەنگی نێوان توخمەکانی دیکەش رابگرێت، بۆیە لەم حاڵەتەداو لە قۆناغی یەکەمدا کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری، دەبینین جیاکردنەوەی ئەم دەسەڵاتانە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتەو دروستکردنی فلتەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەت لەچوارچێوەی یاسا سنووردار بکرێت، لەم حاڵەتەدا پابەندبوونی حکومەت بەرێزگرتن بەدەسەڵاتی دادوەری وەك دەسەڵاتێکی چاودێر لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەروەها پابەندبوونی حکومەت بەچاودێری کردنی کارەکانی لەلایەن پەرلەمانەوە، وێنای حکومەتێکی دیموکراتی لە کۆمەڵگە پیشاندەدات، ئەم لایەنە بۆ رۆڵی گرنگی حکومەت لەدابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا چەند گرنگە، لەلایەکی ترەوە بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیی زیاتر گرنگەو حکومەت دەتوانێت پەیوەندی نۆرماڵی نێوان هەموو توخمەکانی دیکە هاوسەنگ بکات کە بریتین لە:

١- حزبە سیاسیەکان
٢- کەرتی تایبەت
٣- رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان.
٤- میدیا

ئەم چوار توخمە کە کارلێکی راستەوخۆیان لە بەرنامەکانی حکومەت بەشێوەی رۆژانە هەیە، هەموویان بە حکومەتیشەوە لە چوارچێوەی یاساکانی وڵات پێکەوە جیاوازییەکانی خۆیان پیادە دەکەن و بەپێی یاسا دەبێت هەر لایەك رێزی لایەنی بەرامبەر بگرێت، بۆیە لەکاتێکدا ئەم پەیوەندییە دینامیکیەی نێوان ئەم توخمانە لەگەڵ حکومەت ئاڵۆز دەبن، یان پەیوەندییەکان دەگەنە ئەو ئاستەی تێکەڵاوی لە کارەکانی حکومەت وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکە یاسادانان و دادوەری دروست بێت، مانای ئەوەیە ئەو حکومەتە یان لاوازەو ناتوانێت کاروبارەکانی خۆی بەرێکوپێکی بەڕێوە بەرێت، یان ئەو توخمانەی پێویستە بەهاوسەنگی لەگەڵ حکومەت کاربکەن یان حکومەت هاوسەنگی نێوانیان رابگرێت، ئەوەیە نە توخمەکان هاریکاری حکومەت بوون، نە حکومەتیش ئەو توانایەی هەبووە کە هاوسەنگی نێوانیان رابگرێت.

ئەم ئیشکالیەتە لەوڵاتانی دیموکراتی رۆژئاوا بە بەراورد بەدیموکراتیەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، کەمتر هەستی پێدەکرێت، لەبەر ئەوەی دیموکراتیەتی وڵاتانی رۆژئاوا لە دەستووری لیبرالییەوە کە بنەماکەی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەیە لەیەکتری هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە، بەڵام لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو دیموکراتیەت لە سندوقی دەنگدانەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە، جیاوازی گرنگ لەم خاڵەدا ئەوەیە کە دەستووری لیبراڵی هەڵبژاردن دەکاتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی حکومەت و سزادانی حکومەت،

**کاتێك حزبێك یان هاوپەیمانییەك لە پرۆسەی هەڵبژاردندا متمانەی پێ بدرێت. گرنگە پێشوەختە حسابی ئەوەی کردبێت چۆن لەگەڵ توخمە جیاوازەکانی نێو پرۆسەی دیموکراتیدا دەتوانێت لە چوارچێوەی یاسادا مامەڵە بکات**

بەڵام سندوقی هەڵبژاردن هەڵبژاردن دەکاتە هۆکارێك بۆ خەڵاتکردنی حکومەت یان خەڵاتکردنی حزبە سیاسیەکان بۆ ئەوەی زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، کەواتە کاتێك پرۆفیسۆر مایکل جۆنستۆن سەرۆکی بەشی سیسۆلۆژی لە زانکۆی کۆلگایت لەوەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا دەڵێت(ئەوەی جێی سەرسوڕمانی منە، سەبارەت بەو وڵاتانەی لە قۆناغی ئینتیقالیدان بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتێکی پێشگەیشتوو وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی ئەوەیە، کە ئەو هۆکارەی وا دەکات دیموکراسی بە بەهێزی بمێنێتەوەو حکومەت بە بەهێزی بمێنێتەوە لە وڵاتە دیموکراسییە پێگەیشتووەکاندا، مەرج نییە هەمان هۆکار دیموکراسی بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی بکرێتە دەستپێك لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا) ئەم قسەیەی پرۆفیسۆر جۆنستۆن ئەگەر لەسەرەتاوە تۆزێك ئاڵۆزی

**سندووقی هەڵبژاردن، حزبی براوە دەکاتە حاکم، ئۆپۆزسیۆن دەکاتە مەحکوم، حاکم و مەحکومیش بە فەرماندار و ملکەچ پێناسە دەکرێن، ئەمە لەکاتێکدا سندووقی هەڵبژاردن ئەم پرۆسەی حاکم و مەحکومەی لەنێوان حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و حزبەکانی بەشدار لە حکومەتدا دابەش کردبێت**



پێوەدیار بێت و هاووڵاتیانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەو پرسیارە بوروژێنن، بەوەی ئایا چۆن ئەو فاکتەرانەی دیموکراتی لەرۆژئاوا دەپارێزیت هەمان هۆکار نین بۆ بەرهەمهێنانی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە سیاسییەی کە لەکاتی بەراوردکردنی ئێستا لەنێوان وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و وڵاتانی پێگەیشتووی رۆژئاوا هەیە، جیاوازەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، دامەزراوەکانی دەوڵەتانی دیموکراتی رۆژئاوا لە قۆناخێکدان بۆ ئەوەی سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەت دابنێن و مەودای ئازادی بەرفراوان بکەن، بەڵام دامەزراوەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لە قۆناخێکدان ئەرکیان ئەوەیە هەموو توخمەکان پێکەوە هاریکاربن بۆ ئەوەی دیموکراتی بچەسپێت و دوای ئەوەی دیموکراتی دەچەسپێت ئەوجا دامەزراوەکان خۆیان دەبنەوە فیلتەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەت سنووردار بکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت مانای چییە؟ ئایا سیستمی دیموکراتی دەخوازێت حکومەتێکی لاوازی هەبێت، نەتوانێت بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارە وەك پرۆفیسۆر تۆم جی بالمەر لە توێژینەوەیەکدا

**چۆن حزبی سیاسیی میدیاکەی خۆی بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆی ئاراستە دەکات، بێگومان کۆمپانیاش بەهەمان شێوە بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەو میدیایە ئاراستە دەکات کە دایمەزراندووە**

بەناونیشانی (ڕۆڵی دامەزراوەکان و یاسا لە پەرەپێدانی ئابوری ئاماژەی پێکردووە) مەبەست لە سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت بریتییە لەوەی (بۆ ئەوەی لەو پێوەندییە لیبرالییەی دامەزراوەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دروستی دەکات تێبگەین، ئەوا پێویستە پرسیارێکی سادە لەخۆمان بکەین ئەویش ئەوەیە ئایا دژی حکومەتین یان بۆ بەرژەوەندنی خودی حکومەت دەسەڵاتەکان سنووردار دەکرێن؟ زۆرجار لە نێوان ئەم دوو پرسە تێکەڵاوییەك دروست دەبێت، ئەم تێکەڵاوییەش لەلایەن ئەو خەڵکانەوە دروست دەکرێت، کە ناسراون بەوەی دژی لیبرالیەتن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوژمنانی لیبرالی حەزدەکەن دەسەڵاتی حکومەت دیاری نەکرابێت و حکومەت مافی ئەوەی هەبێت هەموو کارێك بکات، بەڵام لیبراڵییەکان کە ئامانجیان ئەوەیە حکومەت چالاك و بەهێز بێت، هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە حکومەت کۆمەڵێك کاری دیاریکراوی هەبێت و بەس، کەواتە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت بۆ لاواز کردنی جکومەت نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە حکومەت چالاك و یاسایی بێت، ڕاشکاوانەتر واتە حکومەت چالاك و لێهاتوو بێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی بۆی دیاری دەکرێت) بەڵام ئەم کارە ئەگەر بۆ دیموکراتی رۆژئاوا رێچکەی خۆی گرتبێت، پرسیاری گرنگ دەبێتە ئەوەی چۆن ئەو رێچکەیە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دروست بکرێت؟

### بونیادی دیموکراتی و پاراستنی دیموکراتی

چۆن لەنێوان دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت و مافی حکومەت بۆ ئەوەی هەموو دەسەڵاتێك پیادەی بکات، تێکەڵاوییەك هەیە، بەهەمان شێوە لەنێوان بونیادی دیموکراتی و پاراستنی دیموکراتیشدا، تێکەڵاوی و ئیشکالیەتێك هەیە کە لەزۆربەی وڵاتانی تازە

**لەبەرئەوەی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو تەنیا ئۆپۆزسیۆن بە مەحکوم لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە هەرگیز ئۆپۆزسیۆن و حزبەکانی بەشدار لەحکومەت ناتوانن لە چوارچێوەی یاسا پێکەوە کاربکەن یان پێکەوە پرۆسەکە بەرەو پێشەوە بەرن**




پێگەیشتوودا، ئەم تێکەڵاوییە دەبێتە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی بەلاڕێدا بچێت یان ببێتە هۆکاری ئەوەی پرۆسـەکە سـەرکەتوو نەبێت، هەربۆیـە خاڵی گرنگ لە دەسـپێکی پرۆسەی دیموکراتی ئەوەیە کە چـۆن حکومەت دەتوانێـت کارێك بکات کە هەموو توخمەکان بەپێی یاسا پێکەوە کاربکەن، لێرەشدا کەدەڵێین حکومەت بەتەنیا، لەبەرئەوەیە حکومەت کاتێك هەڵدەبژێریت بەشـێوەیەکی دیموکراتیانـە بریتیە لـە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی پێشکەشی هاووڵاتیانی کردووە، بۆیە کاتێـك حزبێك یـان هاوپەیمانییەك لە پرۆسـەی هەڵبژاردندا متمانەی پێدەدرێت،

**بایەخدان بەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر حسابی حزبە سیاسییەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەروەریی یاساو دامەزراوەکان فەرامۆشبکرێت و زەمینـە دروست بێت بۆ دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی**

گرنگە پێشـوەختە حسـابی ئەوەی کردبێت چـۆن لەگـەڵ توخمـە جیاوازەکانـی نێو پرۆسەی دیموکراتی دەتوانێت لە چوارچێوەی یاسـا مامەڵـە بکات و چۆن ئـەم توخمانە بەوجۆرە هەڵدەسـورێن، کە بتوانرێت هەموو توخمەکان بـە جیاوازییەکانیانـەوە خزمەتی پرۆسـە دیموکراتیەکە بکـەن، ئەم حاڵەتە بۆ وڵاتی ئێمەش حاڵەتێکـی نامۆ نییە، بەڵکو بەراشـکاوی هەسـت دەکرێت کە ئاڵۆزییەك لەنێوان پێوەندییەکانی توخمەکانی دیموکراتی هەیەو تا ئێستا نەتوانراوە جۆرە هاوسەنگییەك دروسـت بکرێت، یان لانی کەم بەپێی یاسـا هەمـوو توخمەکان پێکـەوە کار بکەن، لێرەوە بەچەند خاڵێك هەڵوەسـتە لەسەر ئەو توخمانە دەکەین:

### ١- حزبە سیاسیەکان

دوای تەواوبوونی پرۆسـەی هەڵبژاردن و دروسـتکردنی کابینـەی حکومەت لەلایەن حزبی براوەوە یان حزبە براوەکانەوە، مامەڵەی حکومەت لەگـەڵ تێکرای حزبـەکان بەو حزبەشی کە حزبی سەرۆك وەزیرانە، هەموویان بەیەك شـێوە سـەیردەکرێن و لەچوارچێوەی یاسای پارتە سیاسیەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، یاسای پارتە سیاسیەکانیش بواری بەوەداوە چەند حزبێك بەشدار بن لەحکومەت و

**کاری سەرەتایی حکومەت بریتی دەبێت لە چەسپاندنی مافەکان بەپێی یاسا، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەتوانێت ئەم مافانە پێشێل بکات، ئەوجا ئەو مافانە گرووپێك بۆ دامەزراندنی حزبێکی ئیسلامی یان عیلمانی یان دیموکراتی سوودی لێوەردەگرێت یان نە ..**

پێکەوە حکومەت پێکبهێنن و بواری ئەوەشی داوە چەند حزبێك ئۆپۆزسیۆن بن، بۆیە بەپێی یاسـا هەردوو لایەنی حزبە سیاسییەکان چ ئەوانەی بەشدارن لە حکومەت و چ ئەوانەی لەئۆپۆزسیۆن پێگەی شـەرعی و قانوونی خۆیان هەیە و ئەرکی حکومەتە بەپێی یاسا جیـاوازی لەنێوانیانـدا دەکات، بەواتایەکی دیکە چۆن پێویستی بەهاریکاری ئەو حزبانە هەیە کە بەشـدارن لـە حکومەت، بەهەمان شێوە پێویستی بەحزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیشە بۆ ئەوەی چاودێری جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بکـەن، یـان بەرنامەی بەدیلی باشـتر بۆ خەڵکی بخەنـەروو، بەڵام ئەوەی لەوڵاتانی تازە پێگەیشـتوو تێبینی دەکرێـت ئەوەیە، سـندووقی هەڵبژاردن، حزبی بـراوە دەکاتە حاکم و ئۆپۆزسیۆن دەکاتە مەحکوم، حاکم و مەحکومیش بە فەرماندار و ملکەچ پێناسە دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا سندوقی هەڵبژاردن ئەم پرۆسـەی حاکـم و مەحکومیە لەنێوان حزبەکانی ئۆپۆزسـیۆن و حزبەکانی بەشدار لە حکومەتدا دابەشکردووە، راستە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لەناو حکومەتدا (مەرج نییە کە ئوپۆزسیۆن لەڕووی سیاسیەوە بەشداری لە حکومـەت نەکرد ئیتر لەنـاو جومگەکانی حکومەتـدا ئۆپۆزسـیۆن بوونـی نەبێت) فەرمانەکانی حکومەت جێبەجێ

**گرنگە حکومەت ئاگاداری راگرتنی ئەو هاوسەنگییەی نێوان حزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت و نابێت لەسەر حسابی لایەکیان بایەخ بە لایەنەکەی تریان بدرێت**

دەكەن و پابەندن پێوەی، بەڵام لەلایەكی دیكەو لەمیانەی بەشدارییەكانی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەماندا، دەبینن حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن بەپێی یاسا دەبنە حاكمی حكومەت و سەرۆكی حكومەت و وەزیرەكانی بانگهێشتی پەرلەمان دەكرێت بۆ لێپرسینەوە، كەواتە ئەم هاوكێشەیە پێمان دەڵێت لە كۆمەڵگەی دیموكراتی حزبەكان بە ئۆپۆزسیۆن و بەشدار لەحكومەت، هەردوو لایان بۆ یەكتری لە یەك كاتدا حاكم و مەحكومی یەكترین، بەڵام لەبەرئەوەی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو تەنیا ئۆپۆزسیۆن بە مەحكوم لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە هەرگیز ئۆپۆزسیۆن و حزبەكانی بەشدار لەحكومەت ناتوانن لە چوارچێوەی یاسا پێكەوە كاربكەن یان پێكەوە پرۆسەكە بەرەو پێشەوە بەرن. لەم خاڵەوە ئەگەر سەیری چوار بڕیارەكەی سەرۆكی كوردستان بكەین بۆ دەسپێكردنەوەی كۆبوونەوەكانی نێوان حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن و پارتی و یەكێتی،

## گرنگی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لەوەدایە خۆیان تێكەڵی سیاسەت نەكەن و لەڕوانگەی بەرژەوەندی ئەو توێژەی نوێنەرایەتیان دەكەن ڕەفتار بكەن، نەك لەڕوانگەی ئەوەی ئەندامانی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی سەر بەكام لایەن یان حزبی سیاسین

ڕاشكاوانە هەست بەو ڕاستییە دەكرێت، كە جۆرە كەموكورتییەك لە مامەڵەكردن لەگەڵ حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن هەبووەو ئەو كەموكورتیانەش پێویستی بەراستكردنەوە هەیە، دەبێت لە كابینەكانی دیكەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا دووبارە نەبێتەوە.

**٢- كەرتی تایبەت**

چەمكی كەرتی تایبەت لە ئابووری كۆمەڵگەی دیموكراتی واتە وەرگرتنەوەی ئابووری لەدەوڵەت و سپاردنی بە بازار و ململانێی ئازادی بازاڕ پەیوەندییە ئابوورییەكان ڕێكدەخات، ئەمەش دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی كەرتی گشتی ڕۆڵی چاودێریكار بگێڕێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش هەیكەلی كەرتی گشتی بچووك بێتەوەو هەیكەلی كەرتی تایبەت فراوان بكرێت، ئەم هەنگاوە كە لەزۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بە هەرێمی كوردستانیشەوە بە ئاراستەی ڕاست هەڵناگیرێت، هۆكارەكەی ئەوەیە ئەم گواستنەوەی ئابوورییە لە دەستی دەوڵەتەوە ڕاستەوخۆ ناگاتە بازاڕ و پێش ئەوەی بگاتە بازاڕ بە حزبە سیاسییەكاندا تێپەڕدەبێت، ئەمەش واتە سیاسەتمەدارەكان لەبری ئەوەی بەرنامە بۆ ئەوە دابنێن حزبەكانیان چاودێری بازاڕ بكەن، بەرنامە بۆ ئەوە دادەنێن حزبەكانیان بازاڕ قۆرخبكەن، ئەم حاڵەتە كە زۆربەی زۆری بەڕێگەی یاسا دەكرێت و یاساكان بەوجۆرە بەكاردەهێنرێن بۆ بەرژەوەندی سیاسییەكانی ناو حزبەكان سوودی لێوەربگیرێت، دەبێتە هۆكاری ئەوەی گەندەڵی ببێتە پرۆسەیەكی سیستماتیكی پشت بەستوو بە كۆمەڵێك یاسا كە زۆر زەحمەت دەبێت بتوانرێت كۆنترۆڵ بكرێت یان سنووری بۆ دابنرێت، ئەمەش یەكێكە لەو خاڵانەی كە پرۆسەی چاكسازی سەرۆكی كوردستانی تووشی ئاستەنگی گەورە كردووە و پرۆسەكەی واڵێكردووە كەناچار بێت چەندین یاسا و بڕیار و ڕێنمایی تازە دەربكات بۆ ئەوەی لەو یاسا و ڕێنماییانە ڕزگارمان بێت كە پێشتر ڕێگەی خۆشكردووە بۆ گەندەڵی یان خراپ سوود وەرگرتن لە پرۆسەی كرانەوەی بازاڕ و پرۆسەی پەرەپێدان لەكوردستاندا، لایەنێكی دیكەی گرنگ كە لێهاتوویی حكومەت لە قۆناخی ئینتیقالی بەدیار دەخات، چۆنییەتی گواستنەوەیە لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ بەتایبەتی ئەگەر حكومەت میراتگری دامەزراوەیەكی بیرۆكراسی گەورەی ڕژێمەكانی پێش خۆی بێت و هاووڵاتیان گەرەنتی ئایندەی خۆیان لە مووچەخۆریدا ببیننەوە، ئەوا دەبێت ئەم هەنگاوە بەبەرنامە و لەسەرخۆبێت، كە دەشڵێن بەبەرنامە و لەسەرخۆ بێت بەو مانایە نییە كەرتی تایبەت با بەكەیفی خۆی بازرگانی بكات و حكومەتیش پەیتا پەیتا خۆی بە فەرمانبەری بێكار سیخناخ بدات، نەخێر مەبەست لەوە پێویستە هەنگاو هەڵگرتن بۆ گواستنەوە لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ، هەنگاو هەڵگرتنێكی تەدریجی بێت و لەیەككاتدا حكومەت دەستبەرداری هەموو شتێك نەبێت و كەرتی تایبەتیش لەو ئاستە نەبێت بتوانێت هاوسەنگی كارو بازاڕ ڕابگرێت، هەربۆ نموونە یەكێك لەگەورەترین كێشەكانی هەرێمی كوردستان كێشەی نیشتەجێی هاووڵاتیانە، نەدەبوو بەرنامەی چارەسەری ئەم كێشەیە لە ١٠٠٪ ڕووبەڕووی كەرتی تایبەت بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی كەرتی تایبەت نەك نەیتوانی كێشەكە چارەسەر بكات بەڵكو كێشەكەی زیاتر كرد و ئەوەی پێویستی بەخانوو و یەكەی نیشتەجێ هەبوو لێی سوودمەند نەبوو، بۆیە دەتوانرا بەرنامەی چارەسەركردنی ئەم كێشەیە لەسەر سێ ئاست بۆ كێشەكە چارەسەری دابنایە:

- لەبەر ئەوەی وەزارەتێك لەناو حكومەتی هەرێمی كوردستان هەیە بەناوی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن و ئەم وەزارەتە درێژكراوەی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێكردنەوە خۆی وەزارەتێكە لە زەمانی حكومەتی عێراقەوە تا ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕاستەوخۆ پرۆژەی نیشتەجێكردن و ڕێگاو بانەكانی بەشێوەی (جێبەجێكردنی ڕاستەوخۆ) جێبەجێ كردووە، واتە ئەم وەزارەتە خاوەنی ئەزموونێكی گەورەیەو خاوەنی ژێرخانێكە بۆ ئەوەی لەقۆناخی بونیادنانەوە ڕۆڵی جێبەجێكردن بگێڕێت، بۆیە دەتوانرا بەشێك لە كێشەی نیشتەجێ بە تایبەتی بۆ كرێچی و كەمدەرامەت ڕووبەڕووی ئەم وەزارەتە بكرێتەوە، نەك ڕووبەڕووی كەرتی تایبەت بكرێتەوە.

## میدیا لەدەسپێكی پرۆسەی دیموكراتیدا ئامانجی بونیادنانی دیموكراتییە و بەڵام لەپرۆسەی كامڵبوونی دیموكراتیدا ئامانجی بەهێزكردنی دیموكراتییە

- دەكرا پرۆژەی هاوبەش لەنێوان وەزارەتەكان و كۆمپانیاكان گرێبدرێت، بۆ ئەوەی وەزارەتەكانی حكومەت بتوانن ئەندازیارو كارمەندانی خۆیان لە پرۆژەكاندا جێبكاتەوەو ئەركێكی گەورە لەسەر شانی حكومەت سووك بكات، هەروەها تێچووی پرۆژەكانیش كەمتر دەبۆوەو كارەكانیش باشتر دەكرا،لەبەر ئەوەی هەرچۆنێك بەراوردی بكەین، توانای وەزارەتەكانی حكومەت لەڕووی تەكنیكی و ئیدارییەوە لەو كۆمپانیانە گەورەترە كە هیچ ئەزموونێكیان لەبواری ئاوەدانكردنەوەدا نییە.
- حكومەت دەیتوانی بەشێك لە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە كە لەتوانای وەزارەتەكان و كادری خۆماڵی خۆمان گەورەترەو پێویستی

بەئەزموون و شارەزایی وڵاتانی دیکە هەیە، بداتە کۆمپانیا بیانییەکان، هەر بۆ نموونە(دروستکردنی فڕۆکەخانەکان، تونێل و پردەگەورەکان و ڕێگەی خێرا( های وەی)، هەروەها نەخۆشخانە و ئاپارتمان و هۆتێلەکان و شوێنە گەشتیارییەکان) ئەم لایەنانە یان ئەم بوارانە کە لەتوانای خۆمانی زیاتر پێویستە دەبووە هۆکاری ئەوەی ببێتە تەواوکاری ئەو کارانەی خۆمان پێمان دەکرێت.

ئەم لایەنە کە لەوانەیە لەڕووییەکەوە زۆر بەسادەیی سەیر بکرێت، بەڵام جومگەی سەرەکی ئاستەنگەکانە لەپرۆسەی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان و ئەگەر لەسەرەتای پرۆسەکەشەوە بیربۆچوونەکان بەو جۆرە بوون ئەم ڕێگەیە بۆ پەرەپێدان ڕاستە ئەوا دەبێت لە کابینەکانی دیکەدا پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و یاسا پێوەندارەکان بەم لایەنەوە هەموار بکرێنەوە.

### ٣- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بە ئاستێك گرنگە،کە تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین ئەم ڕێکخراوە مەدەنیانە تەنیا ناتوانن جێگەی حزبە سیاسیەکان بگرنەوە، هۆکاری ئەوەشی ناتوانن جێگەی حزبە سیاسیەکان بگرنەوە ئەوەیە، ئەم ڕێکخراوانە نوێنەرایەتی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکەن، بەڵام حزبەکان نوێنەرایەتی تێکڕای کۆمەڵگە دەکەن و هۆکارێکی تریشن بۆ ئەوەی کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکبخەن، بەڵام گرنگی ئەم ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەوەدایە خۆیان تێکەڵی سیاسەت نەکەن و لەڕوانگەی بەرژەوەندی ئەو توێژەی نوێنەرایەتیان دەکەن ڕەفتار بکەن، نەك لەڕوانگەی ئەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەر بەکام لایەن یان حزبی سیاسین، ئەم حاڵەتەش تێکەڵاوکردنی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان، ئەگەر هۆکارەکەی حزبە سیاسییەکان بن، واتە حزبەکان بیانەوێت ئەم ڕێکخراوانە بکەنە پاشکۆی حزبەکانیان، ئەوا لەم حاڵەتەدا حزبەکان لەبری ئەوەی هۆکارێك بن بۆ بونیادی دیموکراتی خۆیان دەبنە هۆکارێك بۆ ڕوخاندنی کۆڵەگەیەکی کۆمەڵگەی دیموکراتی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، خۆ ئەگەر تێکەڵاوییەکەش لەلایەن لایەنێکی دەرەکی وەك وڵاتانی بەخشەر یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە بەو جۆرە بوو بایەخێکی ئەوتۆ بەو ڕێکخراوانە بدرێت و حزبە سیاسییەکان فەرامۆش بکرێت وەك لە هەندێك وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی پۆستە کۆمۆنیستە بەو جۆرە بووە، ئەوا بایەخدان بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر حسابی حزبە سیاسییەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەروەریی یاسا و دامەزراوەکان فەرامۆشبکرێت و زەمینە دروست بێت بۆ دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی، بۆیە گرنگە حکومەت ئاگاداری ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە بێت و نابێت لەسەر حسابی حزبە سیاسییەکان بایەخ بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت، هەروەها ناشبێت بوار بدات ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببنە پاشکۆی حزبەکان و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببنە بارەگایەکی دیکەی حزبە سیاسییەکان، ئەم لایەنەش تا ئێستا لەوڵاتی ئێمەش هاوشێوەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئیشکالیەتی هەیەو نەتوانراوە هاوسەنگی لەنێوان حزبەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رابگیرێت بۆیە ئەم لایەنەش گرنگە جارێکی دیکە پێداچوونەوەی لەسەر بکرێت .

**یەکێك لەگەورەترین کێشەکانی هەرێمی کوردستان کێشەی نیشتەجێی هاووڵاتیانە. نەدەبوو بەرنامەی چارەسەری ئەم کێشەیە لە ١٠٠٪ ڕووبەڕووی کەرتی تایبەت بکرێتەوە**

### ٤- میدیا

لەبەرئەوەی یەکێك لە کۆڵەگە گرنگەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی بڕوابوونە بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی چالاکی سیاسی و دامەزراندنی گرووپ و کۆمەڵە و حزبی سیاسی و بڕوابوونە بە مافی موڵکداریەتی تایبەت و موڵکداریەتی فیکری، ئەوا کاری سەرەتایی حکومەت بریتی دەبێت لە چەسپاندنی ئەم مافانە بەپێی یاسا، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەتوانێت ئەم مافانە پێشێل بکات، ئەوجا ئەو مافانە گرووپێك بۆ دامەزراندنی حزبێکی ئیسلامی یان عیلمانی یان دیموکراتی سوودی لێوەردەگرێت یان نە، ئەوە مەسەلەیەکە یاسا بڕیاری لەسەردەدات و بواری پێدەدرێت یان نە، سەبارەت بەکاری میدیاش کە دەکەوێتە چوارچێوەی مافی ئازادی ڕادەبڕینەوە، دیسان ئەم لایەنەش یاسا ڕێکی دەخات و لەحاڵەتی سەرپێچیشدا یاسا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات، بەڵام بۆ هەر یەك لەم مافانە بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگە بچەسپێن، ئەرکی حکومەتە بۆ وەرگرتنی ڕێوشوینی پێویست بودجەی تایبەتییان بۆ دیاری بکات، بەڵام دیاریکردنی بودجە بۆ هەریەك لەو لایەنانەی ئاماژەمان پێکرد، بەو مەرجە نییە کە حکومەت چۆن دەیەوێت بەو جۆرە ڕەفتار بکەن، بەڵکو تەنیا مەرج بۆ ئەو لایانانە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو یاسایە کاربکەن کە سنووری ئازادییەکانی دیاری کردووە، کەواتە مەرجی پێدانی بودجە یان دابینکردنی بودجە بۆ کاری ڕاگەیاندن و هۆیەکانی ڕاگەیاندن، تەنیا کاری ڕاگەیاندنە لە چوارچێوەی یاساکانی کوردستاندا، بۆیە کاتێك لەوڵاتێکدا ئازادی ڕاگەیاندن و ئازادی ڕادەبڕین بوونی هەبوو، ئەوە کێشەیەك نییە هۆکاریکی ڕاگەیاندن لەلایەن حزبێکی سیاسییەوە یان کۆمپانیایەکەوە تەمویل دەکرێت لەبەر ئەوەی چۆن حزبە سیاسییەکە میدیاکەی خۆی بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆی ئاراستە دەکات، بێگومان کۆمپانیاکەش بە هەمان شێوە بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەو میدیایە ئاراستە دەکات، بەڵام ئەم حاڵەتە لە پرۆسەی دەسپێکی دیموکراتی لەگەڵ پرۆسەی کامڵبوون و پاراستنی دیموکراتی جیاوازییەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە میدیا لەدەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدا ئامانجی بونیادنانی دیموکراتییە و بەڵام لەپرۆسەی کامڵبوونی دیموکراتیدا ئامانجی بەهێزکردنی دیموکراتییە.

**حکومەت دەیتوانی بەشێك لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە کە لەتوانای وەزارەتەکان و کادری خۆماڵی خۆمان گەورەترەو پێویستی بەئەزموون و شارەزایی وڵاتانی دیکە هەیە، بداتە کۆمپانیا بیانییەکان**

لێرەوە دەکرێت ناهاوسەنگی نێوان ئەم توخمانە بە مەترسییەك بۆ سەر پرۆسەی دیموکراتی بزانین، بەڵام لەگەڵ ئەرکی قورس بۆ ڕێکخستنی ئەم هاوسەنگییە ئەرکێکە ڕووبەڕووی حکومەت دەبێتەوە، بەڵام دەبێت تێکرای توخمەکانیش بۆ سەرکەوتنی پرۆسە لە چوارچێوەی یاسادا هاریکاری سەرکەوتنی پرۆسەکە بکەن.

## جۆن مایکل گاری بۆ گوڵان:

# گرنگترین شت بۆ قۆناغی ئینتیقالی دامەزراندنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنە




**پرۆفیسۆر جۆن مایکل گاری ئوستادی زانستی کۆمەڵایەتییە لەبەشی حکومەت لەزانکۆی دۆرتمۆس و تایبەتمەندە لە سیاسەتی بەراوردکاری و پسپۆرە لەدەستوورو**

**هەڵبژاردن و سیاسەتی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی بۆ بونیادی دیموکراتی، سەبارەت بەرۆڵی پارتە سیاسیەکان و هەڵبژاردن لە قۆناخی ئینتیقالی پرۆفیسۆر گاری بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو:**

((یەکێك لەو شتانەی زۆر گرنگ بوو لە ژمارەیەك لە دیموکراسیە تازەگەشەکردووەکاندا لە ماوەی ساڵانی دواییدا بریتیە لەوەی پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵی پرۆسەی هەڵبژاردن بدەنە دەست دەستەیەکی بێلایەن یاخود دەزگایەکی حکومی بێلایەن. بۆ نموونە لە زۆرێك لەوڵاتاندا لە ماوەی پەنجا بۆ بیست ساڵی رابوردودا کۆمیسۆنی هەڵبژاردن دروستکراوە، کە بە چەشنێکە بواری ئەوە نییە زۆرینەی ئەندامانی سەر بە پارتێکی سیاسی دیاریکراو بن. لایەنی ئیجابی ئەم پرۆسەیە لەوەدایە، کاتێك پارتە سیاسیەکان زۆر بەهێز یان زۆر دەسترۆیشتوو دەبن، ئەوا کۆنترۆڵی هەموو کاروبارەکانی حکومەت دەکات، لە دیموکراسیە دێرین و دامەزراوەکاندا ئەو سیاسەتەی لەبەرامبەر ئەمەدا گیراوەتەبەر بریتیە لە سنووردارکردنی توانای دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا لە لایەن پارتی براوەوە، بۆ نموونە ئێمە پارێزگاری لە زۆرێك لە فەرمانبەرە حکومییەکان دەکەین لە ئەمەریکا، بەوەی رێگانەدەین لەبەر هۆکاری سیاسی دەربکرێن. کەواتە گرنگ نییە سەر بە چ پارتێکیت و گرنگ نییە دڵسۆزیت بۆ چ پارتێك هەیە. ئەمە یەکێکە لە شێوازەکانی رێگرتن لەوەی پارتە سیاسیەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەبێت لە سیستمەکەدا. هەربۆیەشە زۆربەی خەڵك حکومرانی باش گرێدەدەنەوە بە بوونی کەمترین ئاستی گەندەڵی، کەمترین پێشێلکردنی مافەکانی هاووڵاتیان لەلایەن دەسەڵاتدارە سیاسییەکانەوە، لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە، بەڵام زۆر بە توندی گرێدەدرێتەوە بە دیموکراسیەوە، لەبەر ئەوەی دیموکراسی گەورەترین هەرەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتدارە سیاسییەکان کە ناچاریان دەکات دەست بۆ گەندەڵی نەبەن

## تیمۆسی تی هیڵویگ بۆ گوڵان:

# قۆناخی گواستنەوە قۆناخێکی ئاڵۆزە و ناکرێت پەلە بکرێت و دەبێت پرۆسەکە



**پرۆفیسۆر تیمۆسی هیڵویگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی هۆستن و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان جیهانی سێیەم، هەروەها پسپۆرە لەبارەی هەڵبژاردن و رەفتاری دەنگدەر لەو وڵاتانە بۆ قسەکردن لەسەر هەستیاری پرۆسەی دیموکراتی لەو قۆناخەدا پرۆفیسۆر هیڵویگ**


**بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((سەرەتا دەمەوێت باسی دیموکراسییەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەمریکای لاتینی بکەم، ئەو دوو ناوچەیە تەنەوعێکی زۆریان هەیە لەنێوان دیکتاتۆرییەت و دیموکراسییەت و لەنێوان حوکمڕانیی شموولی و لەنێوان شێوەی کراوە لە حکومەتە دیموکراسییەکاندا هەیە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی چەندین جۆر رژێمیان لەخۆگرتووە. من پێموایە کە پارتی سیاسی لەو جۆرە وڵاتانەدا زۆر گرنگە، بەڵام پێویستە خاوەن ئاراستەیەکی سیاسی بن لەسەر بنەمای ئەجێندایەکی فراوان نەك تەنیا ئەجێندایەکی تەسك بۆ بەرژەوەندی گرووپێکی ئیتنی یاخود ئایینیی دیاریکراو بەشێوەیەك کە ئامادەیی تێدانەبێت بۆ سازشکردن. من لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کە پارتە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵەیان نییە، بەڵام پارتە سیاسییەکانمان هەموو هەوڵێك دەخەنەگەڕ لەپێناو وەدیهێنانی ئاراستەیەکی سیاسی و دوورکەوتنەوە لە وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تایبەت. بەڕای من ئەمە رێگەچارەی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسییەت. سەبارەت بە هەستیاری قۆناخی ئینتیقالیش، بێگومان لەم قۆناخە دەبێت راشکاوانە کێشەکان دیاری بکەین، لەبەر ئەوەی قۆناخی گواستنەوە زۆر ئاڵۆزە و مێژووش ئەم راستیەی سەلماندووە، هەر بۆنموونە لە حاڵەتی یەکێتی سۆڤێتی جاران و ئاسیای ناوەڕاست، مێژوو سەلماندی کە هەڵبژاردنی کراوە بوونی نییە و وڵاتانی نادیموکراسی نابن بە دیموکرات، ئەوانەیش فاکتەری سەرەکین بۆ پەلەکردن بەو پرۆسەیە، بەڵام پێویستە چەند یاسایەك دابنرێ بۆ پاراستنی موڵکی تایبەت و سەروەریی یاسا و لەگەڵ دەستوورێکی نەرمونیان کە مایەی پیادەکردن بێت. بەڕای من لە قۆناغەکانی گواستنەوەدا هەرگیز ناتوانی پەلە لە شتەکان بکەیت و ناتوانی پەلە بە دیموکراسیەت بکەی و هەروەها ناتوانی پەلە لەدامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەی،

و ناچاریـــان دەکەن مافەکانـــی هاووڵاتیان پێشـــێل نەکەن. بەڵام حاڵەت هەبووە تەنانەت لە غیابی دیموکراسیشدا حکومڕانی باشمان بینیوە، بـــەڵام ئەمانە دەگمەن بوونە، واتەی دەکرێت لە غیابی دیموکراسیشـــدا حکومەت خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان بە شـــێوەیەکی کارا بۆ هاووڵاتیان دابین بکات و مافەکانیان پێشـــێل نەکات، بەڵام ئەمە شتێکی سەیرە. بە بڕوای من توخمی گرنگ لە پرۆســـەی دیموکراتیـــدا بریتیە لە بوونـــی دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆ، کە بەشێوەیەکی گشتی وەك ناوبژیوانێـــك وایە بۆ هـــەر ناکۆکی و کێشەیەك کە لە نێوان ئەو کەرت و گەمەکارە جیاوازانەی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت حکومەت یان تەنانەت کەرتی تایبەت ئازادی ڕاگەیاندن سنووردار نەکەن، ئـــەوا بە بـــەلای کەمەوە لە دیموکراســـییە دێرین و درێژخایەنەکاندا دەسەڵاتی دادوەری ڕێگە نادات بۆیە سیســـتمی دادگاکان زۆر گرنگن.

## لەسەرخۆ بەڕێوە بچێت

بەڵکو پێویستە قۆناغی گواستنەوە روون و دیار بێت لەبەرئەوەی پاش ئەوەی یاســـاکان دابنرێن ئەوکات زەمینە دەڕەخســـێت بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی بۆ گەشـــانەوە ...و تاد. بـــەڵام پێموایە کە مێژوو پیشـــانی ئێمەی داوە کە پێویســـتە قۆناغێك هەبێت کە تیایدا فێر بین لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم شتە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە پێویستە قۆناغی گواستنەوە ئەنجامبدرێت، تەواوکردنی قۆناغی گواستنەوە کێشـــەکەیە، بەشـــێوەیەك کە پاش دانانی یاساو ڕێســـاکانی دیموکراســـییەت بوار بڕەخسێت بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بۆ میدیا بۆئەوەی کاربکەن. بۆیە، پێموایە کە بەتێپەڕبوونی کات دەتوانرێـــت دامەزراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا و کۆمپانیا تایبەتەکان بهێنرێنە ناو دیموکراسییەت بەڵام هاوکات ئەگەری ئەوە هەیە کە پرۆسەکە پرۆسەیەکی گێلەشێوێن بێت، مەبەستم ئەوەیە کە لەوانەیە قۆناغی گواستنەوە پرۆسەیەکی زەحمەت بێت.



مایکل جۆنستۆن بۆ گوڵان:

# سیاسەت بێ حکومەتی کارا کارەساتەو حکومەتیش بێ سیاسەت دیموکراتی نییە

**پرۆفیسۆر مایکل جۆنستۆن ئوستادی زانستی سیاســـەتە لەسەنتەری شـــارل داناو بەڕێوەبەری بەشـــی سۆســـیۆلۆژیە لە زانکۆی کۆلگایت و دامەزرێنـــەری رۆژنامەی (گەندەڵی و ریفۆرم) هەروەها نووسەری رۆژنامەکەش بووە لەساڵانی ١٩٨٥-١٩٩٦، پرۆفسیـــۆر جۆنســـتۆن خاوەنی نووسینی دیموکراتی ناو حزبە سیاسییەکان لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی و چەندین کتێبیشی لەســـەر حکومڕانی و دیموکراتی نووســـیوە، بۆ قسەکردن لەسەر هاوســـەنگی نێوان توخمەکانی دیموکراتی پرۆفیسۆر مایکل جۆنستۆن بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((تاکەکانی کۆمەڵگە نەك هەر تەنیا ئازادن لەوەی چۆن بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکـــەن، بەڵکو ئـــازادن لە دانانی سیســـتمێکی سیاسی بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بـــکات، پێموایە یەکێك لە هەڵەکان کە بە زۆری دووبارەی دەکەینەوە ئەوەیە گریمانەی ئەوە دەکەین کە دەبێت لە پرۆســـەی بنیاتنانی دیموکراسیدا هەموو کەســـێك پاڵنەری میســـالی و مەدەنی هەبێـــت، لەکاتێکدا دەبێت پاڵنەری ڕاســـتەقینە هەبێت بۆ بەردەوامیدان بە بەشداری خەڵك.

سەبارەت بە پارتە سیاســـییەکانیش پێویستە پارتـــەکان لەســـەر ئەساســـی بەرژەوەندییـــە ڕاستەقینەکان بنیات بنرێن کە لە کۆمەڵگەکەدا بوونیـــان هەیـــەو ئەوەنـــدەی مومکینـــە بەرژەوەندییەکانی بەشێوەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت، من لایەنگیری ئەوەم پارتە سیاســـییەکان پێویســـتە لایەنێکی ســـەرەکی بن لە پرۆسەی بونیادی دیموکراسیدا، هەندێك لە پسپۆران پێیان وایە، ئـــەو هەڵەیەی زۆرجـــار دەیکەین ئەوەیە وەك دامەزراوەیەکـــی گشـــتی مامەڵە لەگەڵ پارتەکان دەکەیـــن و چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکەین هەندێك ئەرکی گشتی ئەنجام بدەن، بەڵام پارتە سیاسییەکان گوزارشـــت لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەن و ململانێ لەگەڵ یەکتری دەکەن، بـــەڵام گرنگە لەناو کۆمەڵگـــە متمانە بوونی هەبێت و پێموایە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ دروستکردنی متمانە بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییـــە بنەڕەتییەکان بەشـــێوەیەکی کاراو عادیلانـــە بـــۆ خەڵك، وەك ســـەلامەتی شەخســـی، پەروەردە، ئاوی خاوێن، ئەو شتانەی کە زۆر ســـەرنجڕاکێش نین، بەڵام بنەڕەتین بۆ باشـــترکردنی ژیانـــی خەڵك، ئەگـــەر بتوانیت ئەم کارە بە شـــێوەیەکی عادیلانـــە بکەیت ئەوا بە تێپەڕبوونی کات دەتوانیت متمانە دروســـت بکەیت و خەڵـــك واز لەو فیکرەیە بهێنن کە ئەم پارتە سیاسیە سەر بەو گرووپە ئیتنییەیە، یاخود تەنیا ئامرازێکی شەخســـی دەســـت کەسێکی بەهێزە، ئەو کاتە خەڵکی پێیان وادەبێت کە پارتە سیاسییەکان گوزارشـــت لە چین و توێژەکانی خەڵك دەکەن، ئەگەرچی ئەو پرۆســـەیە کاتێکی زۆر دەخایەنێت. بەڵام لـــە قۆناخی ئینتیقالیدا بەڵێ پێویستە توخمەکان هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن لەو ڕووەوە کە دەبێت بە پێی ڕێساکان ڕەفتار بکەن، بەڵام دەبێت ململانێ بکەن لەســـەر چەند مەسەلەیەکی ڕاســـتەقینە و چەند جیاوازیەکی ڕاســـتەقینە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو باوەڕەیان لا دروســـت بێت ئیخیتاری سیاسیان هەیە. ئەوەی پێوەندی بە بەشی دووەمی پرسیارەکەوە هەبێت، ئەوا من پێم وایە لە ڕاستیدا جیاوازییەکی گەورە لەنێوان حکومڕانـــی دیموکراتی و حکومڕانی باشـــدا نییە، هەرچەندە ئێمە بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەین کـــە جیاوازیی هەیە لە نێوانیاندا. بەڵام وەك پرۆســـەیەکی تەکنیکی و ئیداری سەیری حکومڕانی بـــاش دەکەین و کار بۆ ئەوە بکەین دەزگای بیرۆکراســـی ســـەرکەوتوو بێت و بەم شێوەیە. لە ڕاستیدا چەندین فیکر هەن لەبارەی حکومڕانی باشـــەوەو گریمانەی ئـــەوە دەکەن، کە دەبێت پرۆســـە سیاسیەکە و کاریگەریەکەی لەدەرەوەی پرۆســـەی حکومڕانێتیـــەوە بێت. لە کاتێکدا من پێـــم وایە دەبێت یەکێتیەکی نزیکتر هەبێت لە نێوان حکومەت و سیاســـەتدا، لەبەر ئەوەی سیاسەت بە بێ حکومەتی کارا پشێوی بە دوای خۆیدا دەهێنێـــت، حکومەتیش بە بێ سیاسەت نابەرپرس و نادیموکراتیە.

# مرۆڤی ئازاد کەسێکە کە ئەنجامی هەڵەکانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت



عەبدولڕەحمان سدیق

ژیانی دنیا لە ڕوویەکدا بەرهەمی هەڵەیەکە کە مرۆڤ لە سەرەتادا کردوویەتی و، ژیانیش هەر لەم ڕووەوە هەلێکە بۆ بەخۆداچوونەوە و خۆ هەڵسەنگاندن و گرتنەبەری ڕێی گەڕانەوە بۆ بەهەشت.

ئادەم و حەوا (سەلامی خوایان لەسەر) فێریان کردین کە داننان بە هەڵە سەرەتای گەڕانەوەیە بۆ ڕاستی، بەڵام شەیتان چونکە دانی بە هەڵەی خۆیدا نەنا، ڕێگەی گەڕانەوەیشی لەسەرخۆی داخست.

داننان بە هەڵە دیاردەیەکی ئەوەندە زەقە کە وای کردووە هەندێك پێناسەی هەڵە بەم شێوەیە بکەن، هەڵە: هەر گوفتارێکە کە خۆت خاوەنی نیت و، هەر ڕەفتارێکیشە کە تۆ نەتکردبێ لەو ساتەدا!!

بۆیە کوردیش گوتوویەتی: خەتا (خەڕە) بەسەر کەسەوە ناوەستێت، هەر لەبەر ئەمەشە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا خەتابار دیار نییە و لێپرسینەوەیشی لەگەڵدا ناکرێت، بەڵام لە فەرهەنگی ئایینماندا شتی وانییە، بەڵکو خەتا وەك (خشتە)و بەهەموو بارێکدا و لەسەر هەموو کەسێك دەوەستێت!

مرۆڤ بە داهێنانی پێوەر بۆ پێوانی بارستایی و قەبارە و درێژیی و پێوانی پلەی گەرماو ڕادەی شێ و هێزی بومەلەرزە و.. تاد، توانی شتەکان بپێوێ بۆ بەراوردکردن و زانینی ڕاستییەکان، هەر بەم جۆرەش بوونی پێوەرێك بۆ پێوانی هەڵە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی هەڵەش لە نەبوونی پێوەردا وەك کێشانی بە گۆترەی لێ نەیەت لە نەبوونی تەرازوودا.

داننان بە هەڵە، مرۆڤ ئازاد دەکات لە خۆ دیلکردن لە بازنەی سایکۆلۆژیای دوا هەڵەکردن، بۆیە دەڵێن: (مرۆڤی ئازاد کەسێکە کە ئەنجامی هەڵەکانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت).

زۆرێك لە مرۆڤانی سەردەمی ئێمە هیچ دەستکەوتێك و دەسەڵاتێك بە ئاشتییانە ئاڵوگۆڕ ناکەن، تەنها هەڵە نەبێت، چونکە ئێمە لە ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتییانەی هەڵەدا زۆر شارەزاین و، ڕۆژانە هەڵەکان دەخەینە گەردنی یەکتر.

هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە زۆر کەم شاهیدی بینینی ئەو دیمەنە بووینە، کە بەرپرسێکمان، یان بەڕێوەبەرێکمان دانی بە هەڵەی خۆیدا نابێت لەپێش چاوی جەماوەرەکەی، یان داوای لێبوردنی کردبێت لە بەرامبەر هەڵەیەك کە کردوویەتی!

چونکە ئێمە لە منداڵییەوە فێری ئەوە دەکرێین کە «پیاو ئەو پیاوەیە کە لە قسەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە» یان «سواربوون عەیبێك و دابەزین دوو عەیب» ئیدی چۆن فێری ئەوە دەبین دان بە هەڵەی خۆماندا بنێین!

ئێمە لە کێشەکانماندا کەمتر زانیومانە خەتاو هەڵە هی کێ بووە؟ چونکە وەك کێشەی کوشتن و شەڕە کۆمەڵایەتییەکانمان بە سوڵحی عەشایەری چارەسەر دەکەین و خەتابار و بێ خەتا وەك یەك دەردەچن، ئاواش لە سیاسەتدا کەم کەس دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە زۆرێك لە ئێمە ئەگەر هەڵەش بکەین ئەوا لای خۆمان بە بۆچوون و شیکردنەوەی دەزانین، نەك هەڵە، لە کاتێکدا شیکردنەوە و بۆچوونی خەڵکی دی بە هەڵە لە قەڵەم دەدەین!a

ئێمە کە نازانین یان نامانەوێت دان بە هەڵەی خۆماندا بنێین، یان هەڵەی خۆمان دەخەینە پاڵ خەڵکی دی، ئەمە جۆرێکی دیکەیە لە خۆ بە مەعسوم زانین، لە هەمان کاتیشدا نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە مرۆڤێکی ئازاد نین لە ناخی خۆماندا، چونکە نیشانەی گەورەی هەر مرۆڤێکی ئازاد ئەوەیە کە هەڵەکانی خۆی لە ئەستۆ بگرێت، ئەوەش تەنها دیل و بەندەکانن کە هەڵەکانی خۆیان دەخەنە گەردنی گەورەکانیان، چونکە ئیرادە و ئیدارە و کرداری مرۆڤی دیل لە دەست گەورەکەیەتی!!

هەر مرۆڤێك سەرکردە بێت یان ئاسایی، عەلمانی بێت یان ئیسلامیی، هەڵە دەکات چونکە مرۆڤە، جا بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی خۆی بسەلمێنی و، خۆی بە مەعسوم نەزانێت، پێویستە فێری ئەوەبێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و، فێری ئەوەش بێت داوای لێبوردن لەو کەسانە بکات کە بە هەڵەکەی زیانی ماددی یان مەعنەوی پێ گەیاندون.

ماوەتەوە بڵێین هەڵەکردن بەرامبەر بەخەڵك وەك زریانە، بەبێ زیان و زەرەر تێپەڕ نابێت، ڕێك وەك ئەو بزمارانە وایە کە بە هەڵە دادەکوترێن و، بە هەڵکێشانیشیان هەموو هەڵەکە چارەسەر نابێت، چونکە هەڵکێشانی بزمارە بە هەڵە داکوتراوەکان، ژمارەیەك کونی زۆر لەدوای خۆیان بەجێ دەهێڵن، کە پڕکردنەوەیان کار و کاتی زۆری دەوێت!

## حوسێن بەنایی بۆ گوڵان:

# پاش کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق، دەبێت ئەمریکا زامنی ئاسایشی کوردستان بکات و ڕێگە نەدات کێشەی بۆ دروست بکرێت

**د.حوسێن بەنایی مامۆستای زانستی سیاسەتە لەزانکۆی تۆرنتۆ لە کەندا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پرۆسەی دیموکراتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن، د.بەنایی جیا لەوەی خۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە و بەرەگەز ئێرانییە لە هەمانکاتدا پسپۆریشە لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها وەك ڕۆژنامەنووسیش جێگری سەرنووسەری گۆڤاری پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، دکتۆر بەنایی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** چەند وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نزیك بێتەوە، کارە خۆکوژییەکان و تەقینەوەکان لەعێراقدا زیاتر دەبێت، ئایا بەڕای بەڕێزتان چۆن ئەو حاڵەتە دەبینن و تەفسیرتان بۆ ئەو بارودۆخە چییە؟**

- ئەمە دۆخێکی ئاڵۆزە، ئامارەکان کە دەقا و دەق و ڕاستەوخۆ ژمارەی هێرشە خۆکوژییەکان بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە گرێدەدات- لەمبارەوە چەندین گومان دروست دەبن لەبارەی ئەو ڕێچکەیەی گیراوەتەبەر بۆ ئەنجامدانی ئامارەکەو لە ڕوانگەی ڕەوشی ئەمنی عێراقەوە، پێموایە ئاماژە بە پێویستی هێزە ئەمنیەکانی عێراق دەکات تاوەکو بەهێزتربن، ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی ڕاهێنانی زیاتر و دارایی زیاتر هەیە بۆ سوپای نیشتمانی و بۆ سوپا ناوچەییەکان بۆ ئەوەی ڕێگری لە ڕوودانی ڕوداوەکان بگرن، لەبری ئەوەی سوپای دەرەکی هەبێت لە وڵاتەکەیاندا، لەبەر ئەوەی هەموویان لە ساتێك لە ساتەکاندا دەبێت وڵاتەکە جێبهێڵن. ئەو کاتە پرسیارەکە ئەوە دەبێت ئەگەر وڵاتەکەیان جێهێشتن و



ژمارەی هێرشە خۆکوژییەکان هەڵکشان، ئەوا پێوەندی بەوەوە هەیە، من دڵنیانیم. لە ڕاستیدا ئەمە بەرجەستەی پێویستی هێزە ئەمنییەکان دەکات بۆ ئەوەی بەتواناتر بن، لەم ڕووەوە پێموایە بەرپرسیارێتیەکی گەورە لە ئەستۆی ئەمریکایە بۆ دابینکردنی دارایی و ڕاهێنان بۆ هێزە ئەمنیەکان بۆ وەستاندنی ئەم چەشنە هێرشانە.

*** لەم بارودۆخەدا کە ڕەوشی ئاسایش بەرەو خراپی دەڕوات، هەستدەکرێت حکومەتی عێراق نەیتوانیوە وەڵامدانەوەی پێویستی بۆ بارودۆخەکە هەبێت، تەنانەت حکومەتی عێراق نەیتوانیوە هەیکەلی خۆشی تەواو بکات، ئایا بارودۆخێکی لەو جۆرە بە حکومەتێکی لەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، ئێوە تەواو ڕاستن کە سیاسییەکانی عێراقی ئەمڕۆ لە ئاستی خوازراودا نین. دووبارە ئەمە یەکێکە لەو مەسەلانەی دەبێت ئەمریکا لە نزیکەوە بایەخی پێبدات و پاڵپشتی ئەو سەرکردە سیاسییانە بکات کە تێڕوانینێکی تائیفی یان ئەجێندایەکی بەرژەوەندخوازانەیان نییە کە ڕاستەوخۆ گرێدرابێتنەوە بە بەرژەوەندی هەندێ وڵاتێکی دیکەوە، بۆ نموونە حکومەتی زۆرینەی شیعەکان بە ئێرانەوە، کە دەبێت ئەو پێوەندیانە بپچڕێنرێن، لە ڕاستیدا ئەمریکا توانایەکی زۆر سنوورداری هەیە بۆ گۆڕینی ئەو دەرئەنجامانە، تەنانەت ئەو کاتەی کە سەربازەکانیشیان لەسەر زەوی بوون. من ئەتوانم مشتومڕی ئەوە بکەم کە حکومەت بوونی ئەمریکیەکانی کردووە بە بیانوی ئەوەی نەیتوانیوە بەرپرسیارێتی بگرێتەئەستۆ. ئەمە کێشەیەك نییە لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا چارەسەربکرێت، بەڵکو پێویستی بە دەیەها ساڵ هەیە بۆ ئەوەی حکومەت بەرپرسیارێتی بگرێتەئەستۆ، ئێمە لێرە لە ئەمریکا کێشەمان هەیە لەگەڵ حکومەتەکەدا، کێشەی گەندەڵی و کێشەی دیکە، ئەگەرچی بەم دواییە سەرکردە بەرپرسەکان گۆڕان. ئەمە مەسەلەیەکە

**بەرپرسیارێتیەکی گەورە لە ئەستۆی ئەمریکایە بۆ دابینکردنی دارایی و ڕاهێنان بۆ هێزە ئەمنیەکان بۆ وەستاندنی ئەم چەشنە هێرشانەی کە دەکرێت**

**کارێکی ژیرانەیە ئەگەر حکومەتی عێراق وەك شەریکێك لە هەرێمی کوردستان بڕوانێت نەك وەك دوژمن. چونکە لە مەودای دووردا خزمەت بە بەرژەوەندی عێراق دەکات**

پێویستی بە ئارامگرتن هەیە، بە قوربانیدان و بە خۆتەرخانکردن هەیە، بەڵام دەبێت هەمموو ئەمانە لە ناوخۆوە سەرچاوە بگرن، پێموایە فەرماندەی سوپای ئەمریکا ناتوانێت بارودۆخەکە بەو شێوەیە بگۆڕێت.

*** بەپێی لێدوانی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئێستا د.نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق هەنگاو بەرەو تاکرەوی و دیکتاتۆریەت هەڵدەگرێت، ئایا ئەگەر سەرۆک وەزیرانی عێراق لەسەر ئەم هەوڵانەی بەردەوام بێت و بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆریەت، ئایا ئاییندەی سیاسی عێراق بەکوێ دەگات؟**

- پێموایە ئەوە مەسەلەیەکە کە دەبێت لە کۆتاییدا عێراقییەکان چارەسەری بکەن، ئێوە ڕاستن کە بەم دواییە مالیکی مەیلی خۆسەپاندن و بێتوانایی لە گەیشتن بە چارەسەری مامناوەندی و پشتگوێخستنی ئەو فرەییەی هەیە خستەڕوو. باش درک بەوە دەکرێت گروپە جیاوازەکان ڕکابەری یەکتر دەکەن و تەنیا بایەخ بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان دەدەن کە عێراق لەو کاتەدا زۆر ناسەقامگیرتربوو، ئەمەش پێوەندی بەو ئاراستەیەوە هەیە کە مالیکی و پشتیوانەکانی بەردەوام بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەدەن، ئەمە شتێکە دەبێت کۆمەڵگەی عێراق و پارتە سیاسییەکان کاری لەبارەوە بکەن دیموکراسی لە شەو و ڕۆژێکدا دروست نابێت، بەڵکو ڕەنگە پێویست بە چەندین حکومەتی گەندەڵ بکات بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیەکی ئاست مامناوەندی هەبێت و گفتوگۆیەکی گونجاو هەبێت لەنێوان لایەنە جیاوازەکاندا. پێموایە دەبێت ئەمریکا هەر کارێك کە لە دەستی بێت بیکات لە ڕووی ڕەخساندنی پاڵنەرەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێگەیە بە مالیکی و پشتیوانەکانی بگۆڕێت، پێموایە ئەمریکا دەتوانێت ئەم کارە بەتایبەتی لەڕووی داراییەوە بکات. هیچ گومانێك لەوەدانییە کە ڕۆژئاوا دەتوانێت کاری زیاتر بکات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری مالیکی، بەڵام ئەمە شتێکی جیاوازە لە بوونی سەربازی لە عێراق لە مەودای دووردا.

*** وێڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان وەك بەشە سەرکەوتوو ئارامەکەی عێراق ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام ئێستا لەلایەن حکومەتی بەغداوە کۆمەڵێك کێشەی بۆ دروست دەکرێت و کۆمەڵێك کێشەش بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، ئایا بەڕای تۆ چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە تاچەند هەڕەشە لە داهاتووی عێراق دەکات؟**

**هیچ گومانێك لەوەدانییە کە ڕۆژئاوا دەتوانێت کاری زیاتر بکات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری مالیکی، بەڵام ئەمە شتێکی جیاوازە لە بوونی سەربازی لە عێراق لە مەودای دووردا**

- من هیوادارم نەگاتە ئەو دۆخە، لە ڕاستیدا من تەفزیلی هەوڵێکی نێودەوڵەتی دەکەم بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیەی لەسەر هەندێ ناوچە هەیە لەنێوان هەرێمە کوردییەکەی عێراق و حکومەتی عێراقدا کە هەیە. کە کۆنفرانسێك یان گفتوگۆیەکی فرەنەتەوەیی بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. کوردستان توانیویەتی حکومەتێکی بەرپرس پێکبهێنێت کە بە ڕاستی پێداویستی خەڵکەکەی دابین دەکات، کە جیاوازیگەلێکی ئاڵۆز هەیە لەنێوان کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراقدا، پێموایە کارێکی ژیرانەیە ئەگەر حکومەتی عێراق وەك شەریکێك لە هەرێمی کوردستان بڕوانێت نەك وەك دوژمن، چونکە ئەمە لە مەودای دووردا خزمەت بە بەرژەوەندی عێراق دەکات. دووبارە گرنگە ئەمریکا و ئەوروپا ئاسانکاری بۆ پرۆسەی گفتوگۆکردن بکەن لەسەر کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کێڵگەی نەوتیان تێدایە، لە کەرکوك و موسڵ و شوێنەکانی دیکە، کە دەکرێت بە شێوەیەك چارەسەر بکرێن کە ئەو مۆدێلەی لە کوردستان هەیە بپارێزن و حکومەتی عێراقیش وا لێدەکات ئەو ڕێگا و شێوازانە بگرێتەبەر کە لە کوردستاندا زۆر بە سەرکەوتویی پیادە کراون.

*** ئێستا دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بەتایبەتی ئێران و تورکیا دەستدرێژی دەکەنە سەر سنوورەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئایا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە ئاستی دەستێوەردانیان چەند زیاد دەکات؟**

- ئەمەش پرسیارێکی باشی دیکەیە،




خاڵێك هەیە دەبێت بووترێت بەتایبەتی لەبارەی حكومەتی ئێرانەوە كە سنووری خاكی ناوچە كوردییەكە و خاكی عێراق دەبەزێنێت. پێموایە دوای كشـــانەوەی هێزەكانی ئەمریكا ئێران كەمتر و كەمتر بایەخ بە بەشـــداریكردن لەم چالاكیانەدا دەدات، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی خولْقاندنی دەرئەنجامگەلێكی ناپێویست لە ناوچە كوردییەكەی وڵاتەكەیدا، كە خەڵكی ئێرانیش بەوە خۆشـــحاڵ نابـــن، لەبەر ئەوە دەكرێت ڕەوتی ڕووداوەكان بەو ئاراستەیەدا بڕوات. توركیاش لە دۆخێكی هاوشـــێوەدا، بـــەڵام من پێموایە ئەمـــە دەگۆڕێت كاتێ ئەمریكا هەندێ فشار دەخاتە سەر توركەكان، كە دەتوانێت فشـــار بخاتەسەر توركیا، بەڵام ناتوانێـــت ئەم كارە لەگـــەڵ ئێراندا بكات. هەروەها دەكرێـــت ئەوروپییەكانیش ڕۆڵێكی گرنگ ببینن لەم ڕووەوە. ئەگەر بە گشتی قســـە بكەین دەكرێت ئەمە بە ئاراستەیەكی پێچەوانەشـــدا بڕوات و ئەوە بە بەرژەوەندی خۆیـــان نەزانن و بەردەوام بـــن لە بەزاندنی ســـنوور. دووبارە ئەمە ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەولەویەتی بوونی حكومەتێكی مەركەزی

**لە ساڵانی داهاتوودا حكومەتەكەی ئەردۆغان لە دۆخێكی دژواردا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی ئەنجامدانی ئەم سنوور بەزاندنانەی بەسەردا تێبپەڕێت**

بەهێـــز كە بتوانێـــت مامەڵـــە لەگەڵ ئەم سنووربەزاندنانە بكات و بەرەنگاریان بێتەوە و لەژێر ڕەحمەتی ئەم هێزە دەرەكیانەدا بێت. كێشـــەی حكومەتەكەی مالیكـــی ئەوەیە زۆر نزیكـــە لە حكومەتی ئێرانەوە. هەروەها ئەگەرچـــی بـــاس لە كاریگـــەری توركیا دەكرێت لە باكووری عێراق و لە كوردستانی عێراقدا، بەڵام پێموایە لە ساڵانی داهاتوودا حكومەتەكـــەی ئەردۆغان لـــە دۆخێكی دژواردا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی ئەنجامدانی ئـــەم چالاكیانەی بەســـەردا تێپەڕێت.

*** ئایا پێتوایە ئەگەر عێراق بەمشـــێوەیە بڕوات هەمان ســـیناریۆی یوگســـلافیای پێشوو دووبارە دەبێتەوە؟**

من نازانم، ناتوانم بە دڵنیاییەكی تەواوەوە پێت بڵێم كە بە چ ئاراســـتەیەكدا دەڕوات، بـــەڵام ئەوە دەزانم كە ئـــەوان هەموویان لەو ناوچەیـــەدا دەژین و دەبێت بە شـــێوەیەك لە شـــێوەكان پێكەوەبژین، تەنانـــەت ئەگەر لە هەرێمـــی ئۆتۆنۆمیشـــدابن و لە ســـایەی حكومەتێكی مەركەزیـــدا نەبن، ئەوا دەبێت پێوەندی دوولایەنانەیان هەبێت، لەبەر ئەوەی لە هەمان ناوچەدان. هیوادارم شەڕی ناوخۆ یاخود توندوتیژی تائیفی ڕوونەدات، چونكە ئەمە خراپترین دەرئەنجامە كە ڕووبدات. لەبەر ئەوە دەبێـــت پێوەندیی دوولایەنە و ئاڵوگۆڕ هەبێت و ئـــەوەش ئاییندەیەكە ئێمە ئومێدی بۆ دەخوازیـــن. پێموایە شـــتێكی گرنگ كە دەبێـــت بیكەین بریتییە لە پاراســـتن و درێژەدان بەوەی سەركەوتوو بووە و گۆڕینی ئـــەوەی دەركەتـــووە ســـەركەوتوو نییە. بۆ نموونە ئەمریكا دەتوانێت هەندێ زەمانەتی ئەمنی بۆ كوردســـتان دابیـــن بكات، واتە ئەمریكا ئەوە بەڕوونی ڕابگەیەنێت لەكاتی كشـــانەوەی هێزەكانیدا هەر شتێك ڕووبدات لە هەرێمی كوردســـتاندا كـــە ببێتە هۆی لاوازكردنی دەســـەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان- كە ســـەلماوە حكومەتێكی زۆر ســـەركەوتوو بووە بۆ خودی كـــوردەكان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەســـەر دەســـتی سەددام و ڕژێمەكانی پێشوو چەشتیان، ئەوا ئەمریكا دەستێوەردان دەكات و ئەمنیەتی بۆ دابین دەكات. نموونەیەك لەم ڕووەوە كە پیادە كراوە لە بۆسنیادا بەدی دەكەین، كە بۆسنیە موسڵمانەكان لەلایەن هێزە نێودەوڵەتیەكانەوە لە بەرامبـــەر زۆرینەدا پارێـــزران، دەكرێت پارێزگاریەكی هاوشـــێوە بۆ كوردەكان دابین بكرێت، بـــەڵام پێموایە كارێكی باش دەبێت ئەگەر لە هەمان كاتدا ئاســـانكاری بكرێت بۆ گفتوگۆكردن لەنێوان لایەنە جیاوازەكاندا، بۆ ئەوەی پتر لە یەك دوورنەكەونەوە و فێری پێكەوەژیان بن، بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا پێكەوە بگونجێـــن. ڕەنگە ئەمە لە مەودای نزیكدا بەدی نەیەت، بەڵام دەبێت ئامانجێك بێت بۆ ئەوەی لە مـــەودای دووردا بەدی بهێنرێت. لەبەر ئەوە پێمواییە پێویست بەوە بكات باس لەشەڕی ناوخۆ و توندوتیژی بكەین، بەڵكو باس لە دابینكردنـــی زەمانەتی ئەمنی بۆ ناوچەیەكی وەك كوردستانی عێراق بكەین و هەنگاو بـــە هەنگاو ئەو ناوچانەی دیكەش بەم شێوەیە لێبكەین كە گرفتیان هەیە.





ستیفن زۆنەس بۆ گوڵان:

# جێی داخە لە کاتێکدا زۆربەی بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاو بە ئاڕاستەی زیاتر دیموکراسیدا دەنێن، دەبینین لەعێراقدا شێوازە کۆنەکەی خۆسەپاندن قووڵتر دەکرێتەوە

**پرۆفیسۆر ستیفن زۆنس ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی سانفرانسیسکۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و لەم بوارەشدا لەسەر ئاستی جیهان وەك شرۆڤەوانێکی جیهانی ناسراوە و بەردەوام لەسەر ئاستی کەناڵە جیهانییەکان بانگێشت دەکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق، بەپێویستمان زانی چەند پرسیارێك ئاڕاستەی پرۆفیسۆر زۆنەس بکەین، بەسوپاسەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن و وەڵامی داینەوە.**

*** هەندێك لە چاودێران ترسی ئەوەیان هەیە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، عێراق بگەڕێتەوە بازنەی توندوتیژی، لەمەش زیاتر هەندێك مەزندەی ئەوە دەکەن شەڕی ناوخۆش هەڵبگیرسێتەو، ئایا بنەمای ئەم مەزندانە لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟**

- لەبەر ئەوەی سوپای ئەمریکا شارەزایە لە بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوون و تیرۆریزمدا، ئەوا لە ڕاستیدا کشانەوەی ئەم هێزە ئەگەری زیادبوونی توندوتیژی تیرۆرستی لەگەڵ خۆیدا زیاتر دەکات، لەلایەکی دیکەوە بوونی سەربازی ئەمریکا لە عێراقدا دەکرێت ببێتەهۆی هەڵکشانی ناسیۆنالیزم و توندڕەوی، کە بۆتە هۆی ئەوەی بیانوو بداتە دەست هەندێ لە گروپە تیرۆریستییەکان بۆ هێنانی خەڵك بۆ ناو ڕیزەکانیان، کەواتە ئەوەش مومکینە کە کاریگەری پێچەوانەی هەبێت، لەبەر ئەوە بە ڕاستی زەحمەتە حوکم بدەین.

*** حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی پێشوەختە سنوورێك بۆ ئەم ئەگەرانە دابنێت و عێراق لەمەترسی گەورەتر دووربخاتەوە و پرۆسەی سیاسی ڕێکبخاتەوە، هەست دەکەین بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئایا بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق بەمجۆرە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟**

- بەداخەوە ئەو شێوەیەی ئەم حکومەتەی پێ پێکهێنرا کە ئێستا لە دەسەڵاتدایە، بووە هۆی دروستکردنی گروپگەرایی، کە بۆتەهۆی ئەوەی بوونی حکومەتێکی نوێنەرایەتی و یەکگرتوو شتێکی مەحاڵ بێت.

سەبارەت بە عێراق شێوازی ڕووخانی ڕژێمەکەی جیاوازبوو، هەندێ لەو دیکتاتۆرانەی لەلایەن بزاڤی جەماوەری ناتوندوتیژیەوە ڕووخێنراون، وەك لەزۆرێك لەبەشەکانی جیهاندا بینیمان، بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانن سیستمێکی حکومڕانی سەقامگیر و دیموکراتی بخوڵقێنن، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە بەشداری جەماوەری هەبوو، لەبەر ئەوەی بەخشین و وەرگرتن هەبوو، لەبەر ئەوەی ڕازی بوون بە چارەسەری مامناوەند هەبوو. هەرچۆنێك بێت، بەڵام کاتێك لەڕێی داگیرکاری دەرەکیەوە دیکتاتۆرێك دەڕووخێنرێت، بێ بوونی پرۆسەیەکی ئۆرگانی بەدیموکراتیکردن، ئەوا زۆرێك لەو گروپانەی لە ئارادا دەبن گروپی میلیشیای چەکدارن، کە بایەخ بە گەیشتن بە ڕێگاچارەی مامناوەند نادەن، بەڵکو بایەخ

**بەداخەوە ئەو شێوەیەی ئەم حكومەتەی پێ پێكهێنرا كە ئێستا لە دەسەڵاتدایە، بووە هۆی دروستكردنی گرووپگەرایی، كە بۆتەهۆی ئەوەی بوونی حكومەتێكی نوێنەرایەتی و یەكگرتوو شتێكی مەحاڵ بێت**

بە سەپاندنی ئیرادەی خۆیان دەدەن بەسەر ئەوانیدیكەدا، بە سەپاندنی ئەجێندای خۆیان، تەنانەت ئەگەر حكومەتەكەش هەڵبژێردراو بێت، ئەوا لەبەر ئەوەی پرۆسەكە دیموكراتی نەبوو، ئەوا پەنا ئەبرێتە بەر سیاسەتی هێز، هەر ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی حكومەتی عێراق سەركەوتوو نەبێت.

*** بەپێی لێدوانی زۆربەی لایەنە سیاسییەكانی عێراق ئێستا د.نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەنگاو بەرەو تاكڕەوی و دیكتاتۆریەت هەڵدەگرێت، ئایا ئەگەر سەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر ئەم هەوڵانەی بەردەوام بێت و بگەڕێتەوە بۆ دیكتاتۆریەت، ئایا ئایندەی سیاسی عێراق بەكوێ دەگات؟**

- ئەمە كێشەیەكی جدیە كە شایەتی ئیغتیالكردنی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان دەبین كە پشتیوانیان لە كۆمەڵگەی مەدەنی دەكرد. زۆربەی عێراقیەكان تائیفی نین، زۆربەی عێراقیەكان خوازیاری باوەڕهێنانن بە دیموكراسی، زۆربەی عێراقیەكان خوازیاری سیستمێكن تێیدا جیاوازیە سیاسییەكان بەشێوەیەكی ناتوندوتیژ یەكلاكرێنەوە، نەك بەهۆی میلیشیای چەكداری و تیمەكانی مەرگ و تیرۆریزمەوە. بە داخەوە مالیكی بەرجەستەی شێوازێكی ئۆتۆكراتی سیاسەتی عەرەبی دەكات، كە ئەم سیاسەتەش ڕووبەڕووی تەحەددی بۆتەوە، لە تونس، میسر و سوریا و بەحرین و وڵاتانی دیكە. خەڵكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیانەوێت بڵێن ئەمە ئەو ڕێگایە نییە كە دەبێت بگیرێتەبەر بۆ بەڕێوەبردنی حكومەت. جێی داخە لە كاتێكدا زۆربەی بەشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاو بە ئاراستەی زیاتر دیموكراسیدا دەنێن، دەبینین لە عێراقدا شێوازە كۆنەكەی خۆسەپاندن قوڵتردەكرێتەوە.

*** ئێستا گرنگترین كێشە لەنێوان كورد و حكومەتی بەغدا كێشەی ناوچە جێ ناكۆكانە، ئەگەر كێشەكانی نێوان كورد و بەغدا چارەسەر نەبێ، بارودۆخەكە بەكوێ دەگات؟**

- ڕەنگە كێشەی كورد مەترسیدارترین كێشە بێت، هەروەها دابەشبوونی شیعە و سوننە و دابەشبوونەكانی دیكەی ناو كۆمەڵگە، ئێمە باس لە مافی بڕیاردانی چارەنووس دەكەین. ئەمە ڕەوشێكە دەبێت چارەسەربكرێت. تا ئێستا هەوڵی ڕاستەقینە نەدراوە بۆ چارەسەركردن، ئەوەی هەیە بریتییە لە دواخستنی كێشەكان، ڕەنگە لێرە و لەوێ گەیشتن بە چارەسەری مامناوەندی لەسەر كێشەی بچووك بەدی بكرێت، بەڵام هێشتا كێشە سەرەكییەكان چارەسەرنەكراون. بە داخەوە لە كاتێكدا ئەمریكا پشتیوانی كێشەی كورد بووە، ئێستا ئەو پشتیوانیە زۆرە بەدی ناكرێت، ڕەنگە ئێمە جارێكی دیكە شایەتی ئەوەبین-هەروەك چەند جارێك لە مێژووی ئەم دواییەدا بینیمان- كە ئەمریكا لە بەرامبەر

**بە داخەوە مالیكی بەرجەستەی شێوازێكی ئۆتۆكراتی سیاسەتی عەرەبی دەكات، كە ئەم سیاسەتەش ڕووبەڕووی تەحەددی بۆتەوە، لە تونس، میسر و سوریا و بەحرین و وڵاتانی دیكە**


بەدەستهێنانی پشتیوانی كوردەكاندا بەڵێنی پێداون، بەڵام دواتر دەستی لێبەرداون و پشتی تێكردوون. ئەمریكا كارێكی زۆر ناكات و كارێكی زۆری نەكردووە بۆ ئەوەی كوردەكان بپارێزێت، سنووربەزاندنی فراوانی توركیا لە ساڵانی نەوەتەكاندا، لە كاتێكدا بڕیار بوو ناوچەی كوردەكان لەعێراقدا ناوچەی ئارام بێت كە لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان ڕاگەیەنرابوو، بەڵام ئەمریكا هیچ ئیعتیرازێكی نەبوو لەسەر سنووربەزاندنی توركیا، بەڵكو ئەو چەكەی لەلایەن توركیاوە بەكاردەهێنران چەكی ئەمریكی بوون. لەبەر ئەوە من باوەڕم وانیە بوون یان نەبوونی ئەمریكا لە عێراقدا جیاوازیەكی گەورە دروست بكات بۆ ڕەوشی ئەمنی ناوچە كوردییەكەی عێراق. ئەوەی ئاشكرایە ئەوەیە ئێران و توركیا-هەڵەبن یان ڕاست-بوونی گروپە چەكدارییەكان لەناو ناوچە كوردیەكە لە عێراقدا وەك بیانویەك بەكاردەهێنن بۆ ئەم جۆرە دەستێوەردانانە، بە داخەوە ئەمە ئەگەری بەردەوام بوونی هەیە.

*** زۆر لە چاودێران پێیان وایە ئەگەر ئەمجارە توندوتیژی لەعێراق سەرهەڵبداتەوە، ئەوا ئایندەی عێراق دەگاتە ئەو ئاستەی پێكهاتەكانی عێراق كورد و سوننە و شیعە نەتوانن پێكەوە بژین، ئایا پێتوایە عێراق بە هاوشێوەی یوگسلافیا لەبەر یەك هەڵبووەشێت؟**

پێموایە شتەكان لەم ڕووەوە تا ڕادەیەك بەرەوپێشچووە، باوەڕم وایە عێراقیە گەنجەكان بەڕاستی بێزارن لە تائیفیەت، بێزارن لەم دابەشبوونە، بێزارن لە سیاسەتی دابەشكردن و زاڵبوون، پێموایە گەورەترین دابەشبوونی نێوان عەرەبەكانی عێراق لەنێوان شیعە و سوننەكاندا بێت، بەڵكو لەنێوان عەلمانی و ناسیۆنالیستەكانی ناو هەردوو ئەو تائیفانەدایە. بەڕاستی پێموایە وەك بەشێك لەو بێداربوونەوەیە بەرەو دیموكراسی، كە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەكرێت بەرەو عێراقیش پەلدەكێشێت، هەم لەڕووی داواكردنی دیموكراسیەتی زیاترەوە، هەروەها هەروەك لە میسردا بینیمان كە موسڵمان و مەسیحیەكان دەیانوت ئێمە یەكین، كە چەندین خەڵكی جیاواز هەبوون كاریان بۆ دیموكراسی دەكرد، هەروەك لە بەحرەین كە سەرەڕای هەوڵدانی حكومڕانی پاشایەتی بۆ خستنەڕووی خەبات لەپێناو دیموكراسیدا وەك شیعەگەریەكی تائیفی، ئەوا هوتافی ئەوە دەدرا ئێمە هەمووەمان بەحرەینین، پێموایە تاوەكو زیاتر كۆمەڵگەی مەدەنی بێتە مەیدانەوە، ئەوا خەڵكە ئاساییەكە نەك سەركردە سیاسییەكان دەبنە ئەكتەری سەرەكی. پێموایە تاوەكو دیموكراسی زیاترمان هەبێت لەسەر ئاستەكانی خوارەوەی خەڵك، ئەوا ئەگەری هاتنەئارای ڕەوشێكی مەترسیداری دابەشبوونی تائیفی كەم دەبێتەوە كە دووبارە وڵاتەكە بگەڕێنێتەوە بۆ شەڕی ناوخۆیی.

**ئاشكرایە ئێران و توركیا-هەڵەبن یان ڕاست-بوونی گرووپە چەكدارییەكان لەناو ناوچە كوردیەكە لەعێراقدا وەك بیانویەك بەكاردەهێنن بۆ ئەم جۆرە دەستێوەردانانە**

# ئەمازیغییەکان و
# بەهاری عارەبیی ئەفریکایی



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

ژمارە (٨٥١) ■ ٢٠١١/١٠/١٧

**ئەو هۆزە عارەبیانەی لە باکووری ئەفریکیادا نیشتەجێ کران، لەسەر حیسابی نەتەوەو تیرە ڕەسەنەکانی ناوچەکە پێگەو شوێنیان بۆ خۆیان کردەوەو خەڵکە ڕەسەنەکەشیان تەعریب کرد**

باکــووری ئەفریــکا لەلایەکــەوە لــە دەریای ناوەڕاست وقەراغەکانی باشووریی بیابانی گەورەوە دەست پێدەکات و لە لایەکی تریشەوە ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان دەریای ســوورو تا بە ئۆقیانووسی ئەتڵەســی دەگــەن، تــەواو دەبێت، بەم شــێوەیە پێگەیەکی ســتراتیژی پڕ بایەخ لــەو جێگانەیە کە کیشوەری ئەفریکا بە کیشــوەرەکانی ئاسیا و ئەورووپاوە دەبەستنەوە، دەریای ناوەڕاستیش هەر لە سەرەتای چاخە مێژوویەکانی کۆنەوە تا ئێستاش پردێکی نموونەییەو شارســتانێتییەکانی ئەورووپاو ئاسیاو ئەفریکای پێکەوە گرێ داوەتەوە..

کاتێك لە ســاڵی ١٨٦٩زایینــی نۆکەندێ بە ناوی ســوێس کرایــەوە، ئیتر لەو کاتەوە لەســەر ئاســتەکانی بازرگانی و کەلتووری و سەربازیی ئەم هاوبارگەبوونە شارستانییەی نێوان کیشوەرەکان بۆ خۆیان ڕۆڵێکی گەورەتریــان گێڕاوە، هەروەك چۆن بوونی ڕووباری نیل لەو کیشــوەرەدا هاوکار بووە لەوەی میســرییە کۆنــەکان تێکەڵی زنجییە ئەفریکییەکان بن، ئــەم تێکەڵاوبوونەش بۆ خۆی توندبوونەوەی ململانێ و کێبەرکێی نێوان وڵاتانی زلهێز ڕاقــە دەکاتەوە، بە تایبەتی لە نێوان هەردوو ســەدەی نۆزدەیەمین و بیستەمدا، کاتێك زۆربەی ناوچەکانی ئەم کیشــوەرە لە لایەن ئیســتیعمارەوە داگیرکرابوون، ئەوەش بەر لەوەی گەلان ڕزگاریان بێت و دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن..

بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان یەك لە دوای یەك و ماوە دوای ماوە پێشــوازی لە دەوڵەتە ئەفریکییە ســەربەخۆکان کرد، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی ســەدەی ڕابردووەوە. گەرچی هــاوکات لەگەڵ دامەزراندنــی ڕێکخراوی نەتــەوە یەکگرتووەکان ژمارەیان لەچوار دەوڵــەت تێنەدەپەڕی، ئەوانەیش بریتی بوون لە میسرو ئەسیوبیاو لیبریاو باشووری ئەفریکیــا، کەچی ئێســتا ژمــارەی دەوڵەتانی ئەفریکا بوونەتە ٥٠ دەوڵەت، ئەوەش ڕەنگدانەوەی بایەخ و ڕۆڵی کیشــوەری ئەفریکا نیشان دەدات لەســەر داهاتووی ململانێ و سەرتا پای ڕووداوە جیهانییەکان..

کەنارەکانی خۆرهەڵات لەو کیشوەرە ڕەنگ ڕەشەدا، هەر لە دوورگەی سیناوە تا دەرتەنگەی بابولمەندەب دەروازەی ســەرەکی بوون بۆ ئــەو کۆڕەوانەی کە لە دوورگەی عارەبییەوە بە مەبەســتی بازرگانی و ئاوەدانی یان بــە بەرچاوتەنگی داگیرکارییەوە دەهاتنــە ناوچەکانــی ئەفریکیا، ئــەوەش کاتێك بوو بەر لەوەی لەســەردەمانی گەیاندنی پەیامی ئیســلامەتیدا عــارەب بەرەو باکــووری ئەفریکا بکشــێنە خوارەوە، کە دواتر لە سەدەی حەوتەمی زایینیەوە یەکجاریی بە مەبەســتی بڵاوکردنەوەی ئیســلامەتی؛ عارەبەکان چوونەتە ئەوێ و زمان و ئایینی ئیســلامییان کردۆتە زمانی ڕۆژانەی خەڵکەکەیی و ئایینی بە فەرمی ناسێنراویان..

بێگومان ئــەو هۆزە عارەبیانــەی لە باکووری ئەفریکیادا نیشــتەجێ کران، لەســەر حیســابی نەتەوەو تیرە ڕەسەنەکانی ناوچەکە پێگەو شوێنیان بۆ خۆیان کردەوەو خەڵکە ڕەسەنەکەشــیان تەعریب کرد، بەربەرەکان کە هاونیشــتمانییە ڕەسەنەکانی ئەفریکیــان، کەلتــوورو زمــان و داب و نەریت و کەلەپووری دیرینەی خۆیان بە پارێزراوی هێشتەوەو هەموو هەوڵەکانــی داگیرکارانی وەك بەریتانی و فەرەنســی و ئیتالی و ئیسپانی پێکەوە نەیانتوانی بوونی بەربــەرەکان و ناســنامەی نەتەوەییان لە ڕەگەوە بسڕنەوەو پێیان نەکرا کەلتوورو مێژوویان بە یەکجاریی لەناوبەرن..

باکووری ئەفریکایی لــە مێژووی هاوچەرخدا بزاڤێکــی هاوبارگەیــی و تێکەڵاویــی لە نێوان نەتــەوەو ڕەگەزو ئایینی هەمەجــۆر تێدا هەبووە ئەوەش بەهۆی پەرەســەندنی تواناکانی نەوەکانی ئەفەریکایی بووە لەســەر هاتوچــوون و جووڵەو زیادبوونی پێویستییە هەمەجۆرەکانی ژیارییان، کە بە هۆیەوەچیــن و توێژەکانیان تێکەڵاوی یەکتری دەبــوون و زمانەکانیش بە نــاو یەکتریدا دەچوون

کەلتووری بەرواو بیرو بۆچوونیان هەمەجۆریتی تێدەکەوت..

ئەم هاوئاوێزان و هاوبارگەبوونە ژیارییەی گەلانی ناوچەکە بۆ چەندین فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە لەوانە:

١ــ سەربەخۆیی بوونی زۆربەی ولاتانی ئەفریکایی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەم هۆیە وای کردووە لە زۆر لایەنەوە سنووری ماف و ئاواتەکانی نەتەوەو گەلانی ئەفریکایی ببەزێنرێت و پێشێل بکرێن بە تایبەتیش لە رووی ئابینیەوە، کاتێك نەخشەشیان بۆ دانانی سنووری دەسکرد بۆ رەنگرێژکردن، گەلانی ئەو کیشوەرەیان لەیەکتر دابری و لە نێوان ولاتانی ناجوور و ناهەمە شێوەدا پەرت پەرتیان کردن، گەلی بەربەر یەکێکە لەو گەلانەی لە نێوان مەغریب و جەزائیرو تونس و لیبیا و مۆریتانیا دابەشیان کردن..

٢ـ پێگەی جیۆگرافیایی ناوچەکە وەك پردێکە کە لە دێر زەمانەوە هەرسێ گەلانی ئەوروپایی و ئاسیاویی و ئەفریکایی پێکەوە گرێداوە (وەك پێشتر وتمان)..چەندین دەروازەو دەرگاش هەبوون کە لێیانەوە زۆر گرووپ و هۆزی دەورووبەر تێوەی خزاونەتە ناوەوە و لەگەڵ خەڵکی رەسەنی ئەفریکاییدا تێکەڵاوبوون..

٣ـ ئەو کۆڕەوانەی بەهۆی شالاوی کشانی عارەبەکانەوە کە بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی ئیسلامەتی ئەنجام دراون بەرەو ئەوێ و دواتریش داگیرکردنی کیشوەرەکە لە لایەن ولاتانی ئەوروپیی، رووداوە سیاسییەکانی زیاتر کردووە بە تایبەتیش لە ناو باکووری کیشوەرەکەدا، ئەوەش وای لەو گەلانە کردووە لە دژی ستەمکاری و داگیرکاری راپەڕن و لە هەوڵی بە دەست هێنانەوەی مافە سیاسی و نەتەوەیی و کەلتوورییەکانیان خەبات بکەن و مافی چارەی خۆنووسین بکەنە پەیامی خۆیان..

ئەمەش کارێکی سرووشتییە کە پەرەسەندنە ئیجابییەکانی ئەم دواییانەی تونس و میسر و دواتریش لە لیبیا و جەزائیرەوە تا دەگاتە مۆریتانیا و مەغریب و دامەزراندنی دەوڵەتی باشووری سودان، هەر هەموویان خاڵەکانی وەرچەرخان بن و وەك کاردانەوەی ئەو گەلانە لەبەرانبەر کاری چەوسانەوەو پێشێلکردنی مافەکانیان، چ لە رووی سیاسی و ئایینی یان نەتەوەیی و کەلتووری کە لە ماوەکانی رابردوودا لە دژیان ئەنجام دەدرا، ئاساییە ئێستا هەوڵی گێڕانەوەی مافەکانیان بدەنەوە، بە تایبەتی لەناو ئیتنییە زوڵملێکراوە سەرەکییەکانی گەلانی ناوچەکەدا کە پێویستیان بەدەستخستنەوەی شانسی دیاریکردنی چارەنووسیانە لەئاکامی ئەو رووداوانەی کەلەم دواییەدا هەڵایساون..

ئەمازیغییەکان لەلیبیادا لە هەوڵی گێڕانەوەی ناسنامەی ئەتنی و نەتەوەیی رەسەنی خۆیاندان، هەوڵیش دەدەن کەلەپوورو سیما نەتەوەییەکانی خۆیان زیندوو بکەنەوەو لە دانانی دەستووری داهاتووی ولاتدا بە پاڵ زمانی عارەبییەوە زمانی رەسەنی خۆیان بچەسپێنن..

لەم چوارچێوەیەشدا ئەمازیغییە لیبییەکان رۆڵی ئەکتیڤانەیان بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو هەیە، لەو کۆنگرەیاندا کە لە شاری ترابلوس سازیاندا داوایان کرد (زمانی ئەمازیغی بکرێتە زمانێکی فەرمی و هەروەها پاڵپشتیکردنی یەکێتی نەتەوەکان لە لیبیا)دروشمی سەرەکی کۆنگرەکەیان بێت، ئەوان لەو کۆنگرەیەدا لە سەرکردایەتی نوێی لیبیا داواکار بوون تا لە دەستووردا ئەم مافەیان بچەسپێنرێت، ئەوەی جێی هەڵوەستەیە هەر زوو بە خێرایی ئەم داخوازییە رەوایانەی ئەمازیغی لە هەموو ولاتانی تری کە ئەوانی تێدان، دەنگ و سەدای دایەوە، بەو شێوەیە ئەم دەنگدانەوەیە دەبێتە هێزێکی کارا وسنووربڕ، ناوەستێت تا سەرکەوتن بە دەست نەهێنێت..

لە مەغریبیش محەمەد پاشای شەشەمین بەر لە چەند مانگێك هەندێك چاکسازیی بەرفراوانی راگەیاندو ئاماژەی دا بە رۆڵی ئەمازیغییەکانی کە لە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەو گەیاندنی داخوازییەکانیان، لە پێشەوەی هەموانیش مافی چارەی خۆنووسین، لەم بارەیەوە یەکێك لە سەرکردەکانی ئەمازیغی لە مەغریب جەختی لەوە دەکردەوە: کە پاشا قبوڵی کردووە تا بە دەستووری ولاتدا چاوخشانەوە بکات و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەی پسپۆڕو تایبەتی داناوە، ئەوەش دەرفەتێکە بۆ ئەمازیغیەکان تا مافە نەتەوەییەکانیان لە دەستووردا بچەسپێنن، بە تایبەتی مافی خوێندن و قسەکردن بە زمانی ئامازیغی..

ئەمازیغییە توونسییەکانیش وەك براکانیان کە لە باکووری ئەفریکادان داوای مافی نەتەوەیی دەکەن بە سوودوەرگرتن لەو گۆڕانکارییانەی ئەم دواییەی لە تونس روویانداوە لە هەوڵی خۆیاندان، ئەوەش لەدوای چەند چاخێك لەپەراوێزخستن و لەناوبردن و فەرامۆش بوونیان..

پەرەسەندنە سیاسییەکانی داهاتووی باکووری ئەفریکا زۆر گۆڕانکاریی پێوەندیدار بە داهاتووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ولاتانی ناوچەکەمان بۆ یەکلایی و روون دەکاتەوە، بە دڵنیاییی ئەمازیغییەکانیش لەو پەرەسەندنانەدا رۆڵی کاراو ئەکتیڤ دەگێڕن.

**نەتەوە یەککرتووەکان یەك لە دوای یەك و ماوە دوای ماوە پێشوازی لە دەوڵەتە ئەفریکییە سەربەخۆکان کرد، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردووەوە**

**ئەمازیغییە توونسییەکانیش وەك براکانیان کە لە باکووری ئەفریکادان داوای مافی نەتەوەیی دەکەن بە سوودوەرگرتن لەو گۆڕانکارییانەی ئەم دواییە لە تونس روویانداوە**

# بەلام هێشتا ڕووخانی

((موعارەزەی سوری پێشـــبینی ئەوە دەکات سـ
لەماوەی شەش مانگ یان ساڵێکدا خۆپیشاندانەکان
لەدروستکردنی درزێکی گەورە لەنێوان سوپا و بزنس
ئەمە ســـیناریۆیەکی واقیعی بێت. ئێمە بینیمان س
و شـــیعەکان لەنەوەتەکاندا نەبوونەهۆی ڕووخاند
ئەوە ڕوون نییە ئایا موعارەزە ســـەرکەوتوو دەبێت
لەئاییندەیەکی نزیکدا یان نا)).



# ...ی کاسان نییە

...وریا دەگاتە خاڵێکی دیاریکراو
...ی موعارەزە سەرکەوتوو دەبێت
...کارەکاندا. من دڵنیانیم لەوەی
...ـزای دەرەکی و ڕاپەڕینی کورد
...نی ڕژێمەکەی سـەددام، لەبەر
...ی لەڕووخاندنی ڕژێمی ســوریا

جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان



باروودۆخی ســوریا لەهیچ ڕوویەکــەوە لەباروودۆخی عێراقی پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن نەچێت، ئــەوا لەو خاڵەدا بەیەکدەچن کــە هەردووکیان بەیەك شــێوە حکومڕانی دەکەن و حزبی بەعســە لەماوەی زیاتر لە٤٠ ســاڵی ڕابردوو بەشــێوەیەك دەوڵەتێکی پۆلیســی دروســتکردووە، زۆر زەحمەتە کە بتوانرێت بەئاسانی درز و کەلێن لەنێو ئەو دامودەزگایە دروست بکرێت کە ڕاستەوخۆ چارەنووسی خۆیان گرێداوەتەوە بەچارەنووســی ڕژێمەکــەی ئەســەدەوە، هەروەها بێجگە لەنموونەی عێراق باروودۆخی میســر و تونس وانەیەکی باشیان فێری ســەرۆکە عەرەبیەکان نەکرد کە بەشێوازی ئاشتیانە دەسەڵات بەجێ بهێڵن، لەبەر ئەوەی میسر و تونس دەریانخست سەرۆکە عەرەبەکان بەشــێوەی موبارەك و بن عەلی دەسەڵات بەجێبهێڵن، یان بەشێوەی قەزافی یەك چارەنووسیان دەبێت، بۆیە هەموو ئەگەرەکان لەدەوری ئەو خاڵە دەسوڕێنەوە کە

**ئەگەر باروودۆخی سوریا لەهیچ ڕوویەکەوە لەباروودۆخی عێراقی پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن نەچێت، ئەوا لەو خاڵەدا بەیەکدەچن کە هەردووکیان بەیەك شێوە حکومڕانی دەکەن**

سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد هەتا دوا دڵۆپی خوێن شەڕ بکات، بەڵام پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ڕژێمی ئەسەد بەهاوشــێوەی قەزافی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ناتۆ دەکات؟ یان باری سوریا جیاوازە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت دەســتێوەردان لەباروودۆخی سوریا بکات؟ ســەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر دۆڤ واکسمان ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی ویسمان و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، واکسمان وێڕای ئەوەی خۆپیشــاندانەکانی بەهاری عەرەبی بەخاڵی ســەرەکی و وەرچەرخان بۆ ناوچەکە لەقەڵەمدەدات، بــەڵام لەهەمانکاتدا ئاماژەش بەوە دەکات باروودۆخی ســوریا و لیبیــا دوو باروودۆخی جیــاوازن و ناکرێت بەیەکتری بەراورد بکرێــت، لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربــڕی و وتی: (ئەو ڕووداوانەی لەســاڵی ڕابردوودا ڕوویاندا خاڵێکــی وەرچەرخانی بنەڕەتین لەسیاســەتی ناوچەکــەدا، پێموایە دوای دەیان ســاڵ لەحکومڕانێتی خۆسەپێن و دوای ئەوەی ئەو مافە لەخەڵك زەوت کرابــوو کە دەنگیان هەبێت لەحکومەتەکەیاندا، ئێستا داواکاری بۆ ئەوەیە خەڵك سەرچاوەی دەسەڵات بێت و بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لەحکومەتــدا، ئەمەش بۆتە داواکاریەك کە ناتوانرێت

**کە دووچاری تۆقان و دڵەڕاوکێ ببنەوە بۆ ئەوەی دووبارە ملکەچ بن**

بــەری پێبگیرێت لەسەرتاســەری ناوچەکەدا. لەبەر ئەوە پێموایە ناکرێت پاشەکشە بکرێت لەوەی لەماوەی ســاڵی ڕابردوودا هاتۆتەپێشــەوە، بەڵام پرســیاری بنەڕەتــی لەبەردەم ڕژێمەکانی ناوچەکەدا ئەوەیە ئایا ئیعتیــراف بەم داواکاریانە دەکــەن و ملیان بۆ کەچ دەکەن یاخود بەرەنگاری دەبنەوە؟ وەك بینیمان چەند ڕژێمێك ئارەزومەندانە هەســتان بەئیعتیرافکردن بەم داواکاریە و لەژێر فشاری پێشبینی خەڵکدا بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیەکی زیاتریان هەبێت دەستیان بەچاکسازی کــرد. لەلایەکــی دیکە ئــەو ڕژێمانــەش هەن کە بەرەنگاری ئەم داواکاریە بوونەوە کە بەشــێوەیەك ڕوو لەزیادبوونە و بەرەو توندوتیژی هەڵدەکشــێت، یەمەن نمونەیەکە لەم ڕووەوە، لەڕابردوودشدا لیبیا و ئێستاش گەورەترین نموونە لەم ڕووەوە بریتییە لەسوریا. پێدەچێت ســوریا باوەڕی وابێت دەتوانێــت ئەوەندە ترس لەدڵی خەڵکی بچێنێت کە دووچــاری تۆقانن و دڵەڕاوکێ ببنەوە بۆ ئەوەی دووبــارە ملکەچ بن، پێموایە ئەمە باوەڕێکی هەڵەیە، نەك تەنیــا لەڕووی ئەخلاقیەوە، بەڵکو لەکۆتاییدا دەبێتەهۆی کۆتایی هێنان بەڕژێمی ســوریا. بەڵام ئــەوەی جێگەی هەڵوەســتەیە نابێت باروودۆخی سوریا و لیبیا تیکەڵاو بکەین، لەبەر ئەوەی جیاوازیەکــی گرنگ هەیە لەنێوان ســتراتیجیەتی ئەسەد لەســوریا و ئەوەی قەزافی لەلیبیادا کردی، ڕژێمی ئەسەد پشــت بەهاوکاری دەرەکی دەبەستێت، نەك هەر تەنیا بەهاوکاری ئێران، بەڵکو بەڕوســیا و تا ڕاددەیەك بەچینیش، پێموایە ئەوەش توانای سوریا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەپێناو پاراستنی خۆیدا ســنووردار دەکات. بەلای منەوە ســوریا هەوڵدەدات بەهەموو نرخێك خۆی لەوە لابدات کە دۆخەکە بەرەو شەڕێکی گەورە هەڵکشێت، ئەگەرچی ڕەنگە بەهۆی کردەوەکانییەوە ئەم ئەنجامە بێنێتەئاراوە. بەلای منەوە مەترســی گەورەتر بریتییە لەهەڵگیرســانی شەڕی ناوخۆ. من پێموایە لەم قۆناغەدا بەڕاســتی ئایندە دەوەستێتەســەر ئــەوەی ئایا چینــی ناوەند، چینی بزنسکار لەدیمەشــق، لەئاییندەیەکی نزیکدا درك بەو


**سوریا هەوڵدەدات بەهەموو نرخێك خۆی لەوە لابدات کە دۆخەکە بەرەو شەڕێکی گەورە هەڵکشێت. ئەگەرچی ڕەنگە بەهۆی کردەوەکانییەوە ئەم ئەنجامە بێنێتەئاراوە**

گوڵان

سیاسی

سەرکەوتوو دەبێت لەدروستکردنی درزێکی گەورە لەنێوان سوپا و بزنسکارەکاندا. من دڵنیانیم لەوەی ئەمە سیناریۆیەکی واقیعی بێت. ئێمە بینیمان سزای دەرەکی و ڕاپەڕینی کورد و شیعەکان لەنەوەتەکاندا نەبوونەهۆی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەددام، لەبەر ئەوە ڕوون نییە ئایا موعارەزە سەرکەوتوو دەبێت لەڕووخاندنی ڕژێمی سوریا لەئاییندەیەکی نزیکدا یان نا)).

پرۆفیسۆر لاندیز لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیەکەی لەسەر سوریایە، بۆیە لەسەر وردەکاری بارودۆخەکە هەڵوەستە دەکات و پێیوایە ئەوە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە لەم بارەوە پرسیاریشمان لەپرۆفیسۆر ڕیچارد دەبلیوو بیولت ئوستادی مێژوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی کۆلۆمبیا کرد و ئەویش لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی




ریچارد بیولیت بۆ گوڵان:

**ئەگەر ڕژێمی ئەسەد بگۆڕێت، ئەوا گەورەترین ئەگەر ئەوەیە ئەسەد پۆستەکەی جێدەهێڵێت و زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە کەسێکی دیکەی عەلەوی بێت و جێگەی بگرێتەوە**

بۆ گوڵان دەربڕی: (سوپای سوریا زۆر بەهێزتر و پیشەییترە لەسوپای لیبیا، هەروەها ئەسەد خاوەنی شەرعیەتێکی بەرچاوە کە سەرچاوەی لەبەرهەڵستیکردنی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە گرتووە. ئەگەر سزا ئابوورییەکان وڵاتەکە دووچاری ئیفلیجی نەکەن-کە پێموانییە ئەم کاریگەریەیان هەبێت بە لەبەرچاوگرتنی دوو دڵی ڕوسیا و چین بۆ ئەوەی کار بکەن لەم ڕووەوە-پێموایە ئەسەد بۆ ماوەیەك لەدەسەڵاتدا دەمێنێتەوە. ڕەنگە ئەو ماوەیە بەس بێت بۆ ئەوەی قەیرانەکانی شوێنەکانی دیکە، کە زیاتر ئەگەری ئەوە دەکرێت لەمیسر ڕووبدات، ڕووداوەکانی سوریا لەبیر ببەنەوە. لەم چوارچێوەیەشدا من وای دەبینم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕاستی لەدوورەوە وەك تەماشاکارێك چاودێری ئەو ڕووداوانە دەکات کە بە بەرچاویدا تێدەپەڕن. مەترسی ئەوەی دەستێوەردان ببێتەهۆی خولقاندنی بارودۆخێکی ئاڵۆزتر و سلبیتر ئەوەندە گەورەیە کە هەوڵی ئەنجامدانی نادرێت. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باوەڕی بەو بیرۆکەیە هەیە کە کردەوەگەلێکی توندوتیژی دیاریکراو یاخود ئەو کردەوانەی کوشتاریان لێدەکەوێتەوە بەرپرسیارێتی تاکە کەسەکان یان دەزگاکانیانە. ئێمە بینیمان چەند کەسایەتیەکی دیاریکراوی سوری خرانە لیستی سزاکانەوە. کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو لیستە بەردەوام و بەرفراوان بێت، بەڵام من پێشبینی ناکەم کاری لەوە گەورەتر بکرێت)).

## ڕۆڵی تورکیا لەم پرۆسە ئاڵۆزەی سوریادا

ئەوەی گرەوی گەورەی لەسەر دەکرێت و ببێتە هۆکاری ئەوەی گۆڕانکارییەکی گەورە لەناوخۆی سوریا ڕووبدات، جیابوونەوەی چینی ناوەند و چینی بزنسمان و سەرمایەدارەکانی سوریایە لەڕژێمی ئەسەد، لەبەر ئەوەی پسپۆران پێیانوایە هەتا ئەم دووچینە لەڕژێمی ئەسەد هەڵنەگەڕێنەوە، ئەوا ئەگەر سزای ئابووریش بسەپێنرێت، کاریگەریەکی ئەوتۆ لەسەر ڕژێمی سوریا دروست ناکات و کلیلی ئەم گۆڕانکاریەش بەدەستی تورکیاوەیە، بۆیە تورکیا لەم هاوکێشییەدا ئەو دەوڵەتەیە کە دەتوانێت گرەوی گەورەی لەسەر بکرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ڕیچارد کارل هێرمان ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئۆهایو و پسپۆر و تایبەتمەند لەپێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و دیراساتی ئاسایش و تەنگژەکان و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، لەمبارەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەڵام ڕۆڵ و بڕیاری کۆتایی لەدەست سورییەکانە. منیش گومانم لەوەدا هەیە کە (تورکیا) سوپاکەی بەکاربێنێت بۆ دەستێوەردان لە)سوریا) لەبەرئەوەی باجەکەی قورسە و هێشتا هەستمان بەوە نەکردووە کە سوپای سوری ڕووخابێت یاخود پەرتەوازەیی ڕوویدابێت. بۆیە بەلایەنی کەمەوە هەتا (جینۆساید) ڕوونەدات هیچ بنەمایەکی یاسایی نارەخسێت بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی، تەنانەت مافی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی گەلی سوریا هیچ پاساوێکی یاسایی نییە بۆ دەستێوەردانی سەربازی لەدژی (سوریا)، بۆیە جارێ ئەو شتە لە(سوریا) ڕوونادات. بۆیە من پێموایە کە لەوانەیە (تورکیا) بەردەوام بێت لەنارەزاییەکانی و لەوانەشە هەندێك لەهێزەکانی لەسەر سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەی دابنێت، لەپێناو ڕێکخستنی کۆچبەران و ئەو کەسانەی کە دێن یاخود لە (سوریا) ەوە ڕادەکەن و ڕوو لە(تورکیا) دەکەن. هەروەها ڕۆژئاوا سزای توندی لەسەر (سوریا) سەپاندووە بەو ئومێدەی کە فشاری ئابووری ڕژێمەکە بڕووخێنێت و بارودۆخەکە بگۆڕێت، هەربۆیە بیرکردنەوە لەوەی کە تورکیا هێز بەکاربهێنێت یان ناتۆ بەهێز ڕژێمی سوریا بڕووخێنێت کارێکە دەبێتە جێگەی سەرسوڕمان و مەزندە بۆنەکراو، بەڕاشکاوەتر بیڵێم گومانم هەیە (ناتۆ) هێزی سەربازی لەدژی (سوریا) بەکاربێنێت. بۆچوونی من ئەوەیە کە نە (روسیا) و نە (چین) لەنەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی لەو جۆرە چالاکییانە دەکەن. هەروەك ئاماژەمپێکرد کەیسەکەی (سوریا) زۆر جیاوازە لە)لیبیا) لەبەرئەوەی (سوریا) بەپێچەوانەی (لیبیا) وڵاتێکی زۆر بەهێزترە و خاوەن دۆستی بەهێزە، لەکاتێکدا (لیبیا) وڵاتێکی بەتەنیایە و وەکو (سوریا) بەهێز نییە. کەواتە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان (لیبیا) و (سوریا) هەیە. پێموایە بوارەکان ڕوون نییە بۆ ڕۆژئاوا لەبارەی دەستێوەردان لە)سوریا) لەبەرئەوەی بەپێچەوانەی (لیبیا) هێزی چەکداری لە)سوریا) بوونی نییە کە دەسەڵاتی بەسەر نیوەی وڵاتەکە سەپاندبێت، هاوکات هیچ لێدوانێکی ڕوونمان نەبیستووە لەلایەن وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە، تەنیا (بەحرێن) نەبێت کە هەندێك دەنگدانەوەی هەبوو لەبارەی دەستێوەردان لە(سوریا) و لەلایەنێکی دیکەوە




جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان:

**لەگەڵ ئەوەی مەشعەل تەمۆ تیرۆرکراوە، بەڵام هەتا ئێستا دیار نییە کوردی سوریا ستراتیژیەتی خۆی دەگۆڕێت یان نە**

(تورکیا) دەستیکرد بەهەمان شێوە قسەبکات، بەڵام لەکەیسەکەی (لیبیا) وابزانم کۆمکاری عەرەبی هێمایەکی پۆزەتیڤی دەربڕی بوو وەك ڕەزامەندی، بۆیە پێموایە کە ڕۆژئاوا زۆر دوودڵ دەبێت لەدەستێوەردان لە سوریا. لەلایەنێکی دیکەوە پێموایە کە تۆڕەکانی پارتی (بەعس) و ڕژێمەکەی (ئەسەد) خۆیان زۆر بەتوندی سەپاندووە لە(سوریا) و پێموایە کە زۆربەی زۆرینەی گرووپە کەمینەکان و هەروەها بەشێکی زۆر لەسووپا و هێزەکانی ئاسایش پاڵپشتی لەڕژێمەکە دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا لە)لیبیا) تەنیا

تاکە سەرۆکێکی دیکتاتۆر بوونی هەبوو کە ئەو جۆرە تــوڕەی نەبوو، بۆیە جیاوازییەکـــی زۆر لەنێوانیاندا هەیە. دوایین خاڵ کـــە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە، ویڕای ئەوەی نزیکەی ٣ هەزار هاووڵاتی لەلایەن ڕژێمەکەی (ســـوریا) کوژراوە، بەڵام پێموایە بەکارهێنانی زاراوەی (کۆمەڵکوژی نەتەوەیەك) بەڵام ناتوانین بەکۆمەڵکوژی ئاماژەی پێبکەین. بەڕای من کێشەی (سوریا) کە ماوەیەکی زۆرە ڕوویداوە ئەوەیە کە کەمینەیەکە حوکمرانی دەکات و پێموایە زۆرینەی (سوریا) پێیان باشترە (ســوننە) حوکمڕانییان بکات نەك (عەلەوییەکان) کە نزیکەی ٤٠ ساڵە نەتەوەکەی چەوســاندۆتەوە. بۆیە گەر ئەمە هەنگاوەکەیان بێت بۆ گۆڕینی ئەو باروودۆخە، پێموایە کە ئەمە شتێکی پۆزەتیڤە، بەڵام جارێ زۆر زەحمەتە بیخەمڵێنین ئەو جموجۆڵە تا چەند پشتگیریی لێ دەکرێت)).
هەر لەم چوارچێوەیـــەدا و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا



دۆڤ واکسمان بۆ گوڵان:

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕۆژئاوا، ئەوروپا و ئەمریکا بەتایبەتی، توانای ئەوەیان نییە لەوە زیاتر بکەن کە تا ئێستا کردویانە بۆ کاریگەربوون بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی سوریاوە**

بۆ گوڵان پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز سەبارەت بەڕۆڵی تورکیا لەم پرۆســەیە ڕاشـــکاوانە جەختی لەســـەر ئەوەکردەوە و وتی: (تەنیا ئەو کاتە تورکیا کاریگەری گـــەورەی دەبێت کـــە بڕیاری داگیرکردنی ســـوریا بدات، یاخـــود چەك بداتە موعـــارەزە، تورکیا هیچ یەکێك لەم دو بڕیارەی نـــەداوە، بەدڵنیاییەوە تورکیا ئەتوانێت ســزای ئابووری بەسەر سوریادا بسەپێنێت، بەڵام هێشـــتا ئـــەم کارەی نەکـــردووە، ڕایگەیاندووە کارێك دەکات لەم ڕووەوە، بەڵام هێشتا هیچ نەکراوە. ئەگەرچـــی تورکیا ســـنوورێکی دووروودرێژی هەیە لەگەڵ ســـوریادا، ٥٠٠ کیلۆمەتر ســـنووری هەیە لەگەڵیدا، ئەوا شەرکردن لەگەڵ سوریادا لەڕوانگەی تورکیـــاوە مایەی کاولکارییەکی گـــەورە دەبێت، ئایا ئەم کێشـــەیە ئەوە دەهێنێت شـــەڕی لەپێناودا بکرێت و ئایا ئەم شـــەڕە دەکـــەن؟ من پێم وانییە، هێشـــتا ســـوپای ســـوریا بەهێزە و ئەتوانێت گرفتی زۆر بۆ تورکیا دروســـت بکات. هەروەها هێشتا موعارەزەی سوری یەکگرتوو نییە و ئەو ئەنجومەنەی بەم دواییە هەڵبژێردرا، هێشتا سەرۆك یان لیژنەی جێبەجێکاری دەستنیشـــان نەکردووە. هەروەها هێشتا لەسەر بەدیلی ئەســـەد ڕێکنەکەوتوون، ڕەنگە ئەمە پێویست نەبێ، بەڵام مایەی دڵنیایی نییە بۆ هەر کەســـێك بیەوێت یارمەتـــی موعارەزە بدات. هەروەهـــا موعارەزە لقی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، میشـــال کیلۆ و حەیان نەیوف و زۆرێـــك لەپارتـــە کوردییەکانیش چوونـــە پاڵی و ئەنجومەنی نیشـــتمانیان ڕەتکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی بانگهێشـــت نەکرابوون و لەبەر ئـــەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئامادەنەبوون ئۆتۆنۆمی بەکوردەکان بدات یاخود لەســـەر ئاستی نیشتمانی ئیعتراف بەکوردەکان بکات لەچوارچێوەی سوریادا))..

**تیرۆرکردنی چالاکوانانی ئۆپۆزسیۆن**

یەکێك لەو پێکهاتە سەرەکیانەی سوریا کە نەك هەر مافی پێشێلکراوە و دەچەوســـێنرێتەوە، بەڵکو مافی پێدانی ڕەگەزنامەی وڵاتەکەشی پێ ڕەوا نابینرێت، کوردی سورریایە. لەمەش مەترســـیتر ئەوەیە ئەگەر گۆڕانکاری لەسوریاش ڕوویدات و ئەم موعارزەیەی ئێستا ببنە جێگرەوەی ئەسەد دیسان لەئێستاوە ڕادیارە ئامادەنیـــن مافەکانی کوردی ســـوریا بســـەلمێنن، ئەمە لەکاتێکدا زۆر کەس پێشـــبینی ئەوە دەکات کە کودەتای ســـەربازی ڕوویدات و یەکێك لەژەنراڵەکانی سوننە جێگەی ئەسەد بگرێتەوە، لەمبارەوە پرۆ فیسۆر ریچـــارد بویلیت لەدرێـــژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: (ئێستا موعارزەی سوری داوای ئەوەدەکـــەن کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتـــی دانی پێدابنێت، بێگومان دانپێدانان چەکێکی دیپلۆماســـیە کە بەزۆری بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە، بۆ ماوەیەکی دووروودرێـــژ و تەنیا لەبەر هـــۆکارە ئایدولۆجیەکان، ئەمریـــکا ئیعتیرافی بەکۆماری گەلی چین نەکرد. ئەگەر هەرەشەکەی ئەسەد ڕاست بێت، ئەوا گۆڕینی ئیعتیرافکردن لەئەســـەدەوە بـــۆ ئەنجومەن بەمانای پاشەکشەپێکردنی باڵیۆزەکان لەدیمەشق و دەستێوەردان لەپێوەندیە بازرگانی و گەشـــتیاریەکان دێت. ڕەنگە ئەســـەد دووجار بیربکاتـــەوە پێش ئـــەوەی هەنگاو هەڵبگرێت بۆ پچڕانـــی پێوەندیەکان، بەڵام ئەگەری زیاتر ئەوەیـــە ئەندامە ســـەرەکیەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووجار بیربکەنەوە پێش ئەوەی ئیعتیراف بەئەنجومەنەکە بکەن. ڕەنگە ئەوەی ئەســـەد دەیکات فێڵ بێت، بەڵام هەندێ جار فێڵکردنیش ســـەرکەوتوو دەبێت. ئەوجا لێرەوە ئەگەر باس لە ئەگەری گۆڕینی ڕژێمەکەی ئەسەد بکەین ئەگەر ڕژێمەکە بگۆڕێت، ئەوا گەورەترین ئەگەر ئەوەیە ئەســـەد پۆســـتەکەی جێدەهێڵێـــت و جەنەراڵێك، کە ئەگـــەری ئەوە هەیە ســـوننە، بەڵام زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە کەســـێکی دیکەی عەلـــەوی بێت، جێـــی بگرێتـــەوە. لەهەر حاڵەتێکیاندا، ڕەنگە پێوەندیەکان لەگەڵ ئیســـرائیل، فەلەســـتینییەکان و باقی جیهانی عـــەرەب و ئێران بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. باوەڕم وایە هاوســـەنگی هێز لەدەســـتی فەرماندە ســـەربازیە باڵاکاندایە. ڕەنگە ئەل ئەســـەد ناچار بکەن لەدەسەڵات دووربکەوێتەوە، بەچەشنی ئەوەی هاوشانەکانیان لەبەرامبەر موبارەك لەمیســـردا کردیان، بەڵام ئەگەری ئەوەنییە دەســـت لەدەسەڵات هەڵبگرن)).

بەڵام ئەوەی ئێستا ڕژێمی سوریا سڵی لێناکاتەوە کوشتنی چالاکوانانی ئۆپۆزسیۆنە بەئاشکرا، سەبارەت بـــەم لایەنە پرۆ فیســـۆر دۆڤ واکســـمان لەدرێژەی لێدوانەکەیـــدا بۆ گوڵان وای پیشـــاندا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی کارێکـــی ئەوتـــۆی لەدەســـت نایەت ڕاستەوخۆ بەرامبەر سوریا ئەنجامی بدات، لەمبارەوە وتی: (چەندەها ڕژێم هەن لەجیهاندا-کە سوریا تاکە وڵات نییە- ئیغتیالی سیاسیان لەدژی ڕکابەرەکانیان ئەنجامداوە، چەندەها ڕژێـــم هەن لەجیهاندا ئەم کارە



ریچارد کارل هیرمان بۆ گوڵان:

**هێشتا هەستمان بەوە نەکردووە سووپای سوریا ڕووخابێت یاخود پەرتەوازەیی تێکەوتبێت. بۆیە لای کەممەوە هەتا ڕژێمی سوریا کۆمەڵکوژی نەکات، هیچ بنەمایەکی یاسایی نارەخسێت بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی**

دەکەن. هەروەها چەندەهـــا ڕژێم هەن پێیانوایە نابێت دەســـتێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکەدا بکەن، واتە ئەوەی لەچوارچێوەی سنووری وڵاتەکەدا و ئەوەی لەبەرامبەر هاووڵاتیەکاندا دەیکەن کێشـــەی خۆتە، هێشـــتا ئـــەم تێڕوانینە لەبەشـــێکی جیهاندا باڵادەســـتە، بۆ نموونە لەچین. ئەمەش ئەو هەســـتە بەســـوریا دەدات کە دەتوانێت ئـــەم کارانە بکات بێ ئەوەی ڕووبـــەڕووی لێپرســـینەوە ببێتەوە. ســـوریا ئەم کردەوانـــە دەکات، لەئیغتیالی سیاســـییەوە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی، کە بەهۆیانەوە بەشێوەیەکی

گۆشەگیردەکات و بۆتە وڵاتێك لەڕووی نێودەوڵەتییەوە دوورە پەرێزبووە، ئەمەش گۆڕانێکە و روویداوە، لەبەر ئەوەی لەڕووی مێژووییەوە سوریا هەمیشە وریا بووە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بمێنێتەوە و خۆی لەگۆشەگیربوونی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بپارێزێت، ئەوەی لەماوەی مانگی ڕابردوودا بینیمان بریتی بوو لەگۆشەگیربوونێکی ناوچەیی روو لەزیادبوو، کە تەنانەت هاوپەیمانە ناوچەییەکانی سوریا، وەك ئێران هەندێ لێدوانی ڕەخنەگرانەی هەبوو بەدڵنیاییەوە تووشی گۆشەگیربوونی نێودەوڵەتی بووە، کەواتە پێگەی لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەرەوتێکی خێرا بەرەو لاوازبوون و خراپبوون دەچێت. بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگی هەڵبژاردووە، نەخێر من کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەبێدەنگ وەسف ناکەم، پێمواية نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزە سەرەکییەکان بەردەوام هۆشداریانداوە بەرژێمی سوریا و ڕاپۆرتیان بڵاوکردۆتەوە و لێدوانیان داوە، واتە هەوڵیانداوە بەردەوام بن لەسەر فشاردروستکردن لەسەر رژێمی سوریا. هەروەها سزای ئابووری جۆراوجۆریان سەپاندووە. ئەوەی نەك هەر تەنیا لەحاڵەتی سوریا، بەڵکو لەحاڵەتی زۆرێك لەرژێمەکاندا کە هاووڵاتیانی خۆیان کردۆتە ئامانج و دڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کارێکی کەمی لەدەستهاتووە بۆ وەستاندنی توندوتیژی رژێمەکە لەدژی هاووڵاتییانی. نموونەیەکی دیکە لەم ڕووەوە سوودانە، ئەگەر بیر لەکردەوەکانی حکومەتی سودان بکەیتەوە لەناوچەی دارفوردا. لەبەر ئەوە جار دوای جار دەبینین ئەگەرچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە مومارەسەی فشاری ئابووری بکات، بەڵام ئامادەنییە لەڕووی سەربازیەوە دەستێوەردان بکات. زۆرێك لەرژێمەکان هێشتا باوەڕیان وایە ئەتوانن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فەرامۆش بکەن و هاوپەیمانێتی گرنگە و پێویستە بپارێزن، وەك ئەوەی سوریا دەیکات لەبەرامبەر روسیا و ئێران و بەرادەیەکی کەمتر چینیش. لەڕاستیدا ئەوە ئیرادەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە. لەبەر ئەوەی تەحەددیەکە لەتێکرای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بەدیاریکراوی لەڕووسیاوە، ئایا روسیا بەردەوام دەبێت لەپشتیوانیکردنی ئەم رژێمانە، ئایا روسیا بەردەوام دەبێت لەدابینکردنی پشتیوانی ئابووری بۆ رژێمەکەی ئەسەد لەکاتێکدا بەردەوام لەئەنجامدانی توندوتیژیەکی بەربڵاو لەدژی هاووڵاتیەکانی و لەکاتێکدا کە ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر گۆشەگیر دەبێت. ئەگەر روسیا پێداچوونەوە بەپشتیوانییەکەی بۆ سوریا بکات، ئەوا چینیش ئەم پێداچوونەوەیە دەکات، پێمواية ئەمە دەبێتە تەحەددیەکی گرنگ بۆ رژێمەکەی سوریا. بۆیە دەکرێت بڵێین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕۆژئاوا، ئەورووپا و ئەمریکا بەتایبەتی، توانای ئەوەیان نییە لەوە زیاتر بکەن کە تا ئێستا کردویانە بۆ کاریگەربوون بەسەر رەوتی رووداوەکانی سوریاوە، کەواتە مەترسیەکی گەورەتر هەیە لەبەر ئەوەی هیچ رێگایەك نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بکات لەسوریادا بۆ رێگرتن لەو کوشتارەی لەئێستادا ڕوودەدات. بەڵێ ئەگەری ئەوەیە کە تەماشاکار بن و چاودێری ئەوە بکەن کە لەسوریادا ڕوودەدات و ئومێدی ئەوە بخوازن ڕووداوەکان بەچەشنێك هەڵنەکشێن لەکۆنترۆڵ دەربچن. پێمواية تاکە فشاری نێودەوڵەتی ڕاستەقینە کە مومکین بێت



ئەوەیە کە لەئێران و روسیا و هاوپەیمانە گەورەکانی سوریاوە سەرچاوە دەگرێت، بەشەکەی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سزایان سەپاندووە و کارێکی کەمتریان لەدەست دێت. تا ئەم ساتەوەختەش نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش شکستیان هێنا لەسەپاندنی سزا بەسەر سوریادا، ئەگەر ئەوە رووبدات، ئەوا ئەمە یەکێك دەبێت لەو ئامرازانەی کە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکاری بهێنێت. سوریا باش دەزانێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوە دووبارە ناکاتەوە کە لەلیبیادا کردیان، هەروەها هیچ خواستێك لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکا نییە بۆ ئەنجامدانی هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی سەربازی، پێمواية ئەمە جۆرێك لەمتمانە بەخۆکردنیان پێدەدات بەوەی ئاستێك لەحەسانەیان هەیە و پێمواية ئەوەش گرفتێکی گەورەیە)).

**هێشتا ئۆپۆزسیۆنی سوریا پشتیان پی نابەسترێت**

ماوەی ٤٠ ساڵ زیاترە رژێمی سوریا بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە بێجگە لەحزبی بەعس وەك حزبی قائید و حزبی دەوڵەت حزبێکی دیکە بوونی هەبێت، هەربۆیە ئەگەر ئێستا سەرنجی رەوتی رووداوەکانی سوریا و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆن بدەین دەبینین هێشتا کەسێك بوونی نییە کە بتوانین وەك سەرۆکێك جڵەوی ئۆپۆزسیۆن بەدەستەوە بگرێت و وەك جێگرەوەی ئەسەد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، تەنانەت تورکیا کە میوانداری کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکات هەندێك بەچاوی گومانەوە لەو رۆڵە دەڕوانن و پێیانوایە لەیەك کاتدا تورکیا یاری بەچەند کارتێك دەکات، پرۆفیسۆر ریچارد بیولت لەمبارەوە بەمجۆرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە کردوو بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ڕەنگە تورکیا لەپشت پەردەوە رۆڵێکی سوودبەخش ببینێت بۆ رژێمی ئێستای سوریا، تەنانەت ئەو کاتەی ڕەخنەش لەئەسەد دەگرێت. ئێمە بەم دواییە ئەم حاڵەتەمان بەرامبەر ئیسرائیل بەدی کرد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەردۆغان خیتابێکی دژە ئیسرائیلی هەیە، بەڵام پێدەچێت دیپلۆماتکارە تورکیەکان هاوکاربوبێتن لەگۆڕینەوەی دیلەکان لەنێوان ئیسرائیل و حەمماس. تورکیا و سوریا بەرژەوەندی هاوبەشی گرنگیان هەیە کە وا دەکات زەحمەت بێت بۆ سوریا بۆچوونی تورکیا لەبارەی ئەم قەیرانەوە فەرامۆش بکات)).

ئەم بۆچوونەی بویلت ئەوە ئاشکرا دەکات کەلەوانەیە پێکهێنانی ئەنجومەنی موعارەزەی سوری هێندەی بۆ وتووێژ و دیالۆگ بێت لەگەڵ رژێمی ئەسەد، بۆ جێگرەوەی رژێمی ئێستا نەبێت. سەبارەت بەئەگەری جێگرتنەوەی ئەنجومەنی موعارەزە بۆ رژێمی ئەسەد، پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز بەمجۆرە بارودۆخەکە دەبینێت و دەڵێت: (لەڕاستیدا جیابوونەوە و ئینشیقاقی گەورەی بەهاوشێوەی لیبیا لەناو رژێمی سوریا روونەداوە، واتە وەك ئەوەی بەرپرسانی باڵا لەوەزارەتە جیاوازەکاندا، لەوەزارەتی دەرەوە و لەناو سوپادا لەهەفتەکانی یەکەمدا لەرژێمەکە جیابوونەوە(لەلیبیا) ، بەڵام ئەوە ئێستا ڕاپەڕینەکە حەوت مانگ تەواو دەکات، جیابوونەوە بووە، بەڵام لەسەر ئاستەکانی خوارەوەی سوپا و هێشتا هیچ کەسێك لەئاستە باڵاکان جیانەبۆتەوە، هێشتا حکومەت بەیەکگرتوویی ماوەتەوە و هێشتا سوپا بە بەهێزی ماوەتەوە، ئەمەش ئەرکێکی قورسی لەبەردەم موعارەزەدا جێهێشتووە. هەروەها موعارەزە یەکگرتوو نییە و سەرکردەیەکی روونی نییە، کە دەبوو هەبێت، ڕەنگە بتوانێت لەمانگەکانی داهاتوو بەرەوپێشەوەبچێت، بەڵام ئەم گرفتە بەڕوونی لەنێو موعارەزەی کوردی و عەرەبی وڵاتەکەدا دەبینین. کە یەکگرتوو نین، تەنانەت ئەگەرچی تەمۆش ئیغتیالکراوە، ئەوا روون نییە ئایا کوردەکان ستراتیجیەتی خۆیان دەگۆڕن یان نە. هەربۆیە ئەگەر رژێمەکە بگۆڕێت، کە روون نییە چۆن و کەی ئەوە ڕوودەدات، ئەوا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیاسەتی ناوچەکە دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر رژێمی سوریا کە عەلەویەکان باڵادەستن تێیدا بگۆڕێت بەرژێمێك کە سوننە بێت، ئەوا پشت بەسعودیە و ئەمریکا و تورکیا دەبەستێت، ئەو کاتە گۆڕانێکی گەورە ڕوودەدات، سوریا دەبێتە هاوپەیمانی سعودیە لەدژی ئێران و ئەگەری ئەوە هەیە دژی حزبوڵلاش بوەستێتەوە و هەروەها دەبێتە پارسەنگێك بۆ عێراق کە ئێستا هاوپەیمانە لەگەڵ ئێراندا)).


# لابردنی سفرەکانی سەر دینارو لایەنەکانی تری ئەم مەسەلەیە

سێ مانگ و نیو لەمەوبەر بانکی ناوەندیی عێراق ڕایگەیاند کە بەنیازە سێ سفرەکەی سەر دینار لابەرێ و ئەم کارەی بەیەکێك لە ئەرکە ستراتیجییەکانی خۆی دانا. لەوساوە هەرایەکی زۆر لەم ڕووەوە لەئارادایەو بەرەیەکی دژ لە هەوڵی پەکخستنی ئەم ئەرکە دایە.

دژەکان بیانووی جۆراوجۆر بۆ پەکخستنی پرۆسەکە دێننەوەو نیگەرانییەکی زۆر لە ئاکامە خراپەکانی دەردەبڕن. بەڵام پرۆسەی گۆڕینی دراو ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێیەی ناوێ، بەتایبەتی کە عێراق تا ئێستا دوو جار ئەم ئەزموونەی بەخۆوە دیوە، یەکێکیان لەساڵی ١٩٥٨دا کاتێك ڕژێمی پاشایەتی ڕووخاو کۆمار ڕاگەیەنراو ئەوی تر لەساڵی ٢٠٠٤دا دوا بەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو. نزیکترین ئەزموون لێمان ئەزموونی تورکیایە کەشەش سفری لە لیرە لابردو بەو سەرەنجامەی گەیاند کە نرخی یەك دۆلار بەرامبەر بە یەك لیرە بێ و ئێستا یەك دۆلار بەرامبەر بە ١،٧٦ لیرەیە. بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە هەڵکشانی نرخی لیرە پەیوەندیی بەلابردنی سفرەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەچالاکیی ئابورییەوە هەیە.

عێراق بارستەیەکی ٢٧ تریلیۆن دیناریی تێدایەو قەوارەی بانکەنۆتەکەی دەگاتە سێ تا چوار تریلیۆن کە ئەمەش زۆر بەکەڵکی سیستمی پارەدان نایەو کاریگەریی لەسەر پرۆسەی ژماردن هەیە. ستراتیجیی لابردنی سفرەکان لەناوەڕۆکدا هەوڵدانە بۆ نزیك خستنەوەی نرخی ساغکردنەوەی دینار لە نرخی ساغکردنەوەی دۆلار. سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە لەتورکیا، هاندەرێکە بۆ هەوڵدان بۆ دووبارەکردنەوەی لە عێراق.

دراوە تازەکە کتومت کاریگەریی لەسەر چاککردنی نرخی ساغکردنەوەی دینار نابێ، چونکە ئەم مەسەلەیە زۆرتر پەیوەندیی بە چەردەیەك فاکتەرەوە هەیە وەك بەردەوامبوونی ناردنی نەوت بۆ دەرەوە، زیادبوونی قەوارەی یەدەکی دراوی بیانی، زیادبوونی پاشەکەوت و بوژانەوەی ئابووری. بەڵام لانی کەم پرۆسەکە کاریگەریی لەسەر سووی بانکەکان و بەرزبوونەوەی نرخی ساغکردنەوەی دینار دەبێ. گرنگترین لایەنی مەسەلەکە ئەوەیە کەدراوە بێ سفرەکان لەهێزی کڕیندا هەمان بەهای دراوە کۆنەکانیان دەبێ و لەم سۆنگەیەوە هیچ شێوازییەك لەبواری نرخدا دروست نابێ.


فەرید ئەسەسەرد

دژەکان، لەوانە عەبدولحوسەین یاسری، پێیوایە لابردنی سفرەکان پەرە بەپرۆسەی ساختەکاری دەدا. ڕاوێژکاری ئابووریی حکومەت، عەبدولحوسەین عەبنەکی، لابردنی سفرەکان بەدیاردەی سپی کردنەوەی پارەوە دەبەستێتەوەو پێیوایە ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی خراپ کار دەکاتە سەر ئاسایشی ئابوریی وڵات. بەم پێیە، حکومەت پێی باش نییە بانکی ناوەندی پێ لەسەر لابردنی سفرەکان داگرێ. بەڵام کاریگەریی حکومەت لەسەر بڕیارەکانی بانکی ناوەندی کاریگەرییەکی بەهێز نییە، چونکە بانکی ناوەندی بەپێی ماددەی ١٠٣ی دەستور دەستەیەکی سەربەخۆیەو لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا بەرپرسیارە نەك لەبەردەم حکومەتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێ فشارەکانی حکومەت و پەرلەمانتارانی سەر بەحکومەت توانیبێتیان بانکی ناوەندی لەم ڕووەوە سارد بکەنەوە، بەڵام نەك بەیەکجاری.

گومان هەیە بەشێك لە هەڵوێستەکانی دژ بەم هەنگاوە پەیوەندییان بەکوردەوە هەبێ چونکە بانکی ناوەندی لە کاتی ڕاگەیاندنی بەرنامەی لابردنی سفرەکاندا، مەسەلەکەی هاوپێچ کرد لەگەڵ مەسەلەی نووسین بەزمانی کوردی لەسەر دراوە تازەکە، مەسەلەیەك کە دیارە هێشتا هەندێ لایەن لە عێراقدا کەیفیان پێ نایەو هێشتا پێیان خۆش نییە دراوی عێراق جگە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، بەهیچ زمانێکی تر نووسینی لەسەر بێ. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە دەستووردا بڕاوەتەوەو ماددەی ٤ لە دووتوێی باسکردنی وردەکارییەکانی زمانی فەرمیدا وەك ڕەنگدانەوەیەکی پرنسیپی یەکسانی، باس لەپێویستیی نووسین بەزمانی کوردی لەسەر دراوی عێراقی دەکات. ئەگەر ئەمە یەکێ لەهۆیەکانی پەکخستنی پرۆژەی لابردنی سفرەکان بێ، خۆ مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی کاتەو هەر دەبێ سفرەکانی سەر دینار لاببرێن و بەکوردیش لەسەر دینار بنووسرێ. بەکردەوە، تێکهەڵکێش کردنی ئەم دوو مەسەلەیە لەگەڵ یەکتریدا مەسەلەی بووژانەوەی ئابووری و جێبەجێ کردنی یەك بەیەکی خاڵەکانی دەستوور تێکهەڵکێشی یەکتری دەکاو لەم سۆنگەیەوە عێراق بەبێ هیچ کامێکیان هەنگاوی هەڕاو بەرەو سەقامگیری هەڵناهێنێ. پێکەوە گرێدانی ئەم دوو مەسەلەیە وا لە بانکی ناوەندی دەکا نەتوانێ لە ئایندەدا دراوی لە سێ سفر داماڵدراو بەبێ نووسینی کوردی دەر بکات.

## کامیل حاجی عەلی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ(گوڵان):

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی کریستیان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێزیدیمان هەیەو لە کارو باری خۆیاندا ئازادن



**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەهەرێمی کوردستان یەکێکە لە وەزارەتە هەستیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بیرو بڕواو بابەتە ئایینییەکانی تاك تاکەی هاووڵاتیان و هاونیشتمانیانی ئەم هەرێمەوە هەیە، بەموسڵمان و غەیری موسڵمانانەوە، وێڕای ئەوەی ١٤٤٠٣ مووچەخۆر لەسەر وەزارەتی ئەوقاف فەرمانبەرو کارمەندن، ڕاستەوخۆش کاروباری ٤٦٦٠ مزگەوت کە لەوەزارەت تۆمارکراوە بەڕێوەدەبرێت و نزیکەی ٢٥٠ مزگەوتیش لەژێر دروستکردن و نۆژەنکردنەوەدان، لەم مزگەوتانە ٢٤٣٧ مزگەوت وتاری هەینی تێدا دەخوێندرێتەوەو ١٩١٢ مزگەوت وتاری هەینی تێدا نییە، بەڵام نوێژەکانی تێدا دەکرێت و مەلاو ئیمامی خۆیان هەیە. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش دێرو کەنیسەو پەرستگای سەر بە ئایین و ئاینزاکانی تر لەشارو شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمانەش لەڕووی کارگێڕی و سەرپەرشتیارییەوە هەر پێوەندییان بەم وەزارەتەوە هەیە، بۆ ناساندن و زانینی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناو وەزارەتی ئەوقاف و دەزگا پێوەندارەکانی و ئەو گرفت و ئاریشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بە پێویستمان زانی مامۆستا کامیل حاجی عەلی وەزیری ئەوقاف بەسەر بکەینەوەو بەڕێزیان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:**

*** وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی یەکێکە لە وەزارەتە هەستیارەکانی هەرێمی کوردستان کە پێوەندی بەتاك تاکەی هاووڵاتیانەوە هەیە، چۆن کارەکانت بەڕێوە دەبەیت؟**

ـــ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی یەکێکە لە وەزارەتە هەستیارەکانی هەرێمی کوردستان، من وەکو وەزیری ئەم وەزارەتە لە کابینەی شەشەم دەستبەکاربوومە بۆخزمەتکردن، چ لەچوارچێوەی یاسای وەزارەت و حکومەتی هەرێم چ بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و نیشتمان و گەلەکەم.

*** کوردستان بەوە ناسراوە کەچەندین ئایین و ئاینزا لە خۆ دەگرێت؛ کەچی کاتێك باس لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەکرێت ڕاستەوخۆ وا هەست دەکەیت زیاتر پێوەندارە بە مزگەوت و مامۆستایانی ئایینی یەوە؟ ئایا پێوەندیتان لەگەڵ ئایینەکانی تردا چۆنە؟**

ـ خۆی لە ئیسلامدا کەمینەو زۆرینە نییە، بەڵکو موسڵمان و غەیرە موسڵمان هەیە، ئەوانەی هەر هاووڵاتیی وڵاتەکەن و هاوونیشتمانین، گەر غەیرە موسڵمانیش بن هەروەکو هاووڵاتییەکی سەر بە بیروباوەڕی ئیسلامی هەموویان مافیان هەیەو هیچ جیاوازییەکیان لەیەکتر نییە، هەروەها مەسەلەی پێکەوە ژیان لە ئیسلامدا گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، یەکەمجار لە زەمانی پێغەمبەر(د.خ) کە مزگەوتی دروستکردو دەستوورێکی بۆ دانا، ئەم دەستوورە خەڵکی مەدینە و دەورووبەری بە جوولەکە و بێ باوەڕو مەسیحی و موسڵمان و هەر بیروباوەڕێکی تر بووبێتن کۆی کردنەوەو پێی ڕاگەیاندن کە هەمووان هاوبەشن لەم نیشتمانە بچووکەدا، هەروەها بەهەمان شێوەش لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب(ر.خ) لە ئیلیا قودس ڕێککەوتنێکی دەرکرد، لەم ڕێککەوتنەدا ددانی نا بەوانیشدا واتە کە ئەمان هەن و ئێمەش هەین((لهم مالنا و علیهم ما علینا)) ئینجا لە شوێنێکی تر دەفەرموێت کە موسڵمان چۆن دیە وەردەگرێت، بەهەمان شێوە ئەویش دەبێت دیە وەربگرێت، چۆن خوێنی موسڵمانێك دەدرێت، دەبێ ئاواش خوێنی غەیرە موسڵمانێك بدرێت، کەواتە چی لەمە جوانترو باشتر هەیە، ئەمەیە جیاوازی نەکردن، لەبەر ئەوەیە یارانی پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ ئەوانەی غەیرە موسڵمان بوون وتوویانە((اترکوهم وما یدینون)) واتە وازیان لێ بێنن بە دینی خۆیان، لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە ((لكم دینكم ولی دین)) لە دێرزەمانیشەوە لە وڵاتی خۆمانەوە لەم کوردستانەدا جوولەکە و مەسیحی و کاکەیی و ئێزیدی لەگەڵ موسڵمان بەیەکەوە ژیاون، کەسێك لەسەر دیانەت و مەزهەبی خۆی ناڕەحەت نەکراوە، چونکە ئیسلام ئاوا ئەمرمان پێ دەکات و لەلایەکی ترەوە لە دنیادا مافی مرۆڤ هەیە، هەروەها وەکو ئاماژەم پێکرد کەسانی سەر بە ئایینزاکانی تریش هاووڵاتیی ئەم نیشتمانەن، جارێکیان جوولەکەیەك لە زەمانی پێغەمبەر(د.خ)مردبوو، پێغەمبەر(د.خ) لەبەر تەرمەکەی هەستایەوە و یارانی پێیان وت ئەمە جوولەکەیە مردووە بۆ لەبەری هەڵدەستیتەوە ئەویش فەرمووی ئەوەش مرۆڤەو نەفسی هەیەو چۆن لەبەری هەڵنەستمەوە، بۆیە دەبێت ئێمە بەیەکەوە بژین، چونکە لە هەموو دنیادا بەیەکەوە ژیان زۆر گرنگە، چونکە دنیاو کۆمەڵگا وەکو خێزانێك وان، هەر کەس بۆ خۆی بیروباوەڕێکی هەیەو ئازادەو لەم نیشتمانەشدا هەر یەکەو بیروباوەڕی خۆی هەیە، بەمەرجێك لە سنووری خۆیان تەجاوز لەسەر یەکتر نەکەن، هەروەها هەموو کاتێك ئیسلام ڕێزو حورمەتی پەرستگاو دروشمەکانی لا هەبووەو دەستی نەخستۆتە ناو کاروباریانەوە و نابێ دەست لە کاروباریشیان بخات و ناشیکات، هەروەها چوار شت لە ئیسلامدا هەیە کە پێویستە ئێمە هەموومان پابەندی بین کە مەسەلەی بڕوا و پەرستنەو لەسەر هیچ کەسێك بیروبڕوا بەزۆر

**لە دێرزەمانیشەوە لە وڵاتی خۆمانەوە لەم کوردستانەدا جوولەکە و مەسیحی و کاکەیی و ئێزیدی لەگەڵ موسڵمان بەیەکەوە ژیاون. کەسێك لەسەر دیانەت و مەزهەبی خۆی ناڕەحەت نەکراوە. چونکە ئیسلام ئاوا ئەمرمان پێ دەکات**



ناســەپێنرێت، ئەگەر بیروبڕوا فەرزیش بکرێت ئــەوە دەرئەنجامــی نابێت، چونکــە بە زۆرە، بۆیە هەموو کەسـێك لە سنووری خۆی ئازادە، مەسەلەی ڕەوشت کە گشـت ئاینەکان لەسەر بنەماکانــی کۆکن کە دەبێــت مرۆڤ هەموو کاتێك ڕەوشــتی بەرز بێت، هەروەها مەسەلەی شــەریعەت کە بەمانا تایبەتیەکەی ئەوەیە کە پێوەنــدی نێوان خەڵك ڕێکدەخــات و هەروەکو پێوەنــدی بەمیللەتەکــەی و دەوڵەتەکــەی و کۆمەڵگاکەی هەیە، هەروەها پێوەندی دەوڵەت بــە هاووڵاتیانــی خــۆی و دەوڵەتانی تریش هەیــە، ئێمە لەوەزارەتی ئەوقــاف و کاروباری ئایینی بەڕێوەبەرایەتی گشــتی مەســیحی و بەڕێوەبەرایەتی گشــتی ئێزیدی هەیەو پێشتر یەکەی ژمێریاریان نەبوو، بەڵام ئێستا یەکەی ژمێریارانی خۆیــان هەیەو بودجــەی خۆیان جیایەو لەسەر فەسڵ و ماددەی خۆیان خەرجی دەکــەن و ئازادن لە کارو ئیشــەکانیان، هەر بۆ نموونە لە ســەفەر کردن و ئیفاد و خەرجکردن و لــە کڕینی کەلوپــەل و . . .تاد، لە هەموو ئەمانەداو لەکاری تریشــدا زیاتر بەدەنگیانەوە دەچم و بــە زووترین کات ئیــش و کارەکانیان بۆ ڕادەپەڕێنــم و جێبەجێی دەکەم، ئەوانەی لە خوارو ناوەڕاســتی عێراقەوە بەهۆی بارودۆخی نالەبــاری ئەوێ هاتوونەتە هەرێم و ئێمە لێرەدا گواســتنەوەمان بۆیان کردووەو شوێنمان بۆیان دابینکردون و لــە زۆر کارو مامەڵە و بابەت و داواکارییان کارئاســانی و هاوکاریمان کردوون،

## مینبەری مزگەوتەکان موڵکی هیچ کەس و لایەنێك نییەو پێویستە پرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو یەکتر قەبوڵکردن لەگوتاری ئایینی دا ڕەنگ بداتەوە

بەڵام هەندێ شت هەیە لە ئیسلامدا کەس بۆی نییە دەســتکاری بکات، چونکە لە ئیسلامدا حەرام و حەلاڵ لــە یەکتر جیاکراوەتەوە، خوای بەخشــندە ئەمەی کردووە بۆ هیچ کەسێك نییە دەستکاری بکات و فتواشی ناوێت.

*** ئایا دەکرێت بووترێت شوێنە ئایینیەکانمان و دامودەزگاکانی وەزارەتی ئەوقاف هەنگاویان بەرەو بە دامەزراوەیی مەدەنی ناوە ؟**

ـ ئێمە تــەواوکاری کابینــەی پێنجەمین، ئەوکارانەی کە ئەوان تەواویان نەکردووەو فریای تەواوکردنی نەکەوتوون ئەوە ئێمە تەواوی دەکەین، هەروەها چالاکی دەدەین بەو یاساو ڕێسایەی کە لە یاســای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ هەیە کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردســتان بەواژووی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرچووە، هەروەها ڕێکخســتنی وەقفمان کردووە، هەندێ موڵك و شوێن هەبوو خەڵکێك بۆ خۆی بردبووی، ئەوە لێمان وەرگرتوونەتەوە، مادام زەوی یا هەر موڵکێك وەقف بێت لەســەر وەزارەتی ئەوقافە، بەڵام کە کەســێك یــا فەرمانگەیەك داگیری کردووە ئێمە بەدواداچوونمان لەســەریان کردووەو وەرمانگرتۆتــەوە، لەم بارەیــەوە نموونەمان لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەیە، هەر لە زاخۆ و ئاکرێ تا ســلێمانی و هەولێر، چونکە هیچ شتێك وەکو وەقف نییە و ناتوانرێت دەستکاری و ئەملاو ئەملای پێ بکرێت، بەڵکو دەبێــت وەکو خۆی یا باشــترو زۆرتر جێبەجێ بکرێت.

هەروەها بە شــێوازیکی باش قوتابخانەکانی ئاینیمان ڕێکخستووەو بەشی ئەندازەو میلاکات و چەند بەڕێوەبەرایەتیەکمــان وەکو توێژینەوەو لێکۆڵینــەوەو گرێبەســتەکان و پێوەندییەکان و دڵنیایــی جۆری...تاد کردۆتــەوە، ئەمانە لە ئەنجومەنــی وەزیرانەوە بڕیاریــش بووینە کە دابمەزرێن و پێویستن.

***لەگــەڵ زیادبوونی ژمــارەی مزگەوت و شــوێنە ئاینیەکان ئایا هەســت بەوە ناکرێت پێداویســتیەکانیان زیــاد بووە و پێویســتی بە خزمەتگوزاری زیاتر هەیە، بەتایبەتی لە زۆری مزگەوت و شــوێنی ئایینی پێشکەشــکردنی کاری خزمەتگوزاری کەم بۆتەوە؟**

ـ ئەگەر حیسابی مزگەوتەکان بکرێت، ئەوە هەر مزگەوتێك دوو کەســی بە بەر ناکەوێت، واتە میلاکاتی وەزارەت کەمە، بەڵام لە هەندێ شــوێن لە کاتی خۆی لەبەر دوو ئیدارەیی بۆ تەکیەکان ڕەزامەندی دراوە بە دامەزراندنی

کارمەند و مامۆستا و خزمەتگوزار، گەرچی ماوەی سێ مانگە لە هەولێر بۆ ڕێکخستنی ئەو کارمەندانەی لە تەکیە و مزگەوتەکان دامەزراون لیژنەیەکمان دامەزراندووە مزگەوت هەیە ئەرکی زۆرەو بۆنەکانی تێدا بەڕێوە دەچێت، ئەوە پێویستی بە ٧ کارمەند هەیەو مزگەوتیش هەیە کارو ئەرکی کەمە، بۆیە پێویستی بە دوو کارمەند هەیە، هەروەها لە کاتی خۆیدا لە گوندەکان، بۆ مزگەوتەکانیان ٥ کەس دادەمەزران ئەمە هاندان بوو بۆ ئەوەی گوندەکانمان ئاوەدان ببێتەوە، ئەم دامەزراندنە بۆ ئەوەش بوو کە ئەو خەڵکەی لە گوندەکان دەژین ئەوە ژیانی خۆش و باشتر بێت و هەست بکات کە پشتگیری دەکرێت، لەبەر ئەوەی نیەتی حکومەت زیاتر لەوەدا بووە کە گوندەکان ئاوەدان بکرێنەوە، چونکە بەردەوامی ژیان

## مادام زەوی یا هەر موڵكێك وەقف بێت لەسەر وەزارەتی ئەوقافە. بەڵام كە كەسێك یا فەرمانگەیەك داگیری كردووە ئێمە بەدواداچوونمان لەسەریان كردووەو وەرمان گرتۆتەوە

لە شارو گرنگی شار لەوەدایە گوندەکانیش ئاوەدان ببێتەوەو خەڵك حەز بکات بچێتەوە گوندو گرنگیی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بدات، هەر بۆیەش داب و نەریتی کوردەواری وابووە کە هەر گوندێك تەنیا سێ ماڵی لێ بێت ئەوە ماڵی چوارەم و پێنجەمی مزگەوت و قوتابخانەیە.

*** ئەمساڵ پێداویستی مزگەوت و شوێنە ئاینیەکان بۆ دامەزراندن چەند بووەو چەند لە دامەزراوەکانی حکومەت بەر وەزارەتەکەتان کەوتووە؟**

ـ سەبارەت بە دامەزراندن نووسراومان کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە پێویستیمان بە دوو هەزار کەسە، بەتایبەتی ئیمام وخەتیب، چونکە زیاتر لە هەزار مزگەوت هەیە کە پێویستی بە ئیمام و ئیمام خەتیبە، بۆ نموونە لە گوندێك شارەزایەك هەیە پێش نوێژییان بۆ دەکات یا کەسێك لێرە دەنێرین بۆ گوندەکان وتاری هەینیان بۆ دەخوێنێتەوە یا مامۆستایەکی قوتابخانەکەیان شارەزایە لە ئاین و خۆشی ئیلتیزامی هەیەو ئێمەش لەبەر خاتری خوا ڕێگامان پێداوە کە وتارێکیان بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام ئێستا داوامان کردووە ئەو کەسانەمان بۆ دابمەزرێنن کە ئیمام و ئیمام خەتیبن و شارەزای تەواویان هەیە، تاوەکو شێوازی وتارخوێنەکان ناشیرین نەبێت.

***بوونی ئینتیمای حزبی لە لایەن پیاوانی ئاینییەوە تا چەند ڕێگە پێدراوە لەسەر چ بنەماو ڕێنمایی و یاسایەك ڕێگری لەتێکەڵبوون و دەستێوەردانی حزبی دەکرێت لەناو مزگەوت و شوێنە ئاینیەکان ؟**

ـ من وەکو وەزیر وتوومە نابێت لەناو وەزارەت و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەت حزبایەتی هەبێت و لە هەموو کۆبوونەوەکانیشدا تەئکیدم لەسەر ئەوە کردۆتەوەو وتوومە نابێت کەس لەناو وەزارەت و دامودەزگاکانی ئێمە حزبایەتی بکات، بەڵکو پێویستە بۆ هەموو کەس و هاووڵاتییەك کە کارو ئیشی لە لای ئێمەیە بەبێ جیاوازی کارو مامەڵەکەی بۆ جێبەجێ بکەین و هاوکاری بکەین. چونکە ئێمە بۆیە لێرەین تا وەکو خزمەتی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەین. بەڵام خەڵك دوای دەوامی فەرمی خۆی لە دەرەوەی وەزارەت و دامودەزگاکان ئەوە ئازادە کێی خۆش دەوێت، بەڵام بە ڕاو و بۆچوونی من مەلا و ئیمامی مزگەوت هەقی زۆر لەوە گەورەترو زیاترە کە بەرپرسی کۆمەڵێك بێت، لەبەر ئەوەی ئەو مینبەرە مینبەری پێغەمبەرە(د.خ)، چونکە پێغەمبەر بۆ هەموو کەسێك هاتووە ئەوانیش دەڵێن مەلا و ئیمام وارسی پێغەمبەرە، بۆیە دەبێت ئەوانیش ڕێبەری هەموو کەس و میللەت بکەن و مزگەوتیش هی هەموو کەسێکە هی ئەو کەسەیە کە بچێتە ناوی و نوێژ بکات و کەس ناتوانێت بڵێت تۆ بەهەشتی و تۆش جەهەنەمیت، بەڵکو مزگەوت جێگای نوێژو خواپەرستیە، بۆیە ئەو مامۆستا بەڕێزەی لەو مزگەوتەیە دەبێت ئاسوودەیی و دڵنەوایی و خۆشی بدات بە کەسەکان کە لە مزگەوتەکەدا نوێژ دەکەن.

## بۆ ڕێكخستنی ئەو كارمەندانەی لە تەكیە و مزگەوتەكان دامەزراون لیژنەیەكمان دامەزراندووە

***ئایا ڕێگا دراوە بە مامۆستای ئاینی پارەو هاوکاری بۆ مزگەوت کۆبکاتەوە، تاوەکو شوێنی ئاینیەکەی نۆژەن بکاتەوەو پێداویستیەکانی دابین بکەن ؟**

ـ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنمایی دەرچووە کە نابێت هاوارو بانگەواز لە مزگەوتەوە بۆ کۆکردنەوەی پارە بکرێت، بەڵام ئێمە ڕێگرین کە خێرخوازێك ١٠ موبەریدە یا سپلیت بکرێت یا خزمەتگوزارێك بۆ مزگەوتێك بکرێت، چونکە لە هەموو مزگەوتێك سندووقێك دانراوەو لیژنەی مزگەوتەکە کە پێکهاتووە لە مامۆستاکەو دوو سێ کەس ئەوە دەتوانن لە پارەی سندووقەکە پێداویستی مزگەوتەکە پڕبکەنەوەو دابینی بکەن، بەڵام پێویستە حکومەت بۆ دەرماڵەی مزگەوتەکان بودجەیەکی زیاترمان پێ بدات .

هەروەها لە وەزارەتەوە نووسراو بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان کراوە کە مامۆستای مزگەوتەکان بەڕێوەبەری مزگەوتەکانن، ئەو مامۆستایە بەرپرسە لە هەموو کارمەندوکاری مزگەوتەکە و هەر ئەو دەتوانێ بڵێت ئەو کەسە دەوام دەکات و ئەوەی تر دەوام ناکات، هەر بە نووسراوی ئەو، مووچە دەدرێت بە کارمەندەکانی مزگەوتەکەی و ئێمە سەرپەرشتیارمان هەیە کە دەگەڕێت بەسەر هەموو مزگەوتەکاندا و



# پێویستە حکومەت بۆ دەرماڵەی مزگەوتەکان بودجەیەکی زیاترمان پێ بدات

لەسەر هەموو بابەتێکی پەیوەندار بەدواداچوون و لێپێچینەوە دەکات.

***مەسەلەی خوێندنی ئیسلامی وەزارەتی ئەوقاف بەکوێ گەیشتووە، گرنگترین کێشەکانی پرۆگرام و نەبوونی مامۆستاو دامەزراندنی دەرچووانی ئەو خوێندنگایانە چییە؟**

ـ لە ساڵی ڕابردووە بۆ خوێندنی ئیسلامی نووسراوێکمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە وا ئێمە پێویستیمان بە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی خوێندنی ئیسلامی هەیە، گەرچی تا ئێستاکە بۆیان جێبەجێ نەکردوین، بەڵام تەئکید دەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی خوێندنی ئیسلامی بۆ کوردستان زۆر پێویستە، چونکە ئەو قوتابخانانەی سەر بە وەزارەتی ئەوقافن ئەوە وانەی شەرعی و ئەکادیمی دەخوێنن، واتە لە قوتابیانی پەروەردە ماندوتر دەبن. ساڵانە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا دادەنیشین و گفتوگۆو پێداچوونەوە لەسەر شێوازی پرۆگرامی ساڵانەی خوێندنی ئیسلامی دەکەین. قوتابیانی ئێمە وانەکانی ئەکادیمیش دەخوێنن، ئێستاکە دەرچووانی ئێمە وەکو قوتابیانی بەشی زانستی و وێژەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و خراونەتە ناوەندی وەرگرتنی زانکۆکان لەزانکۆ لەبەشی تایبەتمەند بەخۆیان وەردەگیرێن بەشاهێدی مامۆستایانی زانکۆ ئەوە قوتابیانی دەرچووی خوێندنی ئیسلامی ئاستیان لە قوتابیانی تر باشتر و بەرزترە. هەروەها پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقافیش بەشێك لە دەرچووانی قۆناغی ١٢ی زانستی و وێژەیی وەردەگرن، لەلایەکی ترەوە نووسراوێکمان بەرزکردۆتەوە تاوەکو کۆنفرانسێك ببەسترێت لەبارەی شێوازی پرۆگرامی خوێندنی ئیسلامی کە بەئامادەبوونی شارەزایانی ئەمبوارە بەڕێوە دەچێت، ئەمەش پێویستی بەدابینکردنی بودجەیەو تا ئێستا وەزارەتی دارایی وەڵامی نەداینەتەوە، هەرچەندە ئەم کۆنفرانسە لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە.

*** پەیوەندی وەزارەتەکەتان لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و لیژنەی باڵای فتوا چۆنە ؟ زۆرجار گلەیی هەیە بەوەی بابەتی شەرعی و فتوایی پێویستە بدرێت بەوان، ئایا ئەو ئەرك و مافانەی نێوان هەرسێ لا چۆن ڕێکخراوە؟**

وەکو وەزارەت پەیوەندییەکی باش و دروست لە نێوان ئێمە و لیژنەی فتوادا هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە فتواوە هەبێت لە وەزارەت ناتوانین دەستکاری بکەین، بەڵکو دەینێرین بۆ لیژنەی باڵای فتوا، هەر بۆ نموونە کاتێك یەکێك دەبێتە موسڵمان ئەوە ئێمە مامەڵەی بۆ دەکەین و لە پاشان دەینێرین بۆ لیژنەی فتواو لیژنەی فتوا بۆ ئێمەی دەنێرێتەوە، لە پاشاندا دەچێتە دادگا، ئینجا شێوازێکی فەرمی وەردەگرێت، هەروەها لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام و لیژنە فتوای پەرلەمان و لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانیش پەیوەندی باش و پتەومان هەیە و لە بابەت و پێویستییەکاندا ڕاوێژو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەین، ئەوەی لە بەرژەوەندی گشتی بێت هەر هەموومان بەیەکەوە ڕاوبۆچوونمان لەسەر ئەوەیە و جێبەجێ دەکەین.

***ئایا لەو ماوەیەی بەڕێزت وەزیر بوویت هەست دەکەیت یاسایەك لە پەرلەمان دەرچوویێت لەگەڵ دەقە ئایینیەکان نەگونجێت؟**

ئەو یاساو بڕیارانەی لە پەرلەمان دەردەچێت لەگەڵ شەریعەت و یاسا جێگیرو نەگۆڕەکانی ئیسلام نەگونجێت، ئەوە نابێ جێبەجێ بکرێت، ئەوە بەپێی دەستووری عێراق لە بەندی دووەم کە دەڵێت هەر شتێك پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی بێت و بەدەر بێت لە ئەحکامە نەگۆڕەکانی شەریعەتی ئیسلامی ئەوا جێبەجێ ناکرێت، هەروەها لە ڕەشنووسی دەستووری کوردستان کە گەڵاڵە کراوە بەهەمان شێوە ئەو بەندەی دەستووری عێراق نووسراوەتەوە، پێویستە پەرلەمان لەکاتی دەرکردنی هەر یاسایەك ئاگاداری ئەو دەستوورە بێت و ئاگاداریش بێت کە لە ٩٥٪ی دانیشتووانی

**ئەم ساڵ وەزارەتەکەمان پێویستی بە دوو هەزار کەسە. بەتایبەتی ئیمام و خەتیب. چونکە زیاتر لە هەزار مزگەوت هەیە کە پێویستی بە ئیمام و ئیمام خەتیبە**

کوردستان پابەندن بەبیروباوەڕی ئیسلامیەوە، هاوکات هەر یاساو ڕێنمایی و بڕیارێك دەربچێت پێچەوانەی دەقی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بێت ئەوا جێبەجێ ناکرێت، چونکە موسڵمانان پابەندی نابن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە لە پەرلەمان هەندێك بابەت بێتە پێشەوە پێویستە پەرلەمان گفتوگۆو ڕاوبۆچوونی یەکێتی زانایانی ئیسلام و لیژنەی باڵای فتوا وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەو مشتومڕو ناکۆکیەی لێنەکەوێتەوە. تەنانەت لە پەرلەمان لیژنەی ئەوقافمان هەیەو نوێنەرن و خۆشیان نوێنەری موسڵمانانن. خودای گەورەو میهرەبان قورئانی بۆ بەندەکانی خۆی داناوە، دەزانێت چی باشە لەگەڵ ئەمەشدا ڕوونکردنەوەکەی گرنگە.

بۆ نموونە مەسەلەی هاوسەرگیری خودا دەفەرموێت:(واتخذ منكم ميثاق غليظا) ئەم دەقە پیرۆزە چەند بەرزو پیرۆزە کەچی خەڵکانێك هەیە پابەندی نابن، مەسەلەی هاوسەرگیری زۆر گرنگە (ابغض الحلال عند الله الطلاق) خودای گەورەو میهرەبان لەمەسەلەی تەڵاقدا زۆر پێی ناخۆشە دەبێت پیاو کاتێك ژن دەهێنێت وەکو بەندە سەیری ئەو هاوسەرەی نەکات و نابێت بیچەوسێنێتەوە، خێزان لە ئیسلامدا وەکو مۆئەسەسەیەك سەیر دەکرێت و لە ناو مۆئەسەسەکە ئیشوکارەکان دابەش دەکات و ڕێك دەخات .



### لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام و لیژنە فتوای پەرلەمان و لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانیش پێوەندی باش و پتەومان هەیە و لە بابەت و پێویستییەکاندا ڕاوێژو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەین

*** بەشداریکردنی کۆنگرەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە بواری ئیسلام و ئاینەکان ئایا تاچەند وەزارەت ئاگادارە کە کەسانێك لە حزبە سیاسیەکانەوە میوانداریێتی دەکرێن و زۆرجار بە ناوی کوردیشەوە خۆیان پێشکەش دەکەن لەکاتێکدا حزبێکی سیاسی ناردوویەتی ؟**

- لەکاتی دەستبەکاربوونمەوە ٢ جار سەردانی وڵاتی میسرم کردووەو بەشداری کۆنگرەی (مقاصد الشریعه الاسلامیه) کردووە، سوپاس بۆ خوا لەسەکۆی کۆنگرەکەوە نوسرابوو(بەخێرهاتنی نوێنەری کوردستان دەکەین)هەروەها کاتێك مامۆستایانی ئیسلامی سەردانی شوێنە ئاینیەکانیان کردووە رۆڵی کوردیان نیشانداون و باسی مێژووی ئیسلامی کوردیان بۆ کردوون، میسر لەگەڵ کورد ئاشناترەو کە سەلاحەدینی ئەیوبی لەوێ بووە زۆر شانازی پێوە دەکەن. لەلایەکی ترەوە ساڵی رابردوو لە کۆنگرەی ئیسلامی کە لە بەرشەلۆنا بەسترا کاتێك بە جلی کوردییەوە بەشداریمان کردو وتاری وەزارەتمان خوێندەوەو لە گفتوگۆیەکاندا ئێمە لەسەر سەکۆکە دانراین و گفتوگۆیەکی باشمان کرد تەنانەت ئەوەی زوڵم و ستەم بوو کە لەم میللەتە کراوە نیشانی دنیاماندا، ئەمساڵیش شاندمان سەردانی ئەڵمانیای کردووەو بەهەمانشێوە بەشداری لە کۆنگرەی پێکەوەژیانی ئایینەکان کردووەو ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی دیارو لەبەرچاو بووە. ئێمە خاوەنی شارستانیەتی زۆر گەورەین و خوا لە قورئانی پیرۆز باسی جودی دەکات کە نوح باوکی دووەمی مرۆڤایەتیە کەشتیەکەی لەو شاخەی ئێمە گیرساوەتەوە.

*** مەسەلەی چاکسازی لە زۆربەی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی گرتۆتەوە، ئایا وەزارەتەکەی ئێوەش پێویست بەوە ناکات هەنگاو لە هەندێك بواردا بنێت، بەرنامەو کارتان لە بواری چاکسازی چییە؟**

- پێویستە لەمەسەلەی چاکسازی زیاتر رەچاوی ئەوە بکەین چاکسازی بەسەر لایەنی گەندەڵیدا سەربخەین، چونکە مەسەلەی گەندەڵی ڕێژەیی یەو لە ناو هەموو کەس و شوێنێکدا بە ڕێژەی جیاواز هەیە، هەوڵەکانی ئێمە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی رۆتین و گەندەڵی و کەموکوڕییە، کاتێکیش چالاکی و پرۆژەو جووڵەمان هەبێت کەموکوڕی هەر دەبێت بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕێژەی کەموکوڕییەکان ساڵ بە ساڵ کەم بکەینەوە، هاوکات هەوڵی بەرزکردنەوەی لایەنی مەعریفی و بڕوانامەکانمان کردووەو لەم پێناوەدا خول و پەیمانگامان کردۆتەوەو شێوازی پرۆگرامی خوێندنمان گۆڕیوە، هەر لەم بوارەدا توانراوە ١٨ کەس بۆ بەدەستهێنانی دکتۆرا بنێرین کە ٧ یان تەواویان کردووەو لەماستەریش ٨٩ مان ناردووە، ٣٠ یان تەواویان کردووەو بکالیۆریۆس ٨٢ مان ناردووە ١٥ یان تەواویان کردووە دبلۆم ٧١ کەسمان ناردووە ٥٥یان تەواو بووە، ئەمە مژدەیەکی خۆشەو لە هەوڵی ئەوەداین لە پەیمانگا ئیسلامیەکاندا ببن بە میلاکی خۆمان و خزمەت بکەن.

لەلایەکی ترەوە بڕیارمانداوە هەر مزگەوتێك دروست بکرێت پێویستە پابەندی مەرج ڕێنماییەکانی وەزارەتەکەمان بکرێت، خێرخوازەکان لەهەرێمی کوردستان ئیشی باشیان کردووە بەتایبەتی لە شاری هەولێر، هەروەها پێویستە هەموو خێرخوازێك بەڵێنمان بدات کە باپەندی تەواوکردنی مزگەوتەکە بێت، کاتێکیش تەواوی نەکات پێویستە بێتە وەزارەت و ئێمەش دەیدەینە خێرخوازێکی تر و لەگەڵ شارەوانی هاوکاری و هەماهەنگیمان هەیە، لەلایەکی ترەوە پێویستە هەموو خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی مزگەوت هەبێت، هەروەها پرسەمان کردە ٢ رۆژو قورئان خوێن نابێت لە ٥٠ هەزار زیاتر بسێنن و لە ڕێگای یاسایشەوە زەویمان هەبووە، دەستی بەسەردا گیراوەو وەرمان گرتۆتەوە.

*** سەفەرکردنی حەج و ڕێکخستنی ئەو پرۆسەیە بۆ ئەمساڵ بەکوێ گەیشتووە؟ چۆن ڕێگری لەوە دەگرن ئەم مەسەلەیە لە لایەن چەند کۆمپانیایەکی خراپەوە نەقۆزرێتەوەو ئازاری حاجیان و عەمرەچی یەکانیش بدەن؟**

- حەج لەسەر هەموو موسڵمانێك پیاو بێت یا ئافرەت گەر بتوانێت، پێویستە جێبەجێی بکات، بەڵام بۆ عومرە موسڵمانان ئازادن و زیارەتێکە بۆ ماڵی خواو خێری خۆی هەیە تەنانەت ٣ عومرە خێری حەجێکی هەیە بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا، بەڵام ئەوەی عومرە دەکات حەجی هەر لەسەر دەمێنێ، ئەگەر وەکو وتمان توانای هەبوو، بۆ مەسەلەی ڕێکخستنی ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگای کۆمپانیاکانەوە سەفەرکردن رێك دەخرێت و پابەندی چەندین رێنمایی و مەرجن، هەر کۆمپانیایەك ئازاری حاجی و ئەو کەسانە بدات کە بۆ عەمرە دەچن سزای دەدەین و تەنانەت سزاکەش جۆراوجۆرە، کۆمپانیا هەبووە کەمتەرخەم بووە بۆیە ئەمساڵ ڕێگامان نەداوەخەڵك ببات زۆرجاریش سزای دارایی دراون .

ئەم پرۆسەیەش بەشێوەی قورعەو ڕێکوپێك ڕێکخرا تەنانەت ئەو ٢٠٠ کەسە تایبەتەی کە پێشتر رەوانەی حەج دەکرا ئەوەش نەما . شوێنی نیشتەجێ بوون و سەفەرکردنی حاجیەکانیشمان ڕێکخست و دابینمان کرد، ئەمساڵ شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی خۆمان تەنیا یەك کیلۆمەتر لە بەیتەوە دوورن ئەمەش جێی خۆشحاڵی ئێمەیە.

*** وەزارەتەکەتان خاوەنی موڵکێکی زۆری موساتەحەو دوکان و زەوی کشتوکاڵییە ئایا تاچەند توانیوتانە لەو داهاتە سوودمەند بن کە ساڵانە نزیکەی ٢ ملیار دینارە؟**

- داهاتی موساتەحەو ئوتێل و دوکان و زەوییە کشتوکاڵیەکان نرخ و کرێکانمان زیادکردووە، چونکە کرێیەکان نرخێکی کەمە، کەچی خۆیان هەستیان نییە بڵێن با زیادی بکەین ئێمەش لیژنەمان دروستکردوو پێداچوونەوەمان بۆ هەموو ئەو شوێنانە کردووەو نرخەکانمان زیادکردووەو ئەو داهاتەش بۆ خزمەتکردنی مزگەوت و شوێنە ئاینیەکان تەرخانکردووە پارەی وەقف نادرێت بەهیچ شتێکی تر هەر دەبێت بۆ مزگەوت و خوێندن و فەقێ و مامۆستایانی ئاینیە، تەنانەت بۆ ١٣ بۆ ١٥ ساڵ موساتەحە دەدەین و زیاتر موساتەحە نادەین. داهاتی ئەو شوێنانە پێشتر کەم بووە بەڵام ئێستا هەرچەندە بێت بەرامبەر ئەو خەرجییانە نییە کە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی خەرجی دەکات.

*** ئایا وەزارەتی ئەوقاف ٢ ملیار دینار پارەی کارەبا قەرزارە ؟**

- ئەم قەرزە شتێکی سروشتیە کاتی خۆی شوێنە ئاینیەکان پارەی کارەبایان لێ

### پێداچوونەوەمان بۆ هەموو موڵکەکانی ئەوقاف کردووەو نرخەکانمان زیادکردووەو ئەو داهاتەش بۆ خزمەتکردنی مزگەوت و شوێنە ئاینیەکان تەرخانکراووە

### ڕەنگە لە پەرلەمان هەندێك بابەت بێتە پێشەوە پێویستە پەرلەمان گفتوگۆو راوبۆچوونی یەکێتی زانایانی ئیسلام و لیژنەی باڵای فتوا وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەو مشتومڕو ناکۆکی لێنەکەوێتەوە

نەسـەندوون، خۆی لە ئیسلامیشدا ئاوو کارەبا موڵکی گشتیە مزگەوت و شوێنە ئاینیەکانیش شـوێنی گشتیە، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف هەقی خۆیەتـی لەو پارانە عەفـو بکرێت، نابێت لەم گیرفان پارەکە دەربهێنیت و بچێتە ئەو گیرفانە، هەزارەهای ئەو پارەیە بەشی کارەبا ناکات و بە ملیار دۆلار بۆ کارەبا سەرف دەبێت، ئەمساڵیش حکومەتی هەرێم یارمەتی باشی کارەبای داوەو لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری باش دەرچووە بۆ ئەوەی هاوکاری وەزارەتی کارەبا بکرێت تاوەکو کارەبـا بەبەردەوام هەبێت، ئێمـە هەوڵ دەدەین ئـەو پارەیە لەمزگەوتەکان نەسـەندرێت، بەڵام مەجبوریشین لە بودجەی خۆمان دیاری بکەین و پیان دەدەینەوە و زۆریشمان داوەتەوە.

*** خوێندنـی وتـاری هەینـی و ئاینی مامۆسـتایان چۆن ڕێك دەخرێت تاوەکو نەبێتە هۆکارێـك بـۆ توندوتیژیی و بۆ بەمەسـتی سیاسی بەکاربهێنرێت؟**

- ئێمە بەبەردەوام ڕێنماییمان بۆ مامۆستایانی ئاینی بۆ وتـاری هەینی و وتـاری ئایینی

**لە ئیسلامدا ئاوو کارەبا موڵکی گشتیەو مزگەوت و شوێنە ئاینیەکانیش شوێنی گشتیە. بۆیە وەزارەتی ئەوقاف هەقی خۆیەتی لە پارەی کارەبا عەفو بکرێت**

دەرکرتـووەو، بەبەردەوام وتومانە نابێت لە دەقی قورئان دەربچن و بۆچوونی خۆتانی تێ نەکەن، بۆ ئەم مەبەسـتەش ١٤ خاڵمان دەرکردووە کە پێویستە مامۆستا بەڕێزەکان پابەندی بن لەوانە؛ پێویستە پرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو یەکتر قەبوڵکردن لە هەرێمی کوردستان لەگوتاری ئایینی دا ڕەنـگ بداتەوە، مینبەری مزگەوتەکان موڵکی هیچ کەس و لایەنێك و بۆچوونێکی دیاریکراو نییەو دەبێ پەندو ئامۆژکاری لـە وتارەکانی سـەردەمی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) وەربگیرێـت، هـاوکات ئەزمـوون و بەرژەوەندی و خەباتـی میللەتەکەمان ئەرکێکی پیرۆزو گرنگی سەرشـانمانەو ڕۆڵـی بەرچاویشی لەمبارەیەوە ئەکەوێتـە ئەسـتۆی زانایانـی ئایینـی ئیسلام، هاوکات پێویسـتە وتارەکان دوور بێت لە دەمارگیری و مەزهەبـی و تایفەگەری و ڕەگەزیی و پابەندی بڵاوکردنەوەی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و ئافرەت و منداڵ بکات، لە ڕێنماییەکیشدا مەسەلەی گواستنەوەی وتاری هەینی لە کەناڵەکانـی ڕاگەیاندنەوە ڕێکخراوە بەشـێوەیەك مامۆسـتای مزگەوت بۆی نییە ڕێگە بداتـە هەر کەناڵێکـی تەلەفزیۆنی بۆ گواسـتنەوەی وتاری هەینی بێ ڕەزامەندی ڕاگەیاندنی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف یا هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی ئەوقـاف کە لە دەڤەرەکەدا هەیە، خاڵێکی زۆر گرنگیش کە لە ڕێنماییەکان هەیە مەسـەلەی فتوایە بۆیە لە ڕێنماییەکاندا هاتووە مامۆسـتای مزگەوت لەکاتی وتاری هەینی نابێت فتوا بدات چونکە لیژنەی باڵای فتوا لە هەرێمی کوردستان هەیە. ئەمەو چەندین ڕێنمایی تری لەسەر دەرچووە کە هەر هەمووی لە خزمەتی بەرژەوەنی گشتی و ئاینی پیرۆزی ئیسلامدایە.

*** ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە کوردسـتان کراوەتەوە ئایا لە یاسـای وەزارەت و ڕێنماییەکانی وەزارەت ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە بوونیان هەیە؟**

- لە هەمـوو دنیا لەبەرکـردن و خوێندنی قورئان هەیە لەشـارێکی وەکو ئەستەمبوڵ لە تورکیـا کە وڵاتێکی عەلمانییە٥٠٠ شـوێنی لەبەرکردنـی قورئانی پیـرۆز هەیە، لە وڵاتە عەرەبیـەکان و وڵاتانی ئیسـلامی زۆر بایەخ بەمبوارە دەدرێت و ئەرکی هەموو موسڵمانێکە قورئان لەبەر بکات و فێری جوانی خوێندنەوەی قورئان ببێـت، هەروەها لە دەسـەڵاتی وەزیرە بەڕێوەبەرایەتی بکاتـەوە، هەروەها ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف کەنوێنـەری وەزارەتەکانی تری تێدایە و وەزیر خۆی سەرپەرشتی دەکات لەوەشدا بەڕێوەبەرایەتی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزمان پەسـەند کردووە ئێمە لەمـەدا دواکەوتووین، لەمبارەیەوە ئەمسـاڵ خەڵکی خۆمان نارد بۆ بەشداریکردنی کۆنگرەی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە تاران کە ٦١ وڵات بەشدار بوو سوپاس بۆ خوا پلەی سـێیەممان بەدەستهێنا، هەروەها لە ئاستی جیهانی دا کوڕێکی سلێمانی پلەی هەشتەمی بەدەسـتهێنا لە بواری لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزدا .

*** مەسـەلەی زەکات و سـەرفیترە ئایـا لەلایـەن وەزارەتەوە چۆن ڕێکخـراوە؟ پێت وا نییەڕێکخسـتنی ئەمبوارە پێویسـتی بەفتواو یاساو بڕیار هەیە؟**

- ئێمـە چەنـد مانگە پـرۆژەی زەکاتمان ناردووە بۆ سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڵام بۆ پەرلەمانیان بەرز نەکردۆتەوە، هاوکات پرۆژەی ئەنجومەنی باڵای فتوامان ناردووە و سێ دانیشتنی لەئەنجوومەنی شورای وەزارەتی داد بۆ کراوە خۆشم بەشداربووم لە دانیشتنێکدا بەڵام ئەمیش تا ئێستا نەنێردراوە بۆ پەرلەمان. هەردوو پـرۆژەی زەکات و ئەنجومەنی باڵای فتـوا کـە شـارەزایان و پسـپۆران دایانناوەو بەرزکردۆتەوە بەڵام تا ئێسـتا بۆ پەرلەمان بەرز نەکراوەتەوە.

مەسـەلەی زەکات خوا گـەورەی میهرەبان فەرزی کردووەو ئەمەش بەپێی گرانی و هەرزانی ئـەو کەلوپەلەو نرخەکانی بازاڕ زەکاتەکە بەرزو نـزم دەبێتەوە بەتایبەتی نرخی زێڕو گەنم، ئێمە ناتوانین بڕی زەکات و سەرفەترە دیاری بکەین بەڵکـو لیژنـەی فتـوا دیاری دەکات .



## بازیان..

# خانووەکانی تەیناڵ تاپۆیان نییە

بازیان سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانییەو لەساڵانی ١٩٢٠ بۆتە ناحیەو بەیەکێك لە ناحیە کۆنەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، لەکاتی خۆیدا مەلیك مەحمود ماوەیەك لە گوندی دارەکەلی سەر بە ناحیەی بازیان دانیشتووە. سەرەتا سەنتەری ناحیەکە لە شارۆچکەی تەیناڵ بووەو لە پاشاندا بۆ شارۆچکەی بازیان گوازراوەتەوەو سەرۆکایەتی شارەوانی (سەنتەری ناحیەو گۆپاڵ و بەردەقارەمان و تەیناڵ و ئەڵاهی و زیاتر لە ٦٠ گوند کە ٤٧یان ئاوەدانکراونەتەوە) لە خۆ دەگرێت. ژمارەی دانیشتووانی بازیان ٤٠ هەزار کەسە و ڕووبەری سنوورەکەی زۆر بەرفراوانە و خاکێکی بەپیت و بەرەکەتی کشتوکاڵی هەیە، سەرەڕای ئەمەش لە سنوورەکەیدا جۆرەها کانزا هەیە، بەتایبەتی کەرەستە سەرەتاییەکانی چیمەنتۆ و نەوت، هەربۆیە وا پێشبینی دەکرێت ناحیەکە بەرەو شارێکی پیشەسازی بچێت. ئەم ناوچەیە لە سەردەمی حکومڕانی بەعس گرنگی پێنەدراوەو وەکو کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان مامەڵەی لەگەڵ کراوەو لەهەموو کارو پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بێبەشکراوە، لە دوای ساڵی ١٩٩١ ئەو کارو پڕۆژانەی بۆ ئەم سنوورە ئەنجامدراوە لەئاست خواستی دانیشتووانەکەیدا نەبووەو هاووڵاتیان گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان لە کەمی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە.

وەك تیمی (گۆڤاری گوڵان) ناحیەی بازیان و سنوورەکەیمان بەسەر کردەوە، سەرەتا قیرتاوەنەکردنی شەقام و کۆڵانەکانی سەرنجی ڕاکێشاین،دواتر چەند هاووڵاتییەکمان دواند، یەکێك لەهاووڵاتییەکان وتی کەموکوڕیمان لە بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی هەیە بە تایبەتی لە کەمی قوتابخانەو مامۆستاو نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ و پزیشکی ئافرەتان، هەروەها ئافرەتێك گلەیی لە دوکەڵی کارگەکان هەبوو، گلەیی و داواکاری و ڕەخنەکانی خەڵکەکەو چەند پرسیارێکی ترمان لە(ئامانج محەمەد) بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان کرد، لەدووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.







- لە بەردەقارەمان زەوی گەشـتیاریی بەناوی خەڵکی ئاساییەوە کراوەو خانوو و ڤێللای شەخسییان لەسەر دروست کردووە.
- ناوچەی سەوزایی یەکجار کەمەو زۆربەی گەڕەکەکان باخچەیان نییە.
- وێستگەی کارەبای ناحیەکە، پێویستی بەنۆژەنکردنەوە هەیە.
- ڕەوشی خوێندن و پەروەردە لە گوندەکانی سنوورەکە زۆر خراپە.
- فەرمانگـەو یەکـە ئیدارییەکانـی ناحیەکەمان زۆربەیـان بینایەیان نییە.





ئامانج محەمەد بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان بۆ( گوڵان ):

# لە فراوانکردنی بازیاندا کار لەسەر نەخشەیەکی بنەڕەتی کۆن دەکەین

## لەبەرخراپی بینایە قوتابخانەی گوندێکمان داخست

**چەند مەرجێکمان بەسەر کارگەکانی چیمەنتۆدا سەپاندووە**

کاتێك دەگەیتە شارۆچکەی بازیان، ژمارەیەکی زۆر لە کارگەو کارخانە سەرنجت رادەکێشێت، ئەمەش نیشانەیەکە بۆ بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی لەم ناوچەیەدا و هۆکارێکیشە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، بەڵام لەلایەکی ترەوە هۆکارێکە بۆ پیسبوونی ژینگەو کەوتنەوەی دوکەڵ و تەپوتۆز کە ئەوەش بۆتە جێی نیگەرانی دانیشتووانی بازیان و سنوورەکە، سەبارەت بەم گرفتە بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: بوونی چەند کارگەیەك لە سنوورەکە بەتایبەتی هەردوو کارگەی چیمەنتۆی ماس و یەکگرتووی چیمەنتۆی هاوبەشی گوندی هەیاسیە، هۆکارێکی باشن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە سنوورەکەو خەڵکێکی باش کار لەم کارگانەدا دەکەن، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم دوو کارگەیە، ئێمە وەکو یەکەی ئیدارەی سنوورەکە گفتوگۆمان لەگەڵ ئیدارەی ئەم دوو کارگەیە ئەنجامداوەو چەند مەرجێکمان بۆیان داناوەو ئەوەی لەمەولاش کارگە دابنێت، دەبێت هەمان مەرج ڕەچاو بکات، مەرجەکانیش ئەمانەن.

یەکەم- هیچ کارمەند و کەسێك لەم کارگانە دانامەزرێن، ئەگەر لە ڕێگای ناحیەوە نەبێت، کارگەکان داوا دەکەن ئەوەندە کرێکارەو کارمەندەمان پێویستەو ئێمەش ڕایدەگەیەنین و ئاگاداری خەڵکی سنوورەکە دەکەینەوە.

دووەم- کارگەکانی ئەم سنوورە بە تایبەتی هەردوو کارگەکەی چیمەنتۆ تا خەڵکی سنووری ناحیەی بازیان هەبێت، ئەوە خەڵکێکی تر دانامەزرێنن، بەڵام پسپۆڕایەتییەك لە سنوورەکە نەبێت ئەوە خەڵکانی تر لە دەرەوەی سنووری بازیان لەهەر شوێنێك بێت دەتوانن داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەش بکەن.

سێیەم- بۆ پاراستنی ژینگەش چەند مەرج و ڕێنماییەکمان هەیە.

**گرنگی بە باخچەو ڕواندنی درەخت نەدراوە**

هەر سەبارەت بەپیسبوون ژینگەو گرنگی نەدان بەڕواندنی درەخت و دروستکردنی باخچە بەڕێوەبەری ناحیەکە وتی: هەموو کارگەیەك هەرچەندە فلتەری هەبێت و هاوچەرخ بێت، بەڵام بەپێی خەسڵەت و شێوازو جۆری کارەکانی خۆی ژینگەی دەوروبەر پیس دەکات، بۆیە لە بارەی پاراستنی ژینگەوە، لەگەڵ هەردوو کارگەی چیمەنتۆ ڕێککەوتوین کە پابەندبن و هەوڵی جددی بدەن بۆ پاراستنی سنوورەکەو ساڵانە لەسەر بودجەی خۆیان پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە سنوورەکە ئەنجام بدەن، لەم ڕوانگەیەوە کارگەی یەکگرتووی چیمەنتۆی هاوبەش کە لە گوندی هەیاسیەیە ئەمساڵ لە تەیناڵ یاریگایەکی تاتان دروست دەکەن، کارگەی چیمەنتۆی ماسیش هەر ئەمساڵ دوو پڕۆژە ئەنجام دەدات کە یەکێکیان فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی سەنتەری ناحیەکەیەو پڕۆژەکەی تر فراوانکردنی بینایەی قوتابخانەی بنەڕەتی بازیانە، هەروەها ئەو کارگانەو چەند کارگەیەکی تر لە پڕۆژەکانی ساڵی داهاتوویاندا هەڵدەستن بە سەوزکردنی ڕووبەرێکی بەرفراوان لە چەند شوێنێکی سنوورەکە کە ئەم سەوزکردنە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی ژینگەی سنوورەکە، هەروەها لە کاتی دامەزراندنی ئەو کارگانەی چیمەنتۆ کێشەی زەویو زار لە نێوان کۆمپانیاکان و جووتیارانی گوندەکان هەبوو، بەڵام کۆمپانیاو خاوەنی کارگەکان جووتیارەکانیان بە پارەیەکی باش قەرەبوو کردنەوە، تەنیا کارگەکەی چیمەنتۆی گوندی هەیاسیە نزیکەی ٧ ملیون دۆلار قەرەبووی بە جووتیارەکان داوە.

**داواکارم لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە ماستەرپلانی ناحیەکەمان بۆ بخەنە ناو پلانەکانیان، وەکو پڕۆژەیەکی گرنگ و سەرەکی تەماشای بکەن**

**سووتانی نەوتەکە**

**خەڵکی مافی خۆیەتی گلەیی بکات**

سەبارەت بە دوکەڵی سوتانی نەوت کە لەکاتی تێستکردن بیرە نەوتەکان دەکەوێتەوە ئەوە بۆتە جێی گلەیی لەلای هاووڵاتیان؛ بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: ماوەیەکە دوو کۆمپانیا لە سنوورەکە بە دوای نەوتی خاو دەگەڕێن و دوو بیرە نەوتیان لە سنوورەکە دۆزیوەتەوە کە چۆتە قۆناغی پاککردنەوەو تاقیکردنەوەوە، لە ئەنجامی ئەوەشدا هەفتانە جارێك یا دووجار یا مانگی جارێك یا دوو سێ مانگ جارێك ئەو نەوتەی دەری دەهێنن بۆ تێستکردن دەسووتێنرێت، لە ئەنجامی ئەمەش دوکەڵ ئاسمانی سنوورەکە دادەپۆشێت، خەڵك مافی خۆیەتی لەمبارەوە گلەیی بکات، بەڵام لەقۆناغی دەرهێنانی نەوتەکەدا ناتوانین پێش لەم کارو تاقیکردنەوانە بگرین، چونکە ئەمە پێویستی کارەکەیە بێ ئەو سووتاندنەش کار و ئیشەکانیان ناکرێت و ناتوانرێتیش ئەو تێستانە بگوازرێتەوە یا بۆ کاتی تر دوا بخرێت.

# بازیان بەرەو شارێکی پیشەسازی دەچێت، بەڵام بێ ماستەرپلانە

## ماستەرپلانمان نییە بۆ فراوانکردنی شارۆچکەکە

سەبارەت بەوەی کە ماستەرپلان بۆ گەشەکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و گەورەبوون و بەرفراوانبوونی هەموو شارو شوێنێك پێویستە، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: ناحیەی بازیان ماستەرپلانی بۆ کار و پڕۆژەو بەرفراوانکردنی شارۆچکەکە نییەو ئێستا ڕەچاوی ئەو نەخشە بنەڕەتییە دەکەین کە چەندین ساڵە هەیە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین و داواکارم لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە ماستەرپلانی ناحیەکەمان بۆ بخەنە ناو پلانەکانیان و وەکو پڕۆژەیەکی گرنگ و سەرەکی تەماشای بکەن و پەلە لە جێبەجێکردنی بکرێت، لە لایەکی ترەوە نەك تەنیا سەنتەری ناحیەکە، بەڵکو شارەوانیەکانی تری سنوورەکەش پێویستیان بە ماستەرپلان هەیە، هەروەها لە تەیناڵ خانووەکانیان تاپۆی نییە و کووژاندنەوەی زەویشیان بۆ نەکراوە لە هەندێ شوێنی ناحیەی بازیان و سنوورەکەش کوژاندنەوەی زەوی کراوە، بەڵام ناتوانرێت کارو پڕۆژە لەسەر ئەم زەویانە ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی زەوییەکان قەرەبوو نەکراونەتەوە.

لە لایەکی ترەوە لە سنووری ناحیەکەمان نەتوانراوە کێشەی کرێچیایەتی بنبڕ بکرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەوکێشەیە تاکە ڕێگا ئەوەیە دەستەی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت لە سنوورەکە یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکەن. هەر کۆمپانیایەك بۆ ئەو مەبەستە داوای هاوکاری و پاڵپشتی بکەن، ئێمە وەکو یەکەی ئیدارەی سنوورەکە ئامادەین پشتگیرییان لێ بکەین.

## کۆڵان و شەقامەکان قیرتاوو کۆنکریت نەکراون

سەبارەت بە قیرتاوو کۆنکریت نەکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکان و سەنتەری ناحیەکە کە لە وەرزی زستان و باران باریندا کێشەو گرفتی زۆر بۆ دانیشتووانی گەڕەکەکان دروست دەکات؛ بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: کۆڵان و شەقامەکانی گەڕەکەکانی سەنتەری ناحیەکە کە خۆی لە شەش گەڕەك دەبینێتەوە قیرتاوو کۆنکرێت و شۆستەیان بۆ نەکراوە و ئەمەش نەك لە وەرزی زستان، بەڵکو هەموو کاتێك لەهاتوچۆکردن کێشەو گرفت بۆ خەڵکەکە دروست دەکات و هۆکارێکە بۆ بێزاربوونی دانیشتووانی ناحیەکە، بۆیە بڕیارە ئەمساڵ لەسەر بودجەی پەرەپێدان دوو ملیار دینار بۆ ناحیەی بازیان و سنوورەکەی دانراوە و لەم بودجەیەش بڕی ٩٧٢ملیون دینار تەرخانکراوە بۆ قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردنی کۆڵان و شەقامەکانی ناو گەڕەکەکانی سەنتەری ناحیەکەو بڕێك لە بودجەی پترۆ دۆلاریش تەرخان کراوە بۆ کێشەو گرفتی خزمەتگوزارییەکان و قیرتاوو کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکانی سنووری ناحیەی بازیان.

هەروەها لە تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکانیش کێشەو گرفت هەیەو پێویست بەوە دەکات بخرێتە کارو بەرنامەی وەزارەتە پێوەندارەکان و چارەسەری بکەن.

## پێویستە پردی پەڕینەوە لەسەر ڕێگای سەرەکی ( سلێمانی- کەرکوك) دابنرێت



ڕێگای نێوان کەرکوك — سلێمانی بەجێگایەکی سەرەکی و قەڵەباڵخ دادەنرێت، بەڵام زۆر لەشارۆچکەکانی بازیان کەوتوونەتە سەر ئەم ڕێگایە بەتایبەتی هەردوو بەشی تەیناڵ، بۆیە چەندین کارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێل روویداوە لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: پەڕینەوەی خەڵك بەتایبەتی خەڵکی سنوورەکە لە ڕێگا سەرەکییەکەی نێوان (کەرکوك — سلێمانی) زۆر زەحمەت و ناخۆشەو ڕۆژانە چەندین کارەساتی جەرگبڕی لێ ڕوودەدات،، ئەوەش بە دروستکردنی دوو یان سێ پردی پەڕینەوە لە سنوورەکەدا چارەسەر دەبێت، واباشترە پردێکیان لە نێوان هەردوو بەشی شارۆچکەی تەیناڵ دا بێت.

## زبڵوخاشاك بەشێوەیەکی کۆن و تەقلیدی کۆدەکرێتەوە

سەبارەت بە کۆکردنەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشاك لە سەنتەری ناحیەکەو سنوورەکەدا بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: شارەوانییەکانی سنوورەکە بە کاری کۆکردنەوەو خۆرزگارکردنی زبڵوخاشاك هەڵدەستن و ئەو سیستەمەی بەکاری دەهێنن زۆر کۆن و تەقلیدیە و پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، لە لایەکی ترەوە کار و سیستەمەکە لاوازی و سیستی پێوە دیارە، چونکە شارەوانییەکان ئامێرو کرێکاریان کەمە، بۆ سیستەمێکی باش و چارەسەرێکی گونجاو پێویست بەوە دەکات کاری پاککردنەوەی ناحیە و سنوورەکە بدرێت بە کەرتی تایبەت و بۆ خۆ رزگارکردنیش لە زبڵوخاشاکە پێویستە لە لایەن حکومەت و وەزارەتی شارەوانی نەك تەنیا بۆ بازیان بەڵکو بۆ هەموو شارو شارۆچکە و شوێنێك کارگەی ڕیسایکلین دابنێن یا لە ڕێگای کۆمپانیاوە ئەم پڕۆژەیە ئەنجام بدرێت، چونکە بەم کارە دەتوانرێت پارێزگاری لە ژینگەی هەرێمی کوردستان بکرێت و سەرەڕای ئەمەش تا ئێستاکەش لە ناو شارۆچکەکانی سنوورەکە خەڵك خەریکی ئاژەڵدارییە، بێگومان جگە لەوەی هۆکارێکە بۆ پیسبوونی ناحیەکە و شارۆچکەکان، هاوکات دیاردەیەکی قێزەوەنە لە ناو شارۆچکەکە و هۆکارێکی بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش و تووشبوون بە چەندین نەخۆشییە، بۆیە شارەوانی هەوڵیداوە ئەم دیاردەیە چارەسەر بکات و بە خێوکردنی مەڕومالات لە ناو شارۆچکەکانی سنوورەکە بە تایبەتی لە سەنتەری ناحیەکە دوور بخاتەوەو بچێتە دەرەوەی شارۆچکەکان. بۆ باشترکردن و پاراستنی ژینگەی سنوورەکەو ناو سەنتەری ناحیە و گەڕەکەکان پێویستە ڕووبەری سەوزایی زیاد بکرێت و ژمارەیەك باخچە و پارك دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێستا زۆربەی گەڕەکەکان باخچەیان نییە و ناوچەی سەوزایش یەکجار کەمەو بە پێی ڕێنمایی و مەرجەکانی شارەوانی نییە و ڕەچاوی بنەما و ڕێژە و ستانداری ڕاستەقینەی جیهانی نەکراوە، بۆیە ئەمەش کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و جەستەیی هەموو دانیشتووانەکە هەیە، بەتایبەتی منداڵان و بەساڵاچووان.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە ڕاشکاوانە بڵێم: زۆر پێویستە وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی

**زۆر پێویستە وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار سەردانی ناحیەی بازیان و سنوورەکەی بکەن**

شارەوانی و گەشتوگوزار سەردانی ناحیەی بازیان و سنوورەکەی بکەن و بەچاوی خۆیان کێشەو کەموکورییەکانی بواری شارەوانی ببینن و بەرنامەو پلانێکی بۆ دابڕێژن و لە ساڵانی داهاتوودا دەست بە چارەسەری ئەو کەموکوڕیانە بکەن.

### کێشەی وێستگەو دابەشکردنی کارەبای گوندەکانمان هەیە

سەبارەت بەبواری کارەبا کە لە ناحیەی بازیان کێشەی وێستگەو تۆڕی دابەشکردنی کارەبای گوندەکان و ڕووناکی ناو سەنتەری ناحیەکەو سەلەی کارەبا هەیە بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان لەمبارەیەوە وتی: کێشەمان لە وێستگەکەی ناو بازیان هەیە کە ساڵی ١٩٨٠ دروستکراوە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، هەرچەندە دوو، سێ جاری تر نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام بۆ باشترکردنی کارەبای بازیان بڕیارە هێڵی ١٣٢ کەی ڤی لە چەمچەماڵەوە بە هەر دوولای ڕێگای سەرەکی چەمچەماڵ- سلێمانی بۆمان بێت، گەرچی لەمبارەوە کێشە لەسەر زەوی ئەو جووتیارانە هەیە کە تاوەرەکانی لێ دادەنرێت، پاش چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەست دەکرێت بە پرۆژەی ١٣٢ کەی ڤی، هەروەها کێشەمان لە تۆڕی کارەبای گوندەکان هەیە کە لە ساڵی ١٩٩٠ دروستکراوەو پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، هاوکات سەنتەری ناحیەکە و شارۆچکەکانی سنوورەکە پێویستیان بە پرۆژەی ڕووناککردنەوەیە، هەروەها کەموکوڕیمان لە کەمی ئامێر و کارمەند و کرێکاری کارەبا هەیە بە تایبەتی سنوورەکە زۆر پێویستی بە سەلەیەکی کارەبایە.

## کەموکووڕیی لە کەمی ئامێرو کارمەندو کرێکاری کارەبا هەیە

### کێشەی میلاکاتی مامۆستامان هەیە

سەبارەت بەوەی کە بازیان و سنوورەکە کەموکوڕی زۆرە لە بواری پەروەردەدا بەتایبەتی لە کەمی بینایەی قوتابخانەو میلاکات و گوندەکانیش لە بینایەی خشت و قوڕدان یا لە خانووی کرێدان بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: بینایەی قوتابخانەمان زۆر کەمە، هەر بۆیە زۆربەی دەوامەکانی ناحیەکەو شارۆچکەکان دوو دەوامی و سێ دەوامین و پۆلەکانی خوێندن لەگەڵ سیستەمی تازەی پەروەردەی هەرێم ناگونجێت، چونکە پۆلەکان زۆر قەرەباڵغن و کەموکوڕییەکی زۆریش لە میلاکاتی مامۆستادا هەیە بەتایبەتی وانە زانستییەکان و لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا یەك بینایەی قوتابخانە بۆ بازیان دروستکراوە، هەروەها ڕەوشی خوێندن و

## قوتابخانەی ئامادەیی و دواناوەندیی لە تەیناڵ نییەو قوتابیانیان بە پێیان دەچن بۆ شارۆچکەی تر

پەروەردە لە گوندەکانی سنوورەکە زۆر خراپە، لەبەر ئەوەی بینایەی قوتابخانەکان لە خشت و قوڕ دروستکراوە یا لە خانووی کرێدان و ئەمساڵ لەبەر خراپی بینایە قوتابخانەی گوندێکمان داخست، چونکە دەترساین بەسەر قوتابی و مامۆستایاندا بڕووخێت، شارۆچکە هەیە وەکو تەیناڵ لە سنوورەکە تا ئێستا قوتابخانەی ئامادەیی و دواناوەندی نییەو قوتابیانیان بە پێیان دەچن بۆ شارۆچکەی تر، هەر لەبەر ئەمەشە ئەوە ماوەی ٧ساڵە بەبەردەوامی قوتابیانی تەیناڵ خۆپیشاندان دەکەن و دێنە سەر شەقام، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەو بەدواداچوونی مەیدانیی داواکارم لەوەزیری پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی سەردانی ناحیەی بازیان و سنوورەکەی بکەن، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بزانن و ببینن کێشەو گرفتەکانی ئەو ناحیەو سنوورە چییە، هەروەها بەشی ئەندازەی وەزارەت تەفعیل بکەن بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوو بینایەی (١٨ و ٢٧)پۆلی بۆ خزمەتی پەروەردەی سنوورەکە دروست بکەن.

### نەخۆشخانەی بازیان کۆنەو بچووکە

سەبارەت بەوەی کە ناحیەی بازیان کەموکوڕی زۆرە لە بواری تەندروستی و تا ئێستاکە نەخۆشخانەیەکی کۆنی هەیە و پزیشکی ئافرەت و پسپۆڕو نەشتەرگەری لێ نییەو حکومەت لەمبوارەدا ئاوڕیان لێ ناداتەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: نەخۆشخانەی بازیان کۆنەو بچووکە و توانای چارەسەر و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ژمارەی دانیشتووانەی نییە کە ئێستا لەبازیان هەیە، هەروەها پزیشکی ئافرەت و پسپۆڕو نەشتەرگەریمان لە نەخۆشخانەکە نییە، بۆیە لەزۆر حاڵەتدا نەخۆشەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێن و چەندینجار داواکراوە کە نەخۆشخانەیەکی گەورە لە تایپی A یا ٥٠ قەرەوێڵەیی بۆ ناحیەی بازیان دروست بکرێت، بەڵام تائێستا وەزارەتی تەندروستی وەڵامی نەداوینەوە، هەروەها پێویستمان بە سەنتەری فریاگوزاری هەیە لەسەر ڕێگا سەرەکییەکە، چونکە ڕۆژانە لەسەر ئەم ڕێگایە ڕووداوی هاتوچۆی دڵتەزێن ڕوودەدات، هەروەها لەهەموو گوندەکانی سنوورەکەدا بنکەی تەندروستی نییە، تەنیا لەو گوندانە هەیە کە قەرەباڵغو سیستەمی ئەو بنکانەش کۆنن و تەنیا لەحاڵەتی سەرەتایی و فریاگوزاری سوودی لێ وەردەگرن، لێرەدا داوا دەکەم لە وەزیری تەندروستی سەردانی بازیان بکات و چی بۆ هەڵەبجەو هەورامان و دەربەندیخان کردووە ئاواش کارو پرۆژە بۆ ناحیەی بازیان و سنوورەکەی بکات.

### بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشتوگوزارو شوێنەوار کەمتەرخەمن

سەبارەت بە گەشتوگوزارو شوێنەوار لەناوچەکەدا بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: گەشتوگوزارو شوێنەوار لەلایەنی ئابوورییەوە کاریگەرییەکی زۆرو ڕاستەوخۆی لەسەر زیادکردن و بەرەوپێشەوەبردنی بودجەو داهات هەیەو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئەوە هۆکارێکە بۆ دروستبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکان و پردێکە بۆ لێك تێگەیشتن و نزیکبوونەوەی وڵاتان بە تایبەتی لەلایەنی کەلتوور میژوو، بەڵام دەبێت بەجددی و بەردەوام کارو پرۆژە لەم بوارانە ئەنجام بدرێت، لە بواری گەشتوگوزاری لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە لەلایەن حکومەتی کوردستان و لایەنی پێوەندار هەوڵدرا ئەو بوارانە پێش بکەوێت و کاریشیان بەپێی توانا بۆ کردووە، بەڵام ئەو کارو پرۆژانە زۆر کەمەو لە ئاستی ئەو دوو بوارە گرنگە نییە، واتە حکومەتی کوردستان و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی گەشتوگوزار کەمتەرخەمن و هەوڵیان نەداوە بەپێی پێویستی و داواکاری ئەم دوو بوارەوە کارو پرۆژە ئەنجام بدەن، هەر بۆیە گەشتوگوزار لە کوردستان لە قۆناغێکی سادەو سەرەتاییدایەو گەشتیاران گلەیی زۆریان هەیەو لە بواری شوێنەواریش کەمترین کاریان کردووە، لە لایەکی ترەوە لە سەر شوێن و زەوی گەشتیاری کێشە زۆرە، لە سنووری ناحیەی بازیان و لە بەردەقارەمان کە شوێنەوارێکی میژووی لێیە بە شێوەیەکی زۆر سادە نۆژەنکراوەتەوەو زەوی گەشتیاری لە بەردەقارەمان بەناوی خەڵکی ئاساییەوە کراوەو

## لە بازیان هیچ کارو پرۆژەیەکی گەشتوگوزارو شوێنەوار ئەنجام نەدراوە

ئەوانیش باخ و خانوو و ڤێللای شەخسیان لەسەر دروستکردووە، ئەگەر لایەنی پێوەندار ئەو زەوییانە لەو خەڵکانە وەربگرێتەوە ئەوە کارێکی زۆر زەحمەت و ئیجرائاتی وەرگرتنەوە زۆر گران و قورس لەسەریان دەوەستێتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە لایەنی پێوەندیدار پێداچوونەوە لە بواری گەشتیاری بکاتەوەو لە ڕێگای داواکاری گشتییەوە سکاڵا لەبارەی ئەو زەوییە گەشتیارانەی بەردەقارەمان بۆ وەرگرتنەوەو چارەسەرکردنیان تۆمار بکەن، ئێمەش وەکو یەکەی ئیداری و ڕاپەڕاندنی کارەکان ئامادەین هاوکاریان بکەین، لە لایەنی گەشتیاری، بە تەئکید لە بارەی گەشتوگوزارو شوێنەوارەوە لە سنووری بازیان هیچ کارو پرۆژە ئەنجام نەدراوە.

# پێویستە وەزارەتی تەندروستی کارو پڕۆژە بۆ ناحیەی بازیان و سنوورەکە بکات

### پڕۆژەی ئاودێری لە سنوورەکە نییە

کەرتی کشـــتوکاڵ یەکێکە لەو بوارانەی لە هەموو هەرێمی کوردســـتان گرنگی و تایبەتی خۆی هەیـــە و خەڵك و جووتیـــارو حکومەت لە هەوڵی ئەوەدان ســـاڵ لە دوای ســـاڵ پێش بکەوێت، بەڵام لە لایـــەن جووتیاران لە هەموو شـــوێنێك گلەیی و گازندە زۆرە لەسەر کەمی پـــڕۆژەو هـــاوکاری لایەنـــی پێوەندیـــدار بۆ جووتیاران، لەمبارەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: وەزارەتی کشـــتوکاڵ لەم سنوورەدا بە پێی پێویســـت کاری نەکردووەو پڕۆژەی ئاودێری لە ســـنوورەکەدا نییەو تاکە یەك بەنداویش دروست نەکراوە، کە ئەمە هۆکارو پڕۆژەیەکی زۆر باش و گەورەیە بۆ گرنگیدان بەبواری کشـــتوکاڵ، بەڵام لەبواری پڕۆژەی خانووی پلاســـتیکییەوە هاوکاریەکی باشی جووتیاران کراوە، گەرچی ئەم پڕۆژەیەش ســـوودی زۆری بۆ جووتیاران نییە، چونکە لە وەرزی پێگەیشـــتنی بەروبوومەکان لە هەموو ســـنوورەکان بەروبوومی بیانی دێتە بازاڕەکان و بەروبوومی خۆشـــمان ڕەواجی کەم دەبێتەوە و نرخەکەشـــی زۆر دادەبەزێت، بەمەش جووتیارەکان قازانج ناکەن و بە پێی ماندووبوون و خەرجیەکان دەستکەوتیان نابێت، بۆیە پێویستە لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆمان لەسنوورەکان ڕێگا لـــە بەرهـــەم و میوەو ســـەوزەی دەرەوە بگیرێت، بۆ گرنگیدان و بەرەوپێشـــەوەچوونی کەرتی کشتوکاڵی پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ساڵانە کۆنفرانسی زانستی بە بەشـــداری شارەزاو پســـپۆڕانی جیهانی لە بواری کشـــتوکاڵی ببەستێت و هەنگاو و کاری پراکتیکی بنێت و خول و ســـیمینار بۆ جووتیارو خاوەن پڕۆژەکان بکاتەوە.

### دەسەڵاتی داراییمان نییە

ســـەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری و دارایی و کێشـــە و گرفتـــەکان لەم لایەنانەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: هەق نییە ئەم بڕیارەی دابەزاندنی دەسەڵات کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنـــی وەزیران دەرچووە بەم شـــێوە بێت و ئاوا فەرامـــۆش بکرێت، چونکـــە دابەزاندنی دەسەڵاتەکە وەکو بڕیار و نووسراو دەرچووە، بەڵام تا ئێســـتا کاری پێ نەکراوە و جێبەجێ نەکراوە، هۆکارەکەش بۆ نەبوونی دەســـەڵاتی دارایی و ڕێنمایەکانی دارایی دەگەڕێتەوە، هەروەها هیچ بودجەیەك لەبەردەستی ئێمە نییە بۆ ئەنجامدانی کارو پڕۆژەیـــەك، ئەگەر بێتوو ئەم کارو پڕۆژیە بچوکیـــش بێت، لـــە لایەکی تـــر بڕیاربوو ئەو بودجەی بـــۆ خەرجی ناو یەکە ئیداریەکە پێمان دەدەن ئەوە پێشـــینەیەکی بەردەوام بێت کە ئێمە بتوانین مانگانە بە پێی کارو پێویســـتی دوو تا سێ جار داوای بکەین، بەڵام ئەوەشیان جێبەجێ نەکرد و دەســـەڵاتەکەیان لەم لایەنەشەوە تەسك کردەوە کە دەتوانین تەنیا بودجەکە لە چەند بوار و لایەنێـــك خەرجی بکەین، ئەمـــەش تەنیا بۆ خەرجکردنی ناو یەکە ئیداریەکەمانە.

### زۆر کەم گرنگی دراوە بەگەنجان

لە کۆتایدا بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی: لە بواری گەنجـــان و وەرزش زۆر کەم گرنگی دراوە بە سنووری بازیان و تیپێکی دوو گۆلی لە ناحیەی بازیان هەیە لەبەر نەبوونی ئیمکانیات ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ بـــەرەو دواوە دەچێـــت و یاریگایەکمـــان هەیە لەبەر هەمان هۆ ناتوانرێت خزمـــەت بکرێت و ســـەنتەری ڕۆشـــنبیری و کتێبخانەمان لە سەنتەری ناحیەکە هەیە، بەڵام چالاکـــی ئەو ســـەنتەرەش زۆر کەمە بە هۆی کەمی بودجە و ئیمکانیات، هەروەها فەرمانگە و یەکـــە ئیدارییەکانی ناحیەکەمـــان زۆربەی بینایەی نییە و هەندێکی لە خانووی کرێدان و هەندێکیشیان لە بینایەی بچوك و خراپدان. بۆیە پێویستە حکومەت و لایەنی بەرپرسی ئەم کارو بوارانە بۆ چارەســـەرکردنی کێشەکانمان هەوڵی جددی بدەن..

